پەیدابوونی ڕەخنەی ئەدەبی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا
تا جەنگی گێتیی یەکەم

عەبدوڵڵا یاسین ئامێدی



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری
*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر
س. پ. ژمارە: ١
www.araspublisher.com



PDF4Kurd

# پەیدابوونی ڕەخنەی ئەدەبی
# لە شیعری کلاسیکی کوردیدا

تا جەنگی گێتیی یەکەم

عەبدوڵڵا یاسین ئامێدی



ناوی کتێب: پەیدابوونی ڕەخنەی ئەدەبی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا تا جەنگی گێتیی یەکەم
دانانی: عەبدوڵڵا یاسین ئامێدی
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٢٠٥
دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد حەبیب
دەرهێنانی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
خۆشنووسیی بەرگ: محەمەد زادە
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل - لوتفی عەبدولفەتاح
هەڵەگریی سەر کۆمپیوتەر: دلاوەر صادق
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم - چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر- ٢٠٠٣
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٢٨٩)ی ساڵی ٢٠٠٣ی دراوەتێ



PDF4Kurd

# ناوەرۆک


پێشەکی ............ 6
بەشی یەکەم: هەڵسوکەوتی ڕەخنەی ئەدەبی ............ 8
أ- ١. لە ڕووی زمـــانەوە ............ 8
٢. لە ڕووی زاراوەوە ............ 11
ب- مەبەست لە پەیدابوونی ڕەخنە لە شیعری کلاسیکیدا چییە؟ ............ 14
ج- سەرەتاکانی ڕەخنە لە شیعری کلاسیکیدا ............ 32
بەشی دووەم: ڕەخنەی ئەدەبی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا ............ 36
لە سەدەی شازدەم- هەژدەم ............ 40
مەلای جزیری ............ 40
ئەحمەدی خانی ............ 52
بەشی سێیەم: ڕەخنەی ئەدەبی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا
لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەم ............ 63
نالی ............ 63
سالم ............ 78
کوردی ............ 82
مەولەوی ............ 84
بەشی چوارەم: ڕەخنەی ئەدەبی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا
لە نیوەی سەدەی نۆزدەم- سەرەتای سەدەی بیستەم ............ 89
حاجی قادری کۆیی ............ 89
شێخ ڕەزا ............ 100
مەحوی ............ 104
میسباح الدیوان ............ 109
ئەنجام ............ 112
سەرچاوەکان ............ 114




# پێشەکی

- هەر کە لە خوێندنی باڵا وەرگیرام لە کۆلێجی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین، چەند بابەتێک لە مێشکم خۆیان حەشار دابوو، لە کۆتاییدا دوای ئەوەی ڕای د. مارف خەزنەداری سەرپەرشتکارم وەرگرت، لەسەر ئەوە ڕێککەوتین کە لەسەر سەرەتاکانی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی بنووسم، چونکە مەیدانی ئەم دیراسەیە هێشتا چۆڵە.
- نامەکە بریتییە لە پێشەکی و چوار بەش و ئەنجام، لە بەشی یەکەمدا بەشێوەیەکی گشتی باسی ڕەخنەم کردووە، بەکورتی باسی واتای فەرهەنگی و زاراوەیی ڕەخنەم کردووە. ئەو پێناسانای بەکوردی و عەرەبی نووسراون پەنجەم بۆیان ڕاکێشاوە و چاکترینیانم دەستنیشان کردووە. لە دوای ئەمە چوومەتە قووڵایی مەبەست و سەرەتای ڕەخنەم لە شیعری کلاسیکیدا دیاری کردووە و دەرکەوتووە کە ڕەخنە لەگەڵ شاعیرەکاندا سەری هەڵداوە و لە شیعرەکانیاندا بەکاریان هێناوە.
- ئینجا چوومەتە سەر باسکردنی سەرەتا سادەکەی ڕەخنە لە ئەدەبی گریکی و عەرەبی و کوردی، هەرچەندە ئەم سەرەتایەش کرچ و کاڵە، بەڵام پشتی پێ دەبەسترێ و هەر شاعیرێک چەند بەیتێکی لەم بارەیەوە هەیە.
- بۆ سەلماندنی ئەم ڕایەش لە ئەدەبی عەرەبیدا چەند نموونەیەکم هێناوەتەوە و کردوومەتنە پاڵپشتی ئەم جۆرە ڕەخنەیە لە ئەدەبی کوردیدا.
- سێ بەشەکەی تریشم تەرخان کردووە بۆ سەرەتای ڕەخنەی ئەدەبی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا؛ هەر لە سەرەتای سەدەی شازدەمەوە تا سەرەتای سەدەی بیستەم. لە مەلای جزیرییەوە دەستم پێکردووە و بە(میسباح الدیوان) کۆتاییم هێناوە. ئەوەشم دەستنیشان کردووە کە ڕەخنەی ئەدەبی کوردی وەکو ڕەخنەی ئەدەبیی گەلانی تر بەدیار کەوتووە و بووەتە سەرەتا و بنەما بۆ ڕەخنەی کوردی.
- لە لێکۆڵینەوەکەشدا هەر دێڕێک خرابێتە بەردەست، ئەوا لە دیوانە هەرە نوێ و ڕاستەکە وەرگیراوە بۆ ئەوەی هیچ گومانێ لە ڕاستی و دروستی دێڕەکەدا نەبێت.
- هەروەها لە سەرەتای باسی هەر شاعیرێکدا کورتەیەکم لە ژیانی خستۆتە ڕوو بۆ دیاریکردنی ئاست و کاتی باسەکە.
- دەربارەی سەرچاوە عەرەبی و کوردییەکان کە پێوەندییان بەم بابەتەوە هەیە لە پەنجەی دەست تێنەپەڕیون و کەمن، بەڵام سەرەڕای ئەمەش هەوڵی ئەوەم داوە کە هەر سەرچاوەیەک بەئاستەم پێوەندیی لەگەڵ ئەم بابەتەوە هەبێ بیخەمە ڕوو و سوودی لێ وەربگرم.



PDF4Kurd

- بەداخــەوە دەڵێم زۆر هەوڵم دا کــە هەندێ گــۆڤــار و ڕۆژنامــەکــانی پێش ســاڵی(١٩٢٠)م بەدەست بکەوێ، چونکە چەند گـوتارێک دەربارەی شـاعــیـرە کلاسیکییەکانی تێدایە، بەڵام بێ سوود بوو نەمتوانی بیان گەمێ و تۆماریان بکەم.
- هەندێ زانیاری هەنە کە لە سەرچاوە کوردییەکانم وەرگرتووە و ئەوانیش لە بنەڕەتدا لەسەرچاوەی عـەرەبییـان وەرگرتووە، منیش هەر سەرچاوە کـوردییەکانم هێشتەوە، چونکە زیاتر و خەستتر بۆ مەبەست چووبوون.
- لە کـۆتاییـدا نابێ ئەو یارمـەتییــە بێ وێنە و بێ پایانەی د. مـارف خـەزنەداری مامۆستا و سەرپەرشتکارم لە بیر بکرێت کە لە هەموو کۆسپێکدا ڕابەر و دەستگرم بووە بۆ ئەوەی نامـەکە بەشێوەیەکی پوخت بێتە ئەنجام و کەلێنێک لە کـتێبخـانەی کوردی پڕ بکاتەوە.
- هەروەها دەمـەوێ ناوی ئەو کـەسـانەی کـە بەکـتێب یاخـود بەهەر یارمـەتییـەک و کارئاسانکردنێک یارمەتییان داوم بەچاکە بهێنم و، لە دەروونەدا شوێنی شیاویان بۆ بکەمەوە، بەتایبەتی مامۆستا ڕەشید فەندی و برای بەڕێزم ئیبراهیم ئەحمەد شوان و کاک دڵشاد عەلی، خوا وێنەیان زۆر بکات و پاداشتیان بەچاکە بداتەوە.
- هیـواشم وایە کە نامـەکەم جێی ڕەزامەندیی پسپـۆڕان و ڕۆشنبیران و هەموو گەلەکەم بێت. ئاواتەخوازیشم دڵ و دەروونی ئێوە لە لەبیرچوون و هەڵەی نائەنقەست ببوورن، ئیتر هەر شادبن.



## بەشی یەکەم

### هەڵسوکەوتی ڕەخنەی ئەدەبی

أ- لە ڕووی زمانەوە، لە ڕووی زاراوەوە.
ب- مەبەس لە پەیدابوونی ڕەخنە لە شیعری کلاسیکیدا چییە؟
ج- سەرەتاکانی ڕەخنە لە شیعری کلاسیکیدا.

**هەڵسوکەوتی ڕەخنەی ئەدەبی:**

ڕەخنەی ئەدەبی بەشێکە لەو چەند زانستەی کە بەهەموویان دەگوترێت ئەدەبیاتناسی و گرنگترینیان مێژووی ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەب و تیۆری ئەدەبین.

کـەواتە ڕەخنەی ئەدەبی لقێکە لە ئەدەبیـاتناسی هەر نەتەوەیەکی کـە خـاوەن ئەدەب بێت و زانســتێکە قـالبی خـۆی هەیە و جیــاوازە لە بەشـەکـانی تر، چونکە سنووری تایبـەتی لە ئەدەبیـاتناسیــدا هەیە، بەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا لەناو گـەلێک مـیللەتی ڕۆژهەڵاتدا تا ئێستا سنوورێک بۆ ئەم بەشانەی ئەدەبیاتناسی دانەنراوە.

بۆیە ئەم دیاردەیە بەدی دەکــەین لەناو ئەدەبی مــیللەتەکــەمــاندا. کــە جــۆرە تێکەڵکردنێک هەیە لە نێوان ئەو سێ بەشەدا. جا بۆ دیارکردنی سنووری ئەم زانستە دەبێ لە بنج و بناوانەوە باسی بکەین و شـوێن و جـێگەی لەو ناو ئەدەبیـاتناسیـدا ئاشکرا بکەین. بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەستی سەرەوە، چەند لایەنێکی ڕەخنەی ئەدەبی باس دەکەین کە ڕاستەوخۆ پێوەندییان لەگەڵدا هەیە.

**(-أ) ١- ڕەخنە لە ڕووی زمانەوە (مانای فەرهەنگییەوە):**

گـریکەکـان بنەڕەت و بناغـەکانی شارسـتـانەتیی ڕۆژاوایان لە فـەلسـەفـە و هونەردا دامەزراندووە و هەر ئەوانیشن بنەڕەت و بنکەکانی ڕەخنەیان داناوە.

وشـەی ڕەخنە یان (کریتیک) لە وشـەی (Kritike)ی گریکەکانەوە (یۆنانی کۆن) هاتووە.(وشـەکـەیش لە بنەڕەتە کـۆنەکـەیدا پێکەوە دوو مـانا دەبەخـشـێت. مـانای جیاکردنەوە ، واتا شیکردنەوە مانای حوکم دان یا هەڵسەنگاندن).(١)

هەروەها وشـەی ڕەخنە لە زمـانی گریکی کۆندا، لە کۆنەوە بیـرکردنەوەی ئەوروپایی دەربارەی ئەرکی ڕەخنە بەڕەنگی خـۆی ڕەنگ کـردووە. ئەم وشـەیە بەم شـێــوەیە لە

١) سهير القلماوي، محاضرات في النقد الادبي، ١٩٥٩، ص ١٠.



PDF4Kurd

فەرهەنگە ئینگلیزییەکاندا بەکارهاتووە.

-critic :- (n) خەوشگر، ڕەخنەگر

−critical :- (adj) ڕاوکردنی هەڵەی خەڵکی

−criticism :- (n) ڕەخنە

−criticize :- (v) trans ڕەخنەی گرت

−critique :- (n) french بەفرەنسی، ڕەخنە[1]

– ڕەخنەگر: ئەو کەسەیە کە بەرهەمی ئەدەبی یاخود هونەری یا مۆسیقی دەنرخێنێ و هەڵەکان دەدۆزێتەوە یا دەقی شانۆیی خەوشدار دەکا.

– ڕەخنەگری: ئاکاری ڕەخنەگرە، بەزۆری لەم جۆرە ڕستانە بەکاردێ:

أ– ئێمە لەم چەرخەدا لە کاتێکی ڕەخنەگریدا دەژین.

ب– لە هەموو شتێک ورد بوومەوە بەچاوێکی ڕەخنەگری.

– ڕەخنە: هونەرێکە وەکو هونەرەکانی تر بۆ ئەوەی کاری ئەدەبی پێ بنرخێنرێ وەکو دیاریکردنی ئەو هەڵە و نیشانانەی کە لە کارێکی ئەدەبی یا رامیاری یا شانۆییدا هەیە.

– ڕەخنەی گرت: ئەوە نرخاندنی بەرهەمی ئەدەبییە بەشێوەیەکی ڕەسمی.

ڕەخنە بەفرەنسی: بریتییە لە کردەوەی ڕەخنەگرتن وەکو دووان و بەرامبەری ڕەخنەگری[2]

– ڕەخنەگر ئەو کەسەیە کە بەرهەمی ئەدەبی دەنرخێنێ و بەهای دیاری دەکا.

ڕەخنەگرە ئەدەبییەکان کارەکەی خۆیان پوختە و ڕێک دەکەن بەهۆی پێداچوونەوە و بەرامبەری لە ڕۆژنامەکاندا، بەتایبەتی ئەوانەی کە ڕۆژی سێ چوار کتێب هەڵدەسەنگێنن.[3]

ڕەخنەیی: ئەوە هونەری نرخاندنە و پێناسەی کارە ئەدەبی و هونەرییەکانە و لێک جیاکردنەوەیەتی لە شتی نارێک. لە چاخەکانی کلاسیکیدا (ئەرستۆولون جانیس و هۆراس) لە جوانی ڕەخنەدا یەکێ بوون لەو ڕەخنەگرە دیارانە. هەروەها لە چاخی بزووتنەوەی ئینگلیزیشدا (سدنی)ی شاعیری ئینگلیزی کاریگەرییەکی زۆری لەسەر

(1) Ed. Doniach, W.S,The Concise Oxford English - Arabic Dictonary Oxford Universtiy press, 1982, p.84.

(2) Ed. Hornby, A.S, Oxford Advanced Learners Dictionry of curent English, Oxford University press, 1974,P.206

(3) Coles Editorial Board,Dictionary of Liteary. perms,P.51.



ڕەخنە هەبوو. بەڵام لە ئەدەبی تازەدا (دراین و پۆپ و کالدریج) ئەم دەورەیان هەبوو.[1]

-Crisis : ڕەخنە لە چەمکی ئەدەبیدا بەشێکە لە (حبکە) لە ئەندێشە و لە کاری شانۆییدا کە دەبێتە هۆی دیاریکردنی قۆناغی ڕەخنەیی لە جێبەجێکردنی شانۆی هاندەر. ئەمەش لەو ڕووداوانە پێکدێ کە جێگایەکی هەبێ، ئا لەمەدا پاڵەوان خۆی دەبینێ، ئایا لە دوارۆژدا چاک دەبێ یان تێکدەچێ.[2]

لە فەرهەنگەکانی زمانی عەرەبیدا، وشەی (النقد) بەم شێوەیەی خوارەوە لێکدراوەتەوە. لە(لسان العرب و تاج العروس و قطر المحيط و معجم متن اللغة العربية) و فەرهەنگەکانی تری زمانی عەرەبیدا دەبینین کە (ڕەخنە) بریتییە لە جیاکردنەوەی درهەم و دەرهێنانی پاقرە لێی، ئەم بێژەیە لە کۆنەوە بۆ ئەم واتایە بەکار هاتووە،(سيبويە) گوتوویەتی:

تنفي يداها، الحص في كل هاجـرة

نفي الدنانير تنقاد الصياريف [3]

هەروەها وشەی (ڕەخنە) لە زمانی عەرەبیدا بەگەلێ گوزارە هاتووە (بەمانا پارەیە، بەمانا تەماشاکردنی دراوە بۆجیاکردنەوەی چاکەکەی لە خراپەکەی، بەمانا سەیرکردنی قسەیە بۆ جیاکردنەوەی ڕاستیی ئەو شتە و عەیبی دەربخرێ، هەروەها بۆ مەبەستی تریش. پاش ئەوە لە ڕەوشتی تایبەتی زاراوەدا (اصطلاح) هێنراوە کراوە بەناو بۆ ئەو زانیارییە کە قسەی چاک و خراپی پێ لێک ئەکرێتەوە، واتە ڕاستیی پێ جیا ئەکرێتەوە و ئەو شوێنانەی کە هەڵەیە بەهۆی ئەو زانیارییەوە دەرئەخرێ و عەیبەکەی ئەدۆزرێتەوە)[4] و ئەوکەسەی کارەکە جێبەجێ دەکا پێی دەوترێ (الناقد).

– بەم ڕەنگە بەلامانەوە گرنگە ئەوە بزانین کە وشەی ڕەخنە لە زمانی کوردیدا. چۆن بەکارهاتووە، چونکە ئەم کارە مەبەستێکی سەرەکییە و پێویستە زیاتر ڕوون بکرێتەوە.

– شێخ محەمەدی خاڵ لە فەرهەنگەکەیدا بەم جۆرە چەمکی وشەی ڕەخنەی ڕوون کردۆتەوە: (ڕەخنە) ڕەغنە. کە لەبەر (د) سستی(ز)

(ڕەخنەگر) ڕەغنەگر

١) سەرچاوەی پێشوو.

(2) Ed. the National Lexicographic Board, Albert, H. mor head, The new American Rogets Gollege The saurus, U.S.A. January,1958, P. 104.

٣) الدكتورة هند حسين طه، النظرية النقدية عند العرب، عمان، ١٩٨١،ص١٩.

٤) علاء الدين سجادى، نرخ شناسى، بەغدا، ١٩٧٠، ل٦.



PDF4Kurd

(ڕەخنەگرتن) ڕەغنەگرتن
(ڕەخنەگریی)ڕەغنەگریی[1]

لە فەرهەنگی ئەستێرە گەشەدا نووسەرەکەی بەم جۆرە وشەی ڕەخنەی ڕوون کردۆتەوە:

ڕەخنە: نقد، إنتقاد، تعییب، تندید
ڕەخنەگر: ناقد، منقد.
ڕەخنەگرتن: نقد، إنتقاد، کشف الاخطاء او العیوب او الذنوب او النواقص ............الخ.
ڕەخنە لێ گرتن: نقد إنتقاد شخص، او شيء ما......الخ[2].
هەروەها لە کوردیدا ئەڵێ:(ڕەخنەی تێ بووە، واتە کونی تێ بووە.
ڕەخنەی لێ ئەگرێ: عەیبی لێ ئەگرێ (ناتەواوییەکانی دەخاتەڕوو.
ڕەخنەبازە: زۆر عەیب گیرە و عەیب لە شت ئەگرێ).[3]

واتە مرۆڤێکی بەڕەخنەیە، حەز دەکا کەموکورتی لە خەڵکیدا بدۆزێتەوە و باسی بکا.

دیسان لە شێوە زمانی کوردیدا (ڕەخنە) هاتووە بۆ (عەیب لێ گرتن بەڵام شوێن و جێگای خۆی هەیە، وەکو ئەوە کە ئەڵێ: ڕەخنەم لێ ئەگرێ، ڕەخنەی لێ ئەگرم، دەستم کرد بەڕەخنەگرتن لێی، ڕەخنە لە قسەم ئەگرێ ...هتد)[4]

### (ب) ڕەخنە لە ڕووی زاراوەوە:

لە ڕووی زاراوەوە (ڕەخنە) چەمک و مەبەستێکی تر دەبەخشێت، دوورە لەو واتا کۆمەڵایەتییە باوەی وشەی ڕەخنە کە لەمەوپێش باسمان کرد. چونکە لێرەدا ڕەخنە هەڵسوکەوتی لەگەڵ بەرهەمی ئەدەبی دەکا، وەکو زانستێک باڵی خۆی بەسەر ئەدەبیاتناسیدا دەکێشێ. چونکە لە ڕاستیدا (ڕەخنە هەموو کاتێ دوو ڕواڵەتی هەیە. یەکێکیان بەرەو بنیاتی ئەدەب دەچێ، ئەوی تریش بەرەو ئەو دیاردە ڕۆشنبیرییانەی کە دەوروبەری کۆمەڵایەتی پێکدێنن. بەم پێیە ڕەخنە وەکو هەموو زانستە مرۆڤایەتییەکان، وەکو بیردۆزی ڕامیاری یا فەلسەفی، پارچەیەکی نەپچڕاوی پەیکەری ئەفسانەیی کۆمەڵە. ڕەخنە بەتەواوی یارمەتی دروستبوونی جیهانی دابونەریتی کۆمەڵ

١) محەمەدی خاڵ، فەرهەنگی خاڵ، جزمی دووەم، سلێمانی، ١٩٦٤،ل١٩٣.
٢) فاضل نظام الدین، ئەستێرەگەشە، فەرهەنگێکی کوردی- عەرەبییە، بەغدا، ١٩٧٦،ل٣٥٥.
٣) علاءالدین سجادی، نرخ شناسی، ل٦.
٤) سەرچاوەی پێشوو.



دەدات).[1] لە ڕاستیدا ڕەخنە سەربەزانست و هونەرەکانە لە هەمان کاتدا. چونکە (ناودەنێن بەجۆرێک لە دانایی(الحكمة) دانایش چاکترین ناوە کە شایانی ڕەخنەیە، چونکە زانینی بێ دانایی وەکو لەشێکی بێ گیانە.[2]

ئینجا بۆ ئەوەی نیشانە و ئاسۆکانی ئەم جۆرە زانستە دیاری بکەین، دەبێ پەنجە بۆ ئەو کەسانە درێژ بکەین کە لەم مەیدانە کۆششیان کردووە و لە پێناوی ڕوونکردنەوەی بناغەکانی ڕەخنەی ئەدەبیدا ڕەنجیان کێشاوە و بزانین ئەوان چ بنەمایەکیان بۆ دیارکردنی ئاسۆ و بوارەکانی ڕەخنە ئەدەبی داناوە. (فرەنسییەکان ئەم پێک وەرهێنانە وە یا ڕەخنەی ئەدەبی ناویان ناوە بە (Lacritigue Litteraire) وە ئینگلیزەکان ناویان ناوە بە (Criticim Literary) وە پێناسەی ڕەخنەی ئەدەبی: کارێکی فێرکردنە (یا وەسفییە) لەسەر کردەوەیەکی دارِشتن کە حوکم بێت یا ڕاڤە بێت یا واتە لێکدانەوە بێت).[3]

لە زمانی عەرەبیدا ئەم وشەیە تا نەگەیشتە سەردەمی عەبباسییەکان مانای (زاراوەیی خۆی وەرنەگرت کە پێش ئەوسا بەمانای سەرزەنشتکردن و داشۆرین بەکاردەهات، جگە لەمە بۆ جیاکردنەوەی پارەی قەڵب لە پارەی تەواویش بەکار هاتووە، لێکۆڵەرەوەکانی ئەدەبیش ئەم وشەیان لەوان خواستەوە بۆ ئەو بەهرەیەیان بەکارهێنا کە بەهۆیەوە دەتوانین بەرهەمی چاک لە هی خراپ و، جوان لە ناشیرین جودا بکەنەوە، هەروەها بۆ ئەو سەرەنج و بیروڕا و حوکمە جۆر بەجۆرانەیش کە ئەم بەهرەیە لە ئەدەبدا بەرهەمی دەهێنێت).[4]

ڕەخنە لە زاراوەدا، هەروەکو زۆربەی ڕەخنەگرە نوێیەکان پێناسەیان کردووە دەڵێن:

(فەلسەفەی وێژەیە، چونکە گەوهەری وێژەنیشان دەدا و، ئەو دەکۆڵێتەوە کە دەیگرێتەوە).[5] هەندێکی تریش ئاوایان پێناسە کردووە، ڕەخنە بریتییە لە (هونەری لێکۆڵینەوەی پاشماوە و دەرخستنی نرخەکەیەتی و، جیاوازی نێوان شێوازە هەمەجۆرەکانە).[6]

لە کتێبەکانی د. محەمەد مەندووردا، بەم شێوەیە پێناسەی ڕەخنەی ئەدەبییان

١) تزفیتان تودوروف نقد النقد، ترجمة د.سامي سویدان، بغداد، ١٩٨٦، ص١٠١.
٢) سەرچاوەی پێشوو، ص١٠٢.
٣) الدکتور علي جواد الطاهر، مقدمة في النقد الادبي، الطبعة الثانیة. بغداد، ١٩٨٣، ص٣٣٩
٤) د.شوقي ضیف، النقد، الطبعة الثانیة، القاهرة، ١٩٥٤،ص٩ .
٥) د. محمد مندور، الادب وفنونه، الطبعة الثانیة، القاهرة ١٩٧٤،ص١٤٨.
٦) حنا الفاخوري، تاریخ الادب العربي، بیروت، ١٩٦٠، ص١٤٨.



PDF4Kurd

خستـوّته ڕوو. گـرنگیی ڕەخنە ئەوەیە (لێکۆڵینەوەی کـاری ئەدەبییـە بۆ خـوێنەر و یارمـەتیدانێـتی بۆ تێگەیشتن و چێژ لێ وەرگرتنی، ئەمەش بەڕێگا زانینی سروشتی ئەدەبەکە و بەدیارخستنی لایەنە بەنرخەکانی ).[1]

هەروەها دەڵێ (یەکێ لە واتاکـانی ڕەخنە: هونەری لێکۆڵینەوەی شـێـوازەکـان و جیاکردنەوەیەتی. ئەمەش ئەگەر واتا فراوانەکەی شێواز تێگەیشتین، دەبێ ئەوە بزانین کـە مـەبەست لە شێـواز هەر دەربڕینی زمـانیی نییـە، بەڵکو مـەبەست لەوەدا بۆچوونی نووسـەری گـشـتیـیـە و ئەو ڕێگایەی کـە دەیگرێ لە دانان و دەربڕین و بیـرکـردنەوە و هەستکردنە وەکو یەک).[2] ئەگەر لەم پێناسەیە ورد ببینەوە دەبینین هەموو ئەو پێناسە و بۆچوونەی ڕەخنەگرە نوێیەکانی خستۆتە نێو چوارچێوەی خۆیەوە و واتایەکی گشتی هەیە. بەشێـوەیەکی وا هەمـوو ئەو بۆچوونە وردانەش دەگرێتـەوە کـە ئەوان پەییـان پێ بردووە.

ئەم واتایەی کە محەمەد مەندوور و ئەوانی تر بۆی چوون (لای ڕەخنەگرە کۆنەکانمان نەزانـرابوو، بەڕادەیەک هەتا لای ئەوانی ئەم دواییـیـەش نەزانرابوو هەر چەندە هەندێ بۆچوونی لا بەلایان هەبوو بۆ ئەو شتانەی کە (مەندوور) هێمای بۆ کردبوو).[3]

د. مـحـەمـەد ئەلنوەیهی، ڕای وایە (کـە گـەوهەری ڕەخنەی ئەدەبی، بریـتـیـیـە لە دۆزینەوەی لایەنی پێگەیشـتنی هونەری لە بەرهەمی ئەدەبیدا و جیـاکـردنەوەی لەوانی تر، ئەمـەش بەهۆی ڕاڤـەکـردن و لێکدانەوە و لە کـۆتاییـشـدا ڕادانی گـشـتی دێ بەسەریا).[4]

لەگەڵ ئەوەشدا، هەندێکی تر بۆچوونی جیاوازیان هەیە لەگەڵ ئەوانی تر. لێرەدا هەیە بەم شێوەیە پێناسەی ڕەخنەی ئەدەبی دەکات:

(ڕەخنەی ئەدەبی مـتمـانە دەکاتە سەر سـەیرکردنی بەرهەمەکان و دانەرەکان، یاخود هاوچەرخەکان بۆ ڕوونکردنەوەیان و ڕاڤە یان نرخاندنیان).[5]

هەروەها هەندێ مێـژوونووسـانی ڕەخنەی ئەدەبی بیـروڕای تر دەخـەنە ڕوو، دەربارەی پێناسـەی ڕەخنە. هەرچەندە لێکچـوان لە نێـواندا، دەبینرێ لەگـەڵ ئەو پێناسـەی پێشوودا. بۆ نموونە د. سەهیر ئەلقەلەماوی دەڵێ:

١) د. محمد مندور، الادب وفنونه، ص٥٧.
٢) د. محمد مندور، الادب والنقد، القاهرة، ١٩٤٨ ،ص٦.
٣) د. هند حسين، النظرية النقدية ص٢٠.
٤) د. محمد النويهمي، النقد الادبي الحديث، ص١٠.
٥) كارلوني وفيلوو، النقد الادبي، ترجمة كيتي سالم، بيروت، ١٩٧٤، مقدمة الكتاب.



(ڕەخنەی ئەدەبی هونەری حوکمدانە بەسەر سیفەت و نرخی شتی جواندا چ لە ئەدەبدا بێ یان لە هونەرەکـانی تردا، یان ڕەخنە مـانایەکی دووەمـینی تری هەیە کـە زیاتر سنووردارترە، ئەویش بریتـیـیـە لە شـیکردنەوەی نیـشـانەکـانی بەرهەمی ئەدەبی یان هونەری دیاریکردنی سیفەتەکانی).[1]

بەم جۆرە زاراوەی ڕەخنەی ئەدەبی بریتییە لە (نرخاندنی دەقی ئەدەبی بەشێوەیەکی ڕاست و دروست و دیاریکردنی نرخی لە خـودی خـۆی و پلەی ئەو دەقـە بەرامـبـەر دەقەکانی تر، بەمەرجێک متمانەی کردبێتە سەر تێڕامانێکی ورد و بەرامبەرییەکی دادوەرانەو دەسـتنیـشـانکردنێکی وا کـە لە سـەر زانیـاری بنیـات نرابێ، بۆ ئەوەی حوکمەکە تا ڕادەیەک نزیک بێت لە ڕاستی).[2]

وشـەی (ڕەخنەی ئەدەبی) لە زمـانی کـوردیدا زاراوەیەکی تازە بابەتە بەرامـبـەر بەزاراوەی (النقد الادبی)ی عـەرەبی و ( Grtticism ) ئینگلیزی بەکاردەهێنن.[3] ئەم زاراوەیە لەبەر ئەوەی بابەتەکەی فراوان و جۆر بەجۆرە هەروەکو لەمەوپێش باسمان کرد، تا ئێستا نەتوانراوە پێناسەیەکی یەکگرتووی بێ گفتوگۆی بۆ ساز بکرێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ لە پسپۆڕانی کورد لەم مەیدانەدا بەم شێوەیە بۆی چوون (ڕەخنەسازی زانست و هونەرێکی لێکدراوە کە بەهۆی دەستوورەکـانی و توانای تایبەتی و چەشەی ئەنجامدەرەکەیەوە دەتوانرێ تێکستی ئەدەبی چاک لە تێکستی ئەدەبی خراپ جوێ بکرێتەوە و واتای ڕاست و ناڕاست نیشان بکرێت و ئەو شوێنانەی کە هەڵەن بەهۆیە بدۆزرێتەوە)[4] لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ پێناسەی تر دەربارەی زاراوەی ڕەخنەی ئەدەبی لە کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەکانی کوردیدا بەدی دەکەین، بەڵام گشتیان لەسەرچاوەکانی بیـانییـەوە وەرگیـراون. بەتایبـەتی لەسەرچاوەکانی ڕەخنەی عـەرەبییـەوە. بۆیە لێرەدا نەمان خستنە ڕوو، چونکە هیچ جوانکاری و داهێنانێکی خۆماڵی پێوە دیار نییە.

## ب- مەبەس لە پەیدابوونی ڕەخنە لە شیعری کلاسیکیدا چییە؟

پێش ئەوەی بچینە ناو جەرگەی ئەم بابەتەوە، بەپێویستی دەزانین کە باسی هۆنراوە

١) د. سهير القلماوي، محاضرات في النقد الادبي، ص١٦.
٢) د. هند حسين، النظرية النقدية، ص٢١.
٣) جگە لە (ڕەخنەی ئەدەبی) گەلێ زاراوەی تر بەکار هاتووە، لە لایەن نووسەران و پسپۆڕانی ئەدەبی کوردی بەرامبەر ئەم زانستە وەکو لێکۆڵینەوە، هەڵسەنگاندن، نرخ شوناسی، بەهاپێدان، بێژاندن، شەن و کەوکردن.
٤) د. كامل حسن البصير، ڕەخنەسازی مێژووپەیڕەوی کردن، بەغداد، ١٩٨٣ ،ل٣، هەروەها بڕوانە علاء الدين سجادی، نرخ شناسی، ل٦.



PDF4Kurd

بکەین. چونکە ئەم کارە مەبەستمانە و ڕەخنەش لەگەڵ پەیدابوونی شیعر لەدایکبووە، چونکە شاعیرەکان خۆیان ڕایان هەبووە دەربارەی ئەو شیعرانەی کە دەیانهۆنیەوە. هەر لەبەر ئەمەیە کە دەبێ بزانرێ هۆنراو بۆ ڕەخنەی ئەدەبی چییە؟!

هۆنراوە وەک هونەرێک لە هونەرە جوانەکان و، وەک یەکێ لە چالاکییەکانی مرۆڤ هەمیشە لەگەڵ گۆڕان و بەرەوپێشچوونی مرۆڤدا و بەگوێرەی شوێن و سەردەم لە گۆڕاندا بووە و چەمکێکی چەسپاوی نەبووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێناسەی زۆری هەیە، لەوانە (هۆنراو هەستێکی ویژدانییە کە ئەو هەستە زۆر زۆر دوورترە لەو شتە نهێنییانە کە بتوانرێ باس بکرێ!. بیر نییە، ئەندێشە نییە، سۆز نییە، چونکە هۆنراو ئەبێ ئەمانەی هەموو تێدا کۆببێتەوە، بوونی یەکێک لەمانە بەبێ ئەوانی تر هۆنراو دروست ناکا. خۆ ئەگەر بچین بەلای شتێکی کورتترەوە ئەڵێین: هۆنراو بەش-ـە و هبەیەکە و لە دڵی ئەو کەسانەدایە کە ئەو بەشەیان هەیە. بەهۆی وشەکانەوە ئەو وێنە جیهانییە خەیاڵییە دەرئەبڕێ و پیشانی کەسانی تری ئەدا). (١)

ئینجا بۆ ئەوەی مەبەستەکانی ئەم جۆرە لێکۆڵینەوەیە، بخەینە ڕوو و سەرنج و تێبینیی فەیلەسووف و نووسەران دیار بکەین. دەبێ پەنا بەرینە بەر گریکەکان، چونکە وڵاتەکەیان لانکی لەدایکبوونی ڕەخنەی ئەدەبیی و چەندەها جۆرە زانستی ترە و بەکۆنترین مەڵبەندی ڕۆشنبیری و فەلسەفی دەزانرێت. ڕەخنەی ئەدەبی لەلای گریکەکان بەدوو قۆناغدا تێپەڕبووە، (قۆناغی شاعیر و فەیلەسووفەکان... هەرچی شاعیرەکانن ئەوا شیعرەکانیان لە جۆری داستانەوە بۆ جۆری لیریک گۆرانی ئامێز و پاشان بۆ جۆری شانۆگەری سەرخستووە، ئەم سەرخستنەش بەڕێکەوت نەبوو، بەڵکو کارتێکردنی چەژگەی خەڵکەکە پەیدای کردووە و شاعیرەکانیش لەبەر ئەوەی حەزیان دەکرد خەڵکەکە بەرهەمەکانیان پەسند بکەن شیعرەکانی خۆیان پەرە پێ دەدا و شێوازی نوێیان دادەهێنا. ئەمەش نموونەیەکی بەهێزی ڕەخنەیە، جا شاعیرەکە بەپێی بۆچوونی ژیریی و ئیلهامی خەیاڵی خۆی ڕەخنەی لە بەرهەمەکەی خۆی دەگرت و گەلێک جۆری نوێکردنەوەی تێدا بەدی دەهێنا). (٢)

تەمەنی ئەم ڕەخنەیە لە(٢٨٠٠)ساڵ پترە. ڕەخنە ڕەگ وریشەی خۆی لە زەمینەی شارستانییەتی نەتەوەی گریکدا داکوتاوە و بەگوێرەی پەرەسەندنی ئەم شارستانییەتە چەکەرەی کردووە و سەوزبووە و پەرەی سەندووە و لق و پۆپی هاویشتووە). (٣)

١) علاء الدین سجادی، نرخ شناسی ، ل٣٠.

٢) اسماعیل ڕسول، چەند باسێک دەربارەی ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی، بەغدا، ١٩٨١،ل١٧-١٨، هەروەها بڕوانە د. شوقی ضیف، النقد، ص١٠.

٣) د. کامل البصیر، ڕەخنە سازی، ل٧.



هەر لەبەر ئەمەیە لە شارستانییەتی ئێستاشدا لە گریکەوە دەست پێدەکەن، چونکە هەر ئەوانن بنەڕەت و بنکەکانی ئەم زانستەیان لە قەڵەم داوە. ڕەخنەی ئەو کاتەش هەرچەند زانیاریمان دەربارەی هەبێ (خۆدی و کارتێکردن بووە، متمانە دەکاتە سەر چێژی خۆڕسک و هێندەش پێ ناچێت کە زۆر شتی کۆمەڵایەتی و ئاکاریش تێکەڵ دەبێت و هەموو خەڵک پەیڕەوی دەکەن و دوایی کەم کەم پسپۆری پەیدا دەکات... شاعیر و دادوەر و مامۆستاکانیش لەم خەڵکە ڕەخنەگرەن... هەر کە زەمانە پێشکەوت شارستانییەتی چڕ بوو فەیلەسووفەکانیش وایان لێ دێت). (١)

جا لەبەر ئەوەی هەمیشە شاعیر بەگوێرەی سروشتی خۆی پێوەندی بەڕەخنەوە هەیە، چونکە (ئەویش وەکو بازرگان و خودان کەلوپەلەکان سوورە لەسەر ئەوەی کە ڕای جەماوەر بزانێ و تێبگا چی لە بازاڕ ڕەواجی هەیە.

ڕەواجی کەلوپەلی شاعیریش وەکو کەلوپەلی بازرگانە، ناوبانگی پێ دەردەکا و یارمەتی دەدات لە ژیانی ئەم جیهانە). (٢) لێرەدا پرسیارێک دێتە ناوەوە ئایا حاڵی شاعیر چییە لە هەڵسەنگاندنی شاعیرەکان؟

ئایا دەتوانین متمانەی لەسەر بکەین هەر کە بەرهەمی هاوڕێیەکی شاعیری هەڵدەسەنگێنێ؟

(ئەوەی ڕاستی بێ تاقیکردنەوەی تایبەتی خۆی لە بواری شیعردا وامان لێ دەکات کە گوێ لە هەڵسەنگاندنەکەی بگرین، بەڵام هەر بێ گرێوگۆڵ نابێت، چونکە شاعیر لێرەدا دەچێتە ناو جیهانی مرۆڤێکی تر، لە زۆر باردا دەبێتە ڕەخنەگر و چیی بەسەر ڕەخنەگر دادێ تووشی ئەویش دەبێت)(٣)

بەڵام (هەڵسەنگاندنی شاعیرەکان یاخود شیعرەکانیان شتێکی ئاسان نییە لە لایەن ڕەخنەگری بەتواناوە، چونکە هەموو شاعیرێک جیهانێکی تایبەتی خۆی هەیە کە کەسانی تر هێندە هاوبەشی تێدا ناکەن، هەر شاعیرێک وێنەی جیهانە تایبەتییەکەی خۆی دەکێشێ بەقەدەر ئەو توانا شیعرییەی کە پێی بەخشراوە بەشێوەیەکی جوان و سەرکەوتووانە گرنگترین نیشانەی شاعیری گەورە خۆیەتی و ڕەسەنایەتییەکەیەتی، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە لە هەموو شاعیرەکانی تر جیاواز بێ و شوێن پێی دیاربێت). (٤)

١) د. علي جواد الطاهر، مقدمة في النقد الادبي، ص٣٥٢.

٢) د. عبدالجبار المطلبي، الشعراء نقادا، دراسات في الادب الاسلامي والاموي بغداد ،١٩٨٦،ص١١

٣) د. عبدالجبار المطلبي، مواقف في الادب والنقد، بغداد، ١٩٨٠، ص ١٨٣.

٤) د. عبدالجبار المطلبي، الشعراء نقادا، ص٧٣-٧٤.



PDF4Kurd

بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ لە هەموو چەرخێکدا جەماوەر و زۆربەی خوێندەواران (هانا دەبەنە بەر شاعیرەکان بۆ ئەوەی حوکم لەسەر شیعر بدەن، چونکە دەزانن شاعیرەکان پیاوی ئەوەنە و هەر شیعر کەلوپەلی ئەوانە و بەرهەمی تاقیکردنەوە و ژانیانە، لەبەر ئەوە هەر ئەوان زیاتر چێژی لێ وەردەگرن و باشتر هەڵی دەسەنگێنن. چونکە شیعر پیشەی خۆیانە و کەسی تر بەقەد ئەوان تیایا کارامە نییە).(١)

لەمەوە دەتوانین بڵێین شاعیر بیروڕای ڕەخنەیی چەسپاندووە، (ئەمەش لە ڕاستیدا تا ڕادەیەک ڕەخنەگرە، چونکە خۆی چوارچێوەیەکی بۆ قەسیدە کەی هەڵبژاردووە لەلایەن کێش و سەرواوە).(٢)

ئەم دیاردەیە بەزۆری لە لایەن شاعیرانی کلاسیکیدا دەردەکەوێ، چونکە شاعیرەکان بۆ خەڵک دەنووسن و دەیانەوێ لەناو خەڵکدا خۆیان دەرخەن، هەستیان بەو هەڵوێستە ڕەخنەییەی جەماوەرەکەیان کردووە، بۆیە (زۆر جار هەبووە لەبەر هەر هۆیەک بێ، شاعیرەکان ماوەیەکی تەواو شیعرەکانیان لای خۆیان هێشتۆتەوە، بەرلەوەی نیشانی خەڵکی بدەن، هەندێکیان لێ لابردووە و، هەندێکیان بۆ زیاد کردووە. دیارە لە کاتێکدا ئەوان دەسکاری بەرهەمەکەیان دەکەن و ڕێکی دەخەن، ئەوا ڕەخنە لە شتەکانی خۆیان دەگرن و باشترین ڕواڵەتی بۆ هەڵدەبژێرن و لە ئەنجامدا دەقەکە جوان و دڵگیر دەردەکەوێ.(٣) کەواتە یەکەم جار شاعیرەکان خۆیان (هوشیاری ڕەخنەیی)یان پەیدا کردووە، دوایی ئەم هوشیارییەیان هەر لە بەرهەمە شیعرییەکانی خۆیاندا دەربڕیوە. بەڵام لێرەدا (ڕەخنەکە ناڕاستەوخۆیە و بیروباوەڕی ڕەخنەیی خۆی دەرنابڕێ، ئەگەر زیاتر چووە ناو ڕەخنە و دەست لە قەسیدەکەی وەردا، ئەوا لە(هونەر) دەردەچێ و دەبێتە (پیشە) جا بەرهەمەکەی زیاتر بەهۆنراوە (نظم) دەچێ نەک بەشیعر. بەم جۆرە ئەو ڕەخنەگرانەی کە کارامەنە لە ڕەخنە (جگە لەوانەی توانای شیعرگۆتنیان هەیە) ئەگەر شیعر بنووسن شیعرەکە زیاتر بەهۆنراوە (نظم) دەچێ ئەمەش پێی دەگوترێ شیعری زانایەکان).(٤)

بەهەر حاڵێک بێت، دووپاتی ئەوە دەکەینەوە کە شاعیر وەکو ڕەخنەگرێک خۆی پیشان دەدات و دەرگا دەخاتە سەر گازی پشت بۆ دیارکردن و دەرخستنی بیروڕای ڕەخنەیی خۆی، چونکە ئەوەی چەسپاوە (ئەوە لەو کاتە ناگۆڕێت هەر کە دەچێتە

٢) سەرچاوەی پێشوو،ص٨.

٣) سەرچاوەی پێشوو، ص٩.

٤) د. احمد بدوي، اسس النقد الادبي عند العرب، الطبعة الاولي، القاهرة، ١٩٥٨،ص٤.

٥) د. عبد الجبار المطلبي، الشعراء نقاداً، ص٩.



جیهانی شاعیرێکی تر و شیعرەکانی ڕاست دەکاتەوە، بەڵکو لەو کاتەی کە سنوور بۆ پیشەکەی دادەنێ هەتا شاعیرێکی تر سووودی لێ وەربگرێت و هیچمان بەدەستەوە نییە مەگەر ئەوە نەبێ کە لەو کاتە ڕووبەڕووی شاعیر ببین هەر کە باسی تاقیکردنەوەی شیعری خۆی و تەنگوچەڵەمەکانی دەکات).(١)

لەپاش ئەم ڕوونکردنەوەیە، دەربارەی هەڵسوکەوتی شاعیرەکانی کلاسیکی، بەرامبەر ڕەخنە و چەسپاندنی ئەوبیروڕایانە کە لایەنگیری ئەوە دەکەن کە دەشێ شاعیریش وەکو ڕەخنەگرێک بێتە مەیدانی ڕەخنە و ڕەخنەکارییەوە و بەهۆی هۆنینەوەی هۆنراوە چاکە و خراپەکانی خۆی و شاعیرانی پێش و هاوچەرخی خۆی هەڵسەنگێنێ و ڕای تایبەتی خۆی ئاراستەی هاوڕێکانی بکات. ئەم کارە باوەڕمان بەتین دەکات کە شاعیرەکان، ڕەخنەیان لە یەکتر گرتووە، ئەمەش بووە بەهەنگاوی یەکەمی ڕەخنەی سەرەتایی لەلای هەموو میللەتێک.

جا لێرەدا بەپێویستی دەزانین پەنجە بۆ ئەوە درێژکەین کە ئەم دیاردەیە لە (ڕەخنەی عەرەبیدا) چۆن هاتۆتە کایەوە، بۆ ئەوەی زیاتر مەبەستەکە لەم بوارەدا ڕوون بکەین. چونکە ئەوەی ئاشکرایە کە ڕەخنەی عەرەبی (لە ڕووی تەمەنەوە دوا بەدوای ڕەخنەی گریک دێت و بەرهەمی جۆر بەجۆر و فراوان لەم کۆڕەدا دەدات بەدەستەوە و تەمەنەکەی نزیکەی سەدو پەنجا ساڵ بەر لە دایکبوونی ئایینی ئیسلامی پیرۆزی خایاندووە).(٢)

کەوابوو شوێنی لەدایکبوونی ڕەخنەی عەرەبی سەردەمی پێش ئیسلام بوو، نموونە بۆساغکردنەوەی ئەم ڕایە ئەوەیە کە دەڵێن: «لە بازاڕی عوکازدا ڕەشماڵیان بۆ (نابیغەی زوبیانی) شاعیری بەناوبانگی پێش ئیسلام هەڵدەداوە دەستە دەستە شاعیران دەهاتنە لای شیعرەکانیان نیشان دەدا، ئەویش هەر کەسێکی پەسند بکردایە کابرا ناوی بەهەرچوار لادا بڵاو دەبووەوە. لەو شاعیرانەی کە شیعری خۆیان پێ نیشان داوە و پەسندی کردوون (ئەعشا) و (خەنسا)بوون».(٣)

ئەم بایەخدانە لە ڕەخنەی عەرەبیدا، بایەخدانێکی لە ڕادەبەدەر بوو، ئەوە بوو ماوەیەکی دوورودرێژ کرداری ڕەخنە بریتی بوو لە حوکم دان و بەراوردکردنی ئەم شاعیرە لەگەڵ ئەو شاعیرەدا، وەک ئەوەی دەگوترا ئەم شاعیرە باشترین شاعیرە چونکە ئەم بەیتەی گوتووە.(٤)

١) د. عبدالجبار المطلبي، مواقف في النقد والادب، ص ١٨٥.

٢) د. كامل بصير، ڕەخنەسازی ، ل ٣٧.

٣) د. شوقي ضيف، النقد، ص ٢١.

٤) د. سهير القلماوي، محاضرات في النقد الادبي، ص١٠.



PDF4Kurd

ئەم بۆچوونانەی کە وەکو بەڵگە هێناومانەوە، کاتێ هاتینە سەر لێکدانەوەی سەرەتاکانی پەیدابوونی ڕەخنە لە شیعری کلاسیکیدا بەدرێژی باسی دەکەین ئینجا بەرەو ڕەخنەی ئەدەبی کوردی دێین، بۆ دەستنیشانکردنی ئەم مەبەستە.

لێرەدا پرسیارێک دێتە ئارا. ئایا ڕەخنەی ئەدەبی کوردی بەپێی ئەم مەبەستە چۆن هاتۆتە کایەوە؟

ئەوەی ئاشکرایە (لە مێژووی ڕەخنەی ئەدەبی جیهاندا چەسپاوە:

لە دایکبوونی ڕەخنەی ئەدەبی هەر نەتەوەیەک بەندە بە لەدایکبوونی هۆنراوەی ئەو نەتەوەیە. هەروەها ئەوە ئاشکرایە کە یەکەم شاعیر لەدایک ئەبێ، یەکەم ڕەخنەوانیش لەدایک ئەبێ.

لەوانەیە کە یەکەم هەڵبەست کە لەدایک دەبێ یەکەم جۆری ڕەخنەش لەدایک دەبێ). (١)

بەم پێیە ڕەخنەی ئەدەبیمان لەگەڵ یەکەمین شاعیری کوردا هەڵقوڵاوە ئەویش بابا تاهیرە (٩٣٥ز-١٠١١ز)، کە دیوانەکەی لەبەر دەستماندایە. لێرەدا دەتوانین بڵێین، ئەشێ تێبینی ڕەخنەی کوردیش تەمەنی نزیکەی (١٠٠٠) ساڵ بێت. واتە لە بابا تاهیرەوە تاکو جەنگی گێتیی یەکەم، شاعیرانی کلاسیکیمان کەمتەرخەمیان نەکردووە بۆ دەرخستنی، بیروڕای ڕەخنەییان، چونکە بێ گومان ئەوانیش خاوەن بیر و هۆشێکی قووڵ بوون هەر یەکێکیان خاوەنی دوو سێ یا چوار زمان بوون. ئاگایان لە تاقیکردنەوەی گەلانی دراوسێیان هەبوو لەم بوارەدا ئیتر چ بەلاساییکردنەوەی ئەوان، یان بەهۆی بارودۆخی کە تیادا دەژیان. وایان کرد کە میللەتەکەش بێ بەهرە نەکەن لەم زانستە ئەدەبییەی. ئەم دیاردەیەش لە خوێندنەوەی دیوانەکانیان بۆمان دەردەکەوێت، چونکە زۆربەی شاعیرەکانمان، ڕەخنەیەکی سادە و ساکاریان ئاڕاستەی یەکتری کردووە، یان هەوڵیان داوە کە بەرهەمەکەیان یەکالا بکەنەوە و ڕووی هەرە جوانی و جوانکاری تێدا دیاری بکەن. هەروەکو لە بەرهەمەکەی مەم و زینی ئەحمەدی خانی دەردەکەوێت. ئەم هەڵوێستە ئەوە ئاشکرا دەکات کە شاعیرەکانمان هەمیشە لەگەڵ بەرهەمەکەیان دەژیان، حەزیان دەکرد بزانن ئەم بەرهەمە پوخت و پەسندە لە لایەن شاعیرەکان و خەڵکی تردا، یاخود کەموکوڕی تێدایە و جێی خۆی ناکات لەناو ئەدەبیاتی کوردیدا.

بەم جۆرە مەبەستەکە ڕوون و ئاشکرا دەبێت، کە لە مێژەوە شاعیر بەهۆی هۆنینەوەی هۆنراوەکانی، وەکو ڕەخنەگرێک خۆی دەردەخا و ڕابەری بیروڕاکانی دەکا، هەروەها ئەم جۆرە ڕەخنەیە زیاتر خۆیا دەبێت، کاتێ دێینە سەر شیکردنەوەی بەرهەمی شاعیرەکانمان

٢)د. کامل بصیر، ڕەخنە سازی،ل ٣٢.



و دەستنیشانکردنی ئەو نموونانەی کە پێوەندییان بەم بابەتەوە هەیە.

(ج) سەرەتاکانی ڕەخنە لە شیعری کلاسیکیدا

بەر لەوەی باسی لێکۆڵینەوەی ئەم سەرەتایە بکەین. بەپێویستی دەزانین، کە بەکورتی پێداچوونێک بخەینە ڕوو، دەربارەی چۆنێتی پەیدابوونی ڕێبازی کلاسیکی چ لە ئەدەبدا یان لە ڕەخنەدا. بۆ ئەوەی زیاتر چەمکی ئەم سەرەتایە ڕوون و دیار بکەین.

«وشەی کلاسیک (classic)لە وشەی کلاسیکوس (classicus) وەرگیراوە کە مانای چین (طبقة) دەگەیەنێ» (١)

هەروەها ئەم وشەیە وەکو «زاراوەیەک بەکار هێنراوە بەناوی (کلاسیزم) کە لە وشەی (کلاسی)ی لاتینییەوە داڕێژراوە، وشەی (کلاس)یش لە فەرهەنگی ئەم زمانەدا واتا ڕاستەقینەکەی لە سەرەتاوە کۆمەڵەگەشتی بووە، ئەمجا بووە بەواتایەکی خوازەیی بەمانای پۆلی خوێندن. لە پاشا بووە زاراوەیەک (کلاسیزم) بۆ ڕێبازێکی ئەدەبی و ڕەخنەیی ئەورووپی». (٢)

هەروەها ئەم ڕێبازە لە ڕووی سەردەمی لەدایکبوونییەوە (بەکۆنترین ڕێبازی ئەدەبی و ڕەخنەیی دادەنرێت، کە لە ئەورووپادا سەری هەڵداوە. چونکە لە سەرەتای سەدەی(١٥)ی ز کە چەرخی ڕاپەڕین و بووژانەوەی زانستییە لە ئەورووپادا سەری دەرهێنا و ڕابەری شاعیرانی کرد و لە مەیدانی ڕۆشنبیری و هونەردا ئەرکی سەرشانی خۆی گێڕا و بەناوی (کلاسیزمی نوێ) وە بەتایبەتی لە ئیتاڵیادا ناوبرا، چونکە لەم ناوچەیە بۆ یەکەم جار زۆربەی بنەڕەتییەکانی چەسپێنران، ئەمەش بەهۆی کۆچکردنی زانا ڕۆمانییەکانەوە بوو، کە پاش ڕووخاندنی ئیمپراتۆریەتەکەیان و نەمانی (قوستەنتینیە) ڕوویان کردە شارەکانی (فینیسیا) و (روما) و کەلەپووری ڕۆشنبیری دێرینی گریکییەکان و ڕۆمانییەکان لەگەڵ خۆیاندا هەڵگرت و لەم نیشتمانە تازەیەیاندا دەستیان کرد بەبووژاندنەوە و تۆژینەوە و بڵاوکردنەوەی ئەم کەلەپوورە نەمرە). (٣)

باوترین مانا بۆ ناوی کلاسیزم لە ڕووی ئەدەبییەوە (لاساییکردنەوەیە مەبەست لەمەش لاساییکردنەوەی نموونە ئەدەبییەکانی گریک و شوێن هەڵگرتنی ئەو دەستوور و یاسا و سەرەتایانەیە کە (ئەرستۆ) لە کتێبی پۆیێتیکا (هونەری شیعر)دا باسی

١) دیداری شیعری کلاسیکی کوردی، حەمە سەعید حەمە کەریم ئامادەی کردووە و پێشەکی بۆ نووسیوە، بەغدا، ١٩٨٦ ،ل٦٧.

٢) د. کامل بصیر، ڕەخنەسازی، ل٥٢.

٣) سەرچاوەی پێشوو، ل٥٣.



PDF4Kurd

کردوون. بەتایبەتی دوای ئەوەی کە ئەدەبی لاتینی بەهۆی لاساییکردنەوەی ئەدەبی گریکییەوە نەشونمای کردو پێشکەوتنێکی گەورەی بەخۆیەوە دی.

ئەوەبوو بیروڕاکانی ئەرستۆ بەهۆی کتێبی پۆیێتیکا (هونەری شیعر)ی هۆراسەوە لە ئەوروپادا بڵاوبوونەوە و کارتێکردنێکی گەورەیان هەبوو.

پەیدابوونی ئەم ڕێبازە لە ئەوروپادا دەگەڕێتەوە بۆ ئیتاڵیا. ئیتاڵییەکان لە سەدەی (١٦)ی ز چەند جارێک تەرجەمەی کتێبی هەردوو پویێتیکای ئەرستۆ و هۆراسیان کرد، بەڵام بناغەکانی کلاسیزم لە ئەوروپادا بەتەواوی نەچەسپان هەتا ڕەخنەگری فرەنسی (بوالو) لە ساڵی ١٦٧٤ز دا کتێبێکی بەناوونیشانی (هونەری شیعر) نووسی. لەم کتێبەدا بناغەکانی چەسپاند و توانی کە ڕۆحی سەردەم و ڕەوتەکانی بەپێی سەرەتا و باوەڕەکانی بنوێنێت).[1]

واتە ئەم ڕێبازە لە سەرەتاوە لە ئیتاڵیادا لەدایکبوو وە لە فرەنسا پەرەی سەند و خەملاوە. ئینجا لەپاش ئەوە کلاسیزم لە ئەدەبی ئینگلیزی و ئەڵمانیشدا جێی خۆیی گرت. لەپاش ئەوەی مێژووی سەرهەڵدانی ڕێبازی کلاسیزم لە ئەدەبی ئەوروپیدا باسمان کرد، جا لێرەدا دێینە سەرباسی چۆنێتی پەیدابوونی ئەم ڕێبازە ئەدەبییە لە ڕۆژهەڵاتدا و بەتایبەتی لە ئەدەبی کوردیدا.

بەڵام پێش ئەوەی باسی پەیدابوونی ئەم ڕێبازە لە ئەدەبی کوردیدا بکەین، دەبێ بزانین چۆن سەری هەڵداوە لە ئەدەبیاتی عەرەبی و ئیسلامیدا، چونکە ئەوە ئاشکرایە خەلیلی کوڕی ئەحمەدی فەراهیدی دەستووری کێشەکانی عەرووزی لەپازدە (بەحر) دا دیاری کرد. دواییش کێشێکی تریان دۆزییەوە بوونە شازدە. ئەمە بووە دەستوورێکی ئەدەبی کلاسیکی لە ئەدەبیاتی عەرەبی و کوردی و فارسی و تورکی دا، کە بەپێی ئەو (بەحرە عەرووزیانە) شیعر دابنرێ و، هەر لەو کاتەیشدا گرنگییەکی زۆر بە(قافیە) بدرێ.

جگە لەمەش بایەخدان (بەقورئان و پەیدابوونی هونەرەکانی ڕەوانبێژی و، لێکدانەوەی ئەو هونەرانە و دەستوور بۆ دانانیان، بووە هۆی باوبوون و بڵاوبوونەوەی بەکارهێنانی شێوازەکانی ڕەوانبێژی لە شیعردا. بابەتەکانی شیعریش فراوان بوون. لە سەردەمی پێش ئیسلام بەشێوەیەکی سەرەکی (غەزەل) هەبوو، کە هەندێ بابەتی تری لەگەڵا تێکەڵ دەبوو، وەک پێداهەڵدان و حەماسەت و گریان و فریاد لەسەر شوێنەوارە کۆنەکان، بەڵام لە سەردەمی ئەمەوی و عەبباسیدا، بابەتی تازە هاتنە کایەوە: وەک شیعری ئایینی (ستایشی خوا و پێغەمبەر) و شیعری سیاسی، غەزەلی عوزری،

١) دیداری شیعری کلاسیکی کوردی ، ل ٦٨.



غەزەلی دڵداری و ئەڤینی، مەیخۆری شیعری فەلسەفی... هتد.[1]

میللەتی کوردیش یەکێک بوو لەو میللەتانەی کە ئایینی ئیسلامی تازە داهاتوویان وەرگرت. هەروەها نەتەوەی کورد وەکو هەموو نەتەوەکانی موسڵمان، بەشدارییەکی چالاکانەی لە مێژووی ئیسلامیدا کردووە، چ لە ڕووی شارستانێتی و ڕۆشنبیرییەوە، چ لە ڕووی جەنگ و کوشتارەوە و کەوتە ژێر کاریگەری ئایینی تازە، لە ئەنجامی ئەم پێوەندییە زمان و ئەدەبیاتی عەرەبی ڕاستەوخۆیی یانیش لە ڕێگای نەتەوە موسوڵمانەکانی ترەوە کاری لە ڕۆشنبیری کورد کردووە، هەروەها زۆربەی شاعیرەکانمان بەگشتی مەلا بوون و دەورەکانی فەقێیەتییان بینیوە، زانستەکانی ئایینی ئیسلامیان خوێندوە و، باوەڕی ئایینی لە مێشکیاندا چەسپاوە ڕەوتی بیرکردنەوەیان دیاری کردووە. جگە لەو ڕاستییەی کە کەوتوونەتە ژێر کارتێکردنی ئەدەبیاتی عەرەبی و نەتەوە و موسڵمانەکانی تر و شوێن پێی شاعیرانی کلاسیکی ئەو نەتەوانەیان هەڵگرتووە. بەڵام ئەمە وا ناگەیەنێ کە شاعیرانی کلاسیکی کورد، تەنیا خەریکی لاساییکردنەوە بوون و نەیانتوانیوە (ئەدەبێکی تایبەتی) خۆیان دروست بکەن و شەقڵی کۆمەڵەکەی پێوە دیار نەبێت.

چونکە سەیرکردنی زنجیرەی مێژووی ئەدەبیاتی کلاسیکی گێتی ئەوەمان بۆ ساغ دەکاتەوە کە (چەمکی لاسایی کردنەوە، تەنیا بریتی بووە، لە شوێن هەڵگرتنی ڕێبازی هەڵبەست دانان و ئەو هونەر و یاسانەی تێیدا بەکاردێن).[2]

شیعری کلاسیکی کوردیش ئەم شوێن هەڵگرتنەی ڕەچاو کردووە. کە گرنگی دەدا بە(وشە بەر لە مانا، گرنگی بەسنعەت دەدا بەر لە دەربڕین).[3] هەروەها توانیویە خاسیەتەکانی ئەم ڕێبازە بەشێوەیەکی گشتی بپارێزرێت. پاش ئەوەی چەمکی وشەی کلاسیک و سەرەتاکانی پەیدابوونی ڕێبازی ئەدەبی کلاسیزم هەر لە دێرین زەمانەوە تاکو ئەدەبی کلاسیکی کوردی کە باسمان لێوەکرد، دێینە سەر باسەکە و سەرەتاکانی ڕەخنە لە شیعری کلاسیکیدا چۆن هاتۆتە کایەوە و پەرەی سەندووە و شاعیرە کلاسیکییەکان چ ڕۆڵێکیان بینیوە لەم مەیدانەدا، لە هەڵسەنگاندنی بەرهەمی خۆیان و شاعیرەکانی تردا.

ئەوەی ئاشکرایە سەرەتا سادەکانی ڕەخنە یەکەم جار لە کارەکانی کۆمیدینووسی بەناوبانگ (ئەریستۆفانیس) دا دەرکەوت (ئەریستۆفانیس لە شانۆگەرییەکەیدا

١) سەرچاوەی پێشوو، ل٧٢.

٢) سەرچاوەی پێشوو.

٣) سەرچاوەی پێشوو.



PDF4Kurd

(بۆقەکان- الضفادع) ڕەخنەی لەو شاعیرانە گرتووە کە لە شیعرەکانیاندا لە ڕێوڕەسمی ئایینی لایان داوە. لەو ساتەوە کە شاعیرەکەمان کۆمیدییەکانی پیشان داون، شتی وا ڕووی نەداوە کە لەسەر شانۆدا شانازی بەخۆیەوە بکا، بەڵام مادام دوژمنەکانی لای (ئەثینیە نادوودڵەکان) بۆختانیان بۆ هەڵبەستووە و... تاوانباریان کردووە بەوەی گاڵتە و قەشمەری بەنیشتمانەکەی دەکا و ئیهانەی میللەت دەکا و، ئەوانە ئەمڕۆ حەز دەکات وەڵامی ئەم تۆمەتانە بداتەوە).(١)

بەم چەشنە شاعیر و کۆمیدینووسەکان ناچار بوون کە بەرامبەری جەماوەر بەرەڤان- دیفاع - لە کارەکانی خۆیان بکەن. بەم پێیە سەرەتای ڕەخنەی ئەدەبیی، لە ئەدەبی هەموو گەلانی گێتیدا دەبێ هەر بەم چەشنە دەستی پێکردبێ. واتە بەرگریکردنی شاعیر لە خۆی و بەرهەمەکەی بەرامبەر بەخەڵک.

ئەم سەرەتایەش سەبارەت بەئەدەبی عەرەبیش ڕاستە کە بیرەکانی ڕەخنە تێیدا یەکەم جار لە شیعردا ڕەنگی داوەتەوە.

بەم ڕەنگە سەرەتاکەی ڕەخنەی عەرەبیش لە سەردەمی پێش ئیسلام لەناو شاعیراندا پەیدا بووە، بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ هەروا مایەوە (شاعیریش سەرەتا هەوڵی ئەوەی دەدا کە دڵی خەڵکی هۆزەکەی خۆی ڕازی بکات لە کاتێکدا کە لە بۆنە و جەژنەکانی هۆزەکەدا شیعری بۆ دەگوتن، پاشان لەمەوە وای لێ هات بەناو زۆم و هۆبەی هۆزەکاندا دەگەڕا و لە بازاڕەکاندا لەگەڵ شاعیرانی تر دەچوونە پێشبڕکێوە، وەکو لە بازاڕی عوکازدا ئەوسا یەکەم جار ڕەخنەگری پسپۆڕ نەبوون ڕەخنە بگرن، بەڵکو خەڵکی گوێگرانی هۆزەکان ئەم کارەیان بەجێ دەهێنا، هەر کە شیعرێکی باشیان بەرگوێ بکەوتایە پەسندیان دەکرد و هاواریان بۆ دەکێشا و هەڵیان دەنا، خەڵاتیشیان بەشاعیرەکە دەدا، یاخۆ ئەگەر شیعرەکەیان بەدڵ نەبوایە سەرزەنشتی شاعیرەکەیان دەکرد و لچیان لێ هەڵدەقرچاند، کەوابێت چەژگەی شیعریان هونەریی گوێگران(٢)

١) أمين سلامة، ترجمة كوميديات اريستوفانيس، المجلد الاول، وزارة الثقافة والفنون، بغداد، ١٩٧٨، ص١٤٧.

٢) لەڕاستیدا یەکەم ڕەخنەگر میللەت بووە. جەماوەر هەمیشە دەوری ڕەخنەیی بەرامبەر بەبەرهەمە ئەدەبییەکانی بینیوە، ئەو بەرهەمەی جوان و ڕێکوپێک و لەژیانەوە نزیک بووبێ و، وەڵامی پرسیار و هیوا و ئاواتە گیانییەکانی خەڵکی دابێتەوە، لەلایەن جەماوەرەوە لەبەر کراوە وپاێزاوە. ئەوەیش کە هیچ بایەخێکی ئادەمیزادی تێدا نەبووە و لە هونەر دوور بووە، هەر زوو پووکاوەتەوە و لە ناو ڕۆحی نەوەکاندا دەنگدانەوەی پەیدا نەکردووە. مانەوەی سەدەها نموونەی فۆلکلۆری بەرز بەدرێژایی سەدان ساڵ، بەڵگەی هەرە گەورەی ئەم ڕاستییەیە.



پێوانەی هەڵسەنگاندنی جۆری بەرهەمەکە بوو).(١)

هەروەها لەگەڵ ئەوەشدا شاعیری سەردەمی پێش ئیسلام (پابەندی جۆرە شێوازێکی هونەری بوو پەیڕەوی دەکرد و لاسایی دەکردەوە و نەیدەتوانی بەموو لێی لابدات، ئیتر کە شیعرێک یان قەسیدەیەکی درێژی دابنایە چار نەبوو دەبوو لەپێشەوە بۆ شوێن هەوار و کەلاوەکان بگری، پاشان باسی گەشتەکەی خۆی بکات لە بیاباندا و بەتانوپۆی حوشترەکەیدا بێت و ئینجا ڕێگەیەک بدۆزێتەوە کە لێیەوە دەربچێت بۆ دەربڕینی مەبەستەکەی خۆی ئەگەر پێ هەڵگوتن و ستایشە و ئەگەر شتی ترە).(٢)

دیسان لە کارەکەشیدا (وەنەبێ سەربەست بووبێت، نا، بەڵکو پێویست بوو هەرچی مانا و بۆتە و داڕشتەی ئامادەکراو هەیە کە شاعیرانی پێش خۆی بەکاریان هێناوە ئەویش بەکاریان بهێنێ ئەگەر وا نەکات گوێگران لێی دەتەکنەوە و یان شاعیر ناتوانێ وەکوو دەیەوێت کاریان تێ بکات).(٣)

واتە پێویست بوو ڕەچاوی ئەو یاسا و دەستوورانەی بکات کە شاعیرەکانی پێش خۆی پەیڕەویان کردووە، چونکە ئەگەر وا نەکات شیعرەکانی بەناپەسند لە قەڵەم دەدرێ. چونکە لەناو ئەو گوێگرانەدا کە گوێیان لە شیعرەکانیان دەکرد هەندێک کەسی لێزان و پسپۆڕ هەڵکەوتن لەمانە نابیغەی زوبیانیی شاعیری بەناوبانگی سەردەمی پێش ئیسلام، کە لەسەر پیشەی ڕەخنەگران دەبوونە بەرەڤانکەری نێوان شاعیران، شیعرەکانیان هەڵدەسەنگاندن و بیروڕا و تێبینیی خۆیان لەم ڕووەوە پیشان دەدا. هەروەها (کۆبوونەوەی شاعیرەکان لە بازاڕەکانی سەردەمی پێش ئیسلام و لە دەرگای پاشا و ئەمیر و سەرۆکەکان سەرەڕای ئەو دەمارگیرییەی بۆ تیرە و شاعیر، ئەمانە هەمووی بوونە هۆی ئەوەی کە شاعیرەکان بەتوانابن لە شیعرەکانیان و سوور بن لەسەر ڕەسەنایەتی شیعر لە ترس و پلارلێدان و بەشوێنکەوتن، ئەمەش بۆ هەڵسەنگاندنی شیعرەکانیان ئەم ئاگالێبوونەوەش کاری کردە سەر لایەنی ڕەخنە لە لایەن شاعیر و ئەوانەی کە خاوەنی فریشتەی ڕەخنە و چێژی تەواون).(٤)

لەگەڵ ئەوەشدا تەماشا دەکەین کە دەوروبەری پێش ئیسلامیش کاریگەری تەواوی هەبوو لە سەرهەڵدانی ڕەخنە (چونکە بارودۆخی کۆمەڵگای تیرەگەری خووڕەوشتی ئاگری دوژمنایەتی لە نێوان تیرەکان خۆش دەکات، دووبەرەکی و بەیەکاچوون و هاڤڕکێ

١) د. شوقي ضيف، النقد، ص١٧.

٢) سەرچاوەی پێشوو.

٣) سەرچاوەی پێشوو،ص ١٨.

٤) د. هند حسين، النظرية النقدية، ص٤٢.



PDF4Kurd

زۆر دەکات و، ستایش و داشۆرین دوو هۆکاری سەرەکین لە چالاکی ڕەخنەگرتن).[١]

بەم شێوەیە ڕای ڕەخنەگرانە دێتە کایەوە لەسەر بەرامبەریکردنی شیعری دوو شاعیر و بەچاک زانینی یەکێکیان، کامەیان بەهێزترە و کامەیان دژوارترە. هەروەها ئەو جۆرە ڕەخنەیە ڕەخنەی تاکیمان بۆ دەستنیشان دەکات لە شاعیرێک بۆ ئەوی تر.

بەم پێیە ڕەخنەی سەردەمی پێش ئیسلام لەسەر چێژی خۆڕسک بنیات نراوە، هەروەکو لەم بەیتەدا دەردەکەوێ، شاعیری پێش ئیسلام (تەرەفە ئیبن عەبد) ڕەخنەی لە (موتەلەممیس) گرتووە و دەڵێ:

وقد أتناسى الهمَّ عند احتضاره
بناجٍ عليه الصيعريةُ مُعدِمِ

تەرەفە دەڵێ: (جمل) بووە بە (ناقە): چونکە (صیعریّ) نیشانەیەکە لە ملی (ناقە) نەک لە ملی (بعیر))[٢] بەهەرحاڵ ڕەخنە لەو کاتەدا لەسەر دەستووری هونەری بنیات نەنرا بوو، بەڵکو ڕەخنە بریتی بوو لە سەیرکردنێکی بەئاستەمی هۆش و بۆچوونێکی بەپەلە وکردەوەیەکی سادە و سەرەتایی بوو.

لە سەرەتای چەرخی ئیسلام ڕەخنە (پێشکەوتنێکی زۆری بەخۆیەوە نەدی، ئەگەرچی ئیسلامەتی گەلێک بەهاونموونەی نوێی وای بڵاوکردەوە کە بەتەواوەتی لە بەها و نموونەکانی کۆن جیاوازبوون، ئەگەرچی ناوەڕۆکی شیعری گەلێک شاعیریش بەلای بڵاوکردنەوەی ئایینی ئیسلامەتی و نموونەکانییەوە چوو......).[٣]

لەگەڵ ئەمانەشدا (بنکە و یاساکانی شیعر و هونەرەکانی ئەدەب هەر لەسەر ڕێچکەی سەردەمی پێش ئیسلام مانەوە. چونکە لە بەرەبەیانی ئیسلامدا کۆمەڵی خێڵایەتی هەر لەسەر دۆخی پێشوو مایەوە و پێوەندییەکانی بەرهەمهێنان هەر بەدواکەوتوویی و کەسادیی جاران مانەوە).[٤] بەڵام ئەم حاڵە زۆری درێژە نەکێشا کاتێک کە چەند (گۆڕانێکی گرنگتر ڕوویان دا وەکو ئەوەی کە ئیسلامەتی کارێکی تەواوی لە ژیانی ئابووری کرد و قەپێلکی بەرژێمێکی دەوڵەتی گۆڕا و هەموو کارێکی خێڵایەتی لەبەر ئەوە دەستی بەشکان کرد.

بەڵام شوێنەواری شەڕ و کێشەی خێڵایەتی لە شیعری گەلێک شاعیردا هەر مایەوە و دەستوور و تەرازووەکانی ڕەخنە و هەڵسەنگاندنی شیعر و شاعیران هەروەکو سەردەمی

١) سەرچاوەی پێشوو، ص٥٢.
٢) د. احمد امین، النقد الادبي، الطبعة الرابعة، بيروت، ١٩٦٧ص ٤٤٨.
٣) اسماعیل رسول، چەند باسیک دەربارەی ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی، ل٢٢.
٤) سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣.



پێش پشتیان بەبناغەی بنەچەکی خێڵایەتییەوە دەبەست).[١]

بەڵام کاتێک کە ڕەخنەی ئەدەبی لای میللەتی عەرەب لە سەردەمی ئەمەوی و عەباسییەکاندا گوڕی تێکەوت و پێشکەوت. بەوەوە نەوەستا کە ئەم شاعیر و ئەو شاعیر بەسەر ئەوانی تردا هەڵسەنگێنن بەڵکو شاعیرانیان خانە خانە و چین چین دابەش کردن).[٢] هەروەها وا نەبێ شاعیرەکان هەر تەنیا بیروڕا و تێبینی خۆیان دەربارەی شاعیرەکانی هاوچەرخی خۆیان دەربڕیبێ. ئەوەتا (عومەر بن وەلید بن عەبدولمەلیک) پرسیار لە (ئەختەڵ) دەکات کە: کێ لە هەموو کەس شاعیرترە؟

وەڵامی دەداتەوە: (ئەوەی ئەگەر پێیداهەڵگوت (ستایشی کرد) بەرزی کاتەوە، ئەگەر (داشۆرینیش)ی کرد نزمی بکاتەوە. هەروەها (ئەعشا) دەچێتە لای (قیس) و لێی دەپرسێ ئینجا کێ؟

دەڵێت: کوڕی بیست - واتا (تەرەفە)، دوایی من واتا خۆی).[٣]

بەڵام (بوحتوری و ئەبوونوواس ڕایان وایە کە شاعیر خودان تاقیکردنەوەیە، وە ئەو لەوانەی کە تووشی کێشەی شیعر نووسین نەبوونە بەئاگاترە و زیاتر شارەزای دانان و داڕشتنی شیعرە).[٤] بەڵگەش بۆ ئەم ڕایە ئەوەیە کە (ئەبوونوواس) چەند بیروڕایەکی ڕەخنەگرانەی هەیە دەربارەی شاعیرەکانی دەوری پێش ئیسلام و سەرەتای ئیسلام و ئەمەوی. هەروەها دەربارەی شاعیرەکانی هاوچەرخی خۆشی دەگێڕنەوە کە شیعری (نابیغەی زوبیانی) زۆر کاری لێ کردووە و لە شیعری (زوهێر) و (ئەعشا قەیسی) بەچاکتر زانیوە، بێ ئەوەی هۆیەک دەستنیشان بکات. هەروەها دێڕێکی (تریماح بن حەکیمی) زۆر پێ خۆش بووە و دەڵێ: ئەمە چاکترین دێڕە کە (تریماح) گوتوویەتی، دێڕەکەش ئەمەیە.

اذا قُبِضَتْ نفسُ الطرماح اِخلفتْ
عُري المَجدِ واسترضَ عِنان القَصائد

زۆر جاری وا هەبوو (ئەبوونوواس) لە حوکمە گشتییەکانی دەردەچوو لە کاتی ڕەخنەگرتندا. بۆ وێنە، لایەنی (جەریری) دەگرت و دەیگوت: چاکترین شاعیرە

١) سەرچاوەی پێشوو.
٢) لەو سەردەمەدا چەند کتێبێکی ڕەخنەیی بەدەستمان گەیشتووە لەمانە (طبقات الشعراء) هی(ابن سلام الجمحی).
٣) د. هند حسين، النظرية النقدية، ١٣٥.
٤)د. عبدالجبار المطلبي، الشعراء نقادا، ص٧.



PDF4Kurd

دەربارەی (بەششاریش) دەیگوت: شیعری زۆرە و دڵکێشە). (١)

لە تێبینییەکانی شاعیرانی چەرخی ئەمەوی و عەباسی ئەوەمان دێتە بەرچاو کە ڕەخنەکانیان ڕەخنەیەکی زانستی و ڕەوانبێژی بوو، چاکە و خراپەیان دەستنیشان دەکرد، بەتەنیا نەک بەکۆمەڵ. لێرەدا (لایەنی زانستی ڕەخنە بەدیار دەکەوێ هەروەها لایەنی ڕەوانبێژی و کاریگەریی لە ڕەخنەدا، ئەمانەش گشتی دەگەڕێتەوە بۆ بوونی چەند شاعیرێکی ڕەخنەگری پسپۆڕ لە ڕەخنە لە چەرخی ئەمەوی و عەباسیدا وەکو فەرەزدەق، جەریر، بوحتوری، ئەبوونوواس، ئەبووتەمام، ئیبنولموعتەز و ئەوانی تر). (٢)

چونکە لە ڕاستیدا شیعر وەکو کەلوپەلێکە نیشانی هەموو جۆرە کەسێک دەدرێ لە هەر پلەیەکی کۆمەڵایەتی بێ، بۆیە هەر کە گوێی لێ بوو کاری لێ دەکا و پلەوپایەیەکی بۆ دادەنێ و دەینرخێنێ.

(بەتایبەتی ئەگەرهاتو نرخاندنەکە لە لایەن شاعیر یاخود نووسەرەوە بوو، ئەوا دەزانن ئەو دەقە ئەدەبییە چی بەسەرا هاتووە لە بەهێزی و بێ هێزی و هەر هۆیەکی تریش. هەروەک ئەوەی باوەڕێکی پتەویان هەیە کە شاعیر یا نووسەر نزیکترین کەسن لە بەرهەمەکانیان، ڕەخنەگر هەرچەندە کارامە بێ هێندەی خۆیان لێی نازانن. چونکە ڕەخنەگر وەکو ئەوان تووشی ئەو تاقیکردنەوە ئەدەبییە نەبووە لەو کاتەی دەقەکەیان داڕشتووە و شارەزایی لەو هەستە نییە کە لە کاتی هێوری و ڕووتی یاخود لە کاتی تەنگانە تووشی شاعیر و نووسەر دێت، هەر کە وشە و ڕستەکان دادەڕێژن و هەرچی بەدەروونیان دادێ دەیخەنە نێوان ئەو دەقەی کە ئێمە دەیخوێنینەوە). (٣)

بەم پێیە ئەو بیروڕا نرخاندنە ڕەخنەییانەی کە شاعیرەکان هەیانبوو دەربارەی شیعر لە سایەی بەرەوپێشچوونی مێژوویی بوونە بناغە و دەستوور بۆ ڕەخنەی ئەدەبی عەرەبی.

ئینجا بەم ڕەنگە بەلامانەوە گرنگە کە چەند نموونەیێکی شیعری کلاسیکی لە قەڵەم بدەین کە تێیدا شاعیرەکانی ئیسلام و سەرەتای ئیسلام و ئەمەوی و عەباسی باسی چۆنێتی داڕشتن و ستایش و شانازی و کاریگەری و لایەنەکانی تری شیعرەکانیان کردووە. کە بەڵگەیەکی پتەون بۆ چەسپاندن و دامەزراندنی سەرەتای ڕەخنەی ئەدەبی لە

١) د. هند حسين، النظرية النقدية، ص١٣٧.
واتای ئەم دێڕە ئەمەیە (هەرکە گیانی منیان کێشا واز لە هەموو شانازییەک دێنم و جڵەوی قەسیدەکانم بەسە).
٢) سەرچاوەی پێشوو، ص١٥٧.
٣) سەرچاوەی پێشوو، ص١٣٠.



شیعری کلاسیکیدا. هەروەکو ئەم نموونانەی خوارەوە.

حیمار ئەلباریقی: شاعیرێکی سەردەمی پێش ئیسلامە، دەڵێت شیعر وێنەگرتنی کەسێتی و خودی شاعیرە، بۆیە لە هەر شاعیرێک بەجۆرێکە و، شیعریش وەکو هاوێشتنی تیرە یان ئەپێکێ یان نە:

الشعر لبُّ المرءِ يعرضه
والقول مثل مواقع النبلِ
منها المقصر عن رميته
ونوافذ يذهبن بالخصْلِ(١)

تەمیم بن ئەبی موقبیل: باسی جوانی و ڕێکی شیعرەکانی دەکا و دەڵێت:

اذا متُ عن ذكر القوافي فلن ترى
لها تالياً مثلي اطبَّ واشعرا
واكثر بيتاً مارداً ضُربت له
حزون جبال الشعر حتى تيسرا(٢)

ئیبن هەرمە: خۆی بەزێڕینگرێکی لێهاتوو دەچوێنێ، بەڵام وشە دادەڕێژێ نەک خشڵ، جوانییەکەشی بۆیاغێک نییە بڕوات بەڵکو هەر گرانبەها و بەچێژە و نەمانی بۆ نییە.

أني امروء لا أصوغ الحلي تعلمه
كفايَ لكن لساني صائغُ الكلِم(٣)

هەروەها باسی ئەوە دەکات کە شیعرەکانی زۆر و زوو کار لە جەماوەر دەکات و دەڵێت:

لاحملنك من شعري على فرس
من المذبّة مأمون على الزلق
يأتي بك الصين في يوم وليلته
كالريح يأتي على مكران والسلق(٤)

کەعب بن زوهێر: ستایشی شیعرەکانی و شاعیریەتی (حوتەیئە)دەکا، دەڵێ

١) د. المطلبي، الشعراء نقاداً، ص٢٢.
٢) سەرچاوەی پێشوو، ص٢٦، هەروەها بڕوانە، ديوان بن مقبل، تحقيق د. عزه حسن، دمشق، ١٩٦٢،ص١٣٦.
٣) سەرچاوەی پێشوو، ص,٢٨
٤) سەرچاوەی پێشوو.



PDF4Kurd

شاعیرانی تر ناتوانن وەکو ئەو شیعر دابهێنن و دەڵێت:

فمن للقوافي شانها من يحوكها
اذا ماثوى كعب و فوز جرول

هەروەها شانازی بەوەوە دەکات کە شیعرەکانی بەهرەیە و دەسکرد نییە.

يقول فلايعيا بقول يقولهُ
ومن قائليها من يسيء ويعمل
يقومها حتى تقوم متونها
فيقصر كل مايتمثل
كفيتك لاتلقي من الناس شاعراً
تنخل منها مثل ما أنتخل(١)

ئەلئەسەم ئەلباهیلی: دەڵێ شیعرەکانم لە سەرچاوەیێکی بەپیت و بەرین هەڵقوڵاون. لەبەر ئەوە بێ گەردن و رەسەنن و دوورن لە خەوشکاری و درۆ و دەلەسە. ئەمەش نموونەیەکی بەرزی شیعری عەرەبین.

القي قذى الشعر عنه حين أبصره
فما بشعري من عيب ولا ذام
كأنما اصطفى شعري وأغرقه
من لج بحر غزير زاخر طام
منه غرائب أمثال مشهّرة
ملمومة زانها وصفي واحكامي(٢)

هەروەها هەندێ شاعیری وا هەنە زۆر گرنگی بەهۆنینەوە و وردەکاری لە شیعرەکانیان دەدەن، بڕیار دەدات کە شیعرەکانی بێ کەموکوڕی هۆنینەوەن لەمانە.

عودەی بن رەققاع ئەلعامیلی دەڵێ:

وقصيدة قد بت أجمع بينها
حتى أقوم ميلها وسنادها(٣)

هەر لەم بارەیەوە جەریر دەڵێ:

١) سەرچاوەی پێشوو، ص٢٩، هەروەها بڕوانە، ديوان كعب بن زهير، شرح صفة السكري، القاهرة، ١٩٥٠، ص٦٠.
٢) د. الممطلبي، الشعراء نقاداً، ص ٣٠.
٣) سەرچاوەی پێشوو، هەروەها بڕوانە، ديوان النابغة الذبياني، مصطفى صادق الرافعي، بيروت، ١٩٦٠، ص٥٤.



فلا إقواء اذا مرس القوافي
بأفواه الرواة ولا سنادا(١)

تەریح بن ئیسماعیل ئەلسەقەفی: دەڵێ قەسیدەیەک دەهۆنمەوە کە وەکو هۆنینەوەی ملوانکە و خشڵ بێت:

يقودني الود والاخلاص مخترمي
من أبعد الارض حتى منزلي كثب
وحوكي الشعر أصفيه وانظمه
نظم القلادة فيها الدر والذهب(٢)

ئیمروئولقەیس: بەم شێوەیە باسی هۆنینەوەی شیعرەکانی دەکا و دەڵێ:

اذود القوافي عني ذيادا
ذياد غلام جريءٍ جرادا
فلما كثرت وأعيينني
تنقيت مُنهن عشراً جيادا
فأعزلُ مرجانها جانباً
وآخذ من درّها المستجادا(٣)

هەروەها زۆر جار شاعیری ڕەخنەگر دەچێتە مەیدانی شانازی بەخۆ و هۆزەکەیەوە، وەهۆزەکەی بەخاوەن داهێنان و سەرچاوەی شیعر وتندا لە قەڵەم دەدا. هەروەها باسی کارتێکردن و رەواجی شیعرەکانی بەسەر خەڵک و شیعرگێڕەکاندا دەکا. لەم ڕووەوە(ئیبن مەیادە) دەڵێ:

فجرنا ينابيع الكلام وبحره
فأصبح فيه ذو الرواية يسبح
وما الشعر الا شعر قيس و خندقٍ
وقول سواهم كلفة وتلمح (٤)

لە گەڵ ئەوەشدا هەندێ شاعیر شانازی بە بەهێزی و بەردەوامی شیعرەکەی دەکات لە داشۆرین و ستایشدا. (خەنسا) دەڵێت:

١) سەرچاوەی پێشوو.
٢) سەرچاوەی پێشوو،ص٣١.
٣) د. المطلبي، مواقف في النقد والادب، ص ١٩٧.
٤) د. ا لمطلبي، الشعراء نقادا، ص٣٣.



PDF4Kurd

وقافية مثل حدّ السنا
نتبقى ويهلك من قالها
تقدّ الذؤابة من يذبل
أبت أن تفارق أوعالها(١)

هەروەها دەربارەی هەمان بابەت، چەند شاعیرێکی تر بیروڕای جیاواز دەڵێن لەمانە فەرەزدەق دەڵێ:

ومن يك خائفاً فرطات شعري
فقد أمن الهجاء بنو الحرام
هم قادوا سفيههم وخافوا
قلائد مثل أطواق الحمام(٢)

حەسسان بن سابیت دەڵێ:

لساني وسيفي صارمان كلاهما
ويبلغ ما لايبلغ السيف مذودي(٣)

دیسان(ئەسمەعی) دەڵێ:

أبى الشعر ألا ان يفئ رديئة
علي ويأبى منه ماكان محكماً
فياليتني اذا لم أجد حوك وشيه
ولم أكُ من فرسانه، كنت مفحماً(٤)

جگە لەمانە کە باسمان کرد. بەدەیەها نموونانەی تر دۆزیومانەوە لەناو بەرهەمی شاعیرانی عەرەبدا. کە دەربارەی هەمان بابەت شیعریان داناوە و بۆچوون و بیروڕای تر دەخەنە ڕوو. بەڵام هەر ئەمانە بەگرنگی زانیومان کە باسمان لێوە کرد. بۆ ئەوەی هەنگاو بهاوێژین بەرەو سەرەتاکانی ڕەخنە لە ئەدەبی کوردیدا و بەتایبەتی لە شیعری کلاسیکیدا. لە پێناوی دەستکردنی ئەم دیاردەیە و ڕەنگدانەوەکەی لە ئەدەبەکەمانیشدا.

١) سەرچاوەی پێشوو، ص٣٤، هەروەها بڕوانە، جمهرة اشعار العرب، لابي زيد محمد بن الخطاب القرشي، تحقيق علي محمد البجاوي، القاهرة، ١٩٢٦، ص٦١٥.
٢) سەرچاوەی پێشوو، ص٣٥.
٣) د. احسان النص، حسان بن ثابت، مصر، ١٩٧٤، ص١٥٨.
٤) د. المطلبي، الشعراء نقاداً، ص٩.



## سەرەتاکانی ڕەخنە لە ئەدەبی کوردیدا

گومانی تێدا نییە کە ڕەخنەی ئەدەبی ڕەنگدانەوەی ئەدەب خۆیەتی و ئەنجامی پەرەسەندن و پێشکەوتنی ئەدەبەکەیە، چونکە ڕێی تێ ناچێ ڕەخنەی ئەدەبی پێش پەیدابوونی ئەدەب پەیدا ببێ، بەم پێیە کە ڕەخنە لقێکە لە لقەکانی ئەدەب و بەپەرەسەندنی پەرەدەستێنێ و بەگەشەکردنی گەشە دەکات. وا باوە کە لق سەر بەگشت دارەکەیە، ئەگەرچی لقەکە ڕەنگوڕووی تایبەتیی خۆیشی هەیە. هەروەها پێشکەوتنی ڕەخنە پێوەندی بەپلەی شارستانەتیی گەل و پێشکەوتنی زانستی و ڕۆشنبیریی لەناو کۆمەڵدا هەیە. ڕەخنە هەرچەند زادەی پەرەسەندن و پێشکەوتنی ئەدەبە، بەڵام دەتوانێ کارێکی گەورە بکاتە سەر نووسەران تا ڕادەی ئەدەبەکەیان بەرزتر بکەنەوە کە ڕەنگە بیگەیەننە ڕادەی داهێنان، ئەمە ئەگەر، ئەو ڕەخنەیە پەسند و مەوزووعی بوو وە لەسەر پێوانەی نوێی ڕەخنەگری بنیات نرابوو.

ئینجا کە باس دێنینە سەر ڕەخنە لە ئەدەبی کوردیدا، دەبێ بەپلەکانی پێشکەوتنی ئەدەب خۆی و پەیدابوونی لقە جۆربەجۆرەکانی دەست پێ بکەین ئەگەر چی بەکورتیش بێ – بۆ ئەوەی بتوانین سەرەتای دروستبوون و پێشکەوتنی دەستنیشان بکەین.

کەوا بێت دەبێ لە فۆلکلۆرەوە دەست پێ بکەین، (فۆلکلۆریش: بریتییە لە ئەفسانە و چیرۆک و حیکایەت و قسەی نەستەق و پەندی پێشینان و بەیت و باڵۆرە و گۆرانی و داب و دەستوورەکانی کۆڕی ئایینی و... هتد.

ئەمانە هەموو بنچینەی ئەدەبی کوردی بووە ئەمە کەرەسەی ڕۆشنبیریی گەلی کورد بووە کە دەماودەم لە نەوەیەکەوە گەیشتووە بەوی تر و لە کۆڕی مزگەوت وماڵاندا گوتران. هەروەها لە کۆنەوە بەدرێژایی مێژوویەکی چڕوپڕ، بەرهەمێکی تاقیکردنەوەکانی ئەم گەلە بووە).(١) لەناو ئەم بەرهەمە دەوڵەمەند و ڕەنگینەدا، کە شەقڵی گەلی کوردی پێوە دیارە هاتۆتە کایەوە لە ئەنجامی خۆشی و ناخۆشییەکانی ژیانیتی لە دێرین زەمانەوە تاکو ئێستاش هەر شتی تازەی دەخرێتە سەر و بەردەوامیشە.

لەبەرئەوە شتێکی سروشتییە کە لە ناو جۆرەکانی ئەم ئەدەبەدا، دەقی ڕەخنەیی سادە و ساکار بدۆزرێتەوە چ بەشێوەی هۆنراوە بێت یانیش بەپەند و مەتەڵ و گاڵتە و گەپ و قسەی نەستەق بێت. لێرەدا بەڵگەیەک بۆ چەسپاندنی ئەو ڕایە دێنین وەکو ئەم نموونەیە (قسە بیگێژە، بیبێژە، بیویژە).(٢) کە جۆرێکە لە قسەی نەستەق و بیرێکی ڕەخنەیی

١) اسماعیل ڕسول، چەند باسێک، ل٤٠.
٢) علاء الدین سجادی، دەقەکانی ئەدەبی کوردی، بەغدا، ١٩٧٨، ل١٥٩.



PDF4Kurd

تێیدا بەدی دەکەین و نەوەی کورد هەر لە کۆنەوە دەرک و هەستیان بەم جۆرە دارشتنانە کردووە و ئاراستەی یەکتریان کردووە. بۆ دەستنیشانکردنی ئەو قسە و ئاخافتنانە کە لە دەم دەرچوون تازە ناگەڕێتەوە، چونکە ئەگەر بەپوختی نەیەتە دەرەوە ئەو کاتە زیان دەبەخشێت. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا نابێت پشت ببەستینەوە بەفۆلکلۆرەوە بۆ دەستنیشانکردنی سەرەتای ڕەخنەی ئەدەبی کوردی. چونکە مەبەستمان تەنیا ئەدەبی نووسراوە و دەبێ لەو ئەدەبەوە لێکۆڵینەوەکە دەست پێ بکەین.

ئەدەبی نووسراومان بەشێوەیەکی گشتی ئەوەی بەدەست ئێمە گەیشتووە لە سەدەکانی ڕابردوودا (تەنیا ئەدەبێکی هۆنراوەییە، نەوەک ئەدەبی پەخشان. چونکە لەو سەردەمەدا هۆنراوەکە زمانی ویژدانی بوو، ژێری هێشتا پیایا نەئالابوو تا بتوانێ بارەکەی بگۆڕێ بەلایەکی تردا). (١) بەم پێیە (ڕەخنەش لەلای کورد وەک لای عەرەب و زۆربەی گەلان، لە نێوان شاعیرەکاندا پەیدا بووە، دەتوانرێ بگوترێ بەبێ دوودڵی کە پلەی دوای ئەدەبی فۆلکلۆری پلەی شیعرە). (٢)

کە پێگەیشت و بەنیشانەی بنچینەی ئەدەبی کوردی دانرا. ئەم ڕاستییە وەکو گەوهەرێکی پڕشنگدار خۆی پیشان دەدا کە (لە سەرەتای پلەی شیعر گوتندا، شاعیرەکان بەرهەمی یەکتریان بەستایش یان بەزەمکردن هەڵدەسەنگاند و پێوانە لە حوکمدان بەسەرچاک و خراپی شیعرێک یا چەند دێڕێکدا بەپێی چێژی شاعیرەکە و جۆری نەریت و پێوانەکانی هەڵسەنگاندنی شیعری ئەو سەردەمە بووە لە کێش و لە سەروادا). (٣)

هەروەها لەو سەردەمانەدا (کۆڕی ئەدەبی لە دیوەخانی میر و ئاغا کوردەکان و لە حوجرەی فەقێیەکان و مزگەوت و خانەقاکاندا و هەندێ بۆنەی تایبەتیدا دەبەسترا، کە شاعیرەکان شیعریان تێدا دەخوێندەوە و زۆر دەمەتەقێ لەسەر ئەم دێڕە یان ئەو قەسیدەیە گەرم دەبوو، شاعیرانیش بەپێی پایە و پلەیان لە شیعردا دەستنیشان دەکران). (٤)

ئینجا بەم پێیە دەتوانین بڵێین ڕەخنە کارێکی کۆنە لە ئەدەبی جیهاندا، ئەم بۆچوونەش سەبارەت بەئەدەبی کوردیشەوە ڕاستە، چونکە (ئەم دشێین بێژین کو ل ناڤ چڤاکی کوردەواری ژی کەڤنارە و هەر هەبوویە. دەمێ هۆزانڤان و تورەڤانێن مەیێن

١) علاء الدین سجادی، ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی، بەغدا، ١٩٦٨، ل٢٩.

٢) حسین علی شانوف، شیعرێ شاعیرێ کوردێ هاوچەرخ عبدالله گۆران، وەرگێڕانی شکور مصطفی، بەغدا، ١٩٧٥، ل٤.

٣) اسماعیل ڕسول، چەند باسێک، ل٤١.

٤) سەرچاوەی پێشوو، .



بەرێ ل چڤاتا دڕونیشتن و پالسەنگانێ ب مالکێن هۆزانا دکر و هەڤبەر دکرن، هێز و لاوازی تێدا دەستنیشان دکر لێ ل سەر پەیسکێن نڤیسینا چاخێ خوە). (١)

لە بەر ئەوە چاک وایە بەوردی گوێ (لە نووسەرانی ڕەخنەگری بگرین و بزانین هونەرمەندەکان کامیان لە بارن و کامیان نالەبارن. بەڵام چاکتر وایە گوێ لەو هونەرمەندانە بگرین کە گرنگی دەدەنە لایەنێکی کارەکەیان، جا چ شاعیرەکان خۆیان لەسەر بەرهەمی خۆیان بنووسن یاخود هاوڕێیەکانیان کە باشیان دەناسن و دەتوانن هەڵیان بسەنگێنن. ئەم جۆرە کەسانە کە خۆیان بەڕەخنەوە خەریک دەکەن دەتوانن گرنگی بدەنە ناوەڕۆکی باسەکە و زمان و شێوەی باسەکە بۆ ئەوەی خۆشی و ڕەزامەندی و داهێنان لە دەروونی کەسانی تردا بەرپا بکەن). (٢)

چونکە لەڕاستیدا ئەو شاعیرانەی کە ڕەخنەگربوونە و باش لە ئەدەب گەیشتووبوون (توانای ئەوەیان هەبووە باسی چۆنیەتی دروستبوونی کاری ئەدەبی و مەبەستی کاری ئەدەبییان بۆ ڕوون بکەنەوە. لەگەڵ دەستنیشانکردنی چۆن کاری ئەدەبی دەست پێدەکا و دیارکردنی شێوازە هونەرییەکەی و ئامانجێتی). (٣) بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین بڵێین ڕەخنەی زانستانە بەپێوانەی ئێستا لە ئەدەبی کوردیدا هێشتا پەیدا نەبووبوو. ئەم حاڵەتە تا چارەکی یەکەمی سەدەی ئێستامان بەردەوام بوو کەوا پێش ئەم ماوەیە هیچ ڕەخنەیەکی نووسراومان بەپەخشان دەست نەکەوتووە، جگە لە بیروڕا و تێبینی شاعیرەکانمان کە بەشیعر دەربڕاون، (ڕەنگە هۆی کاریگەری ئەمەش بگەڕێتەوە بۆ ئەو دواکەوتنە ڕۆشنبیرییەی کە لە ئەنجامی باری کۆمەڵایەتی و ڕامیاری ئەوسادا پەیدا ببوو، کەوا پێوەندی بەکۆمەڵایەتییەکانی بەرهەمهێنان دواکەوتووبوون، هەروەها بەهۆی دەسەڵاتداریی ڕژێمی تیرەگەری و دەرەبەگایەتی و ژێردەستەیی ساڵەها ساڵی ناوچە کوردییەکان بۆ دەسەڵاتی فارسی و عوسمانی و پەیدابوونی حاڵەتێکی بەسامی دواکەوتنی فیکری و کۆمەڵایەتی و نەبوونی هیچ پێویستییەکی بووژاندنەوەی ڕۆشنبیریی نەتەوایەتی، یان دوورەپەرێزی لە ڕێبازەکانی فیکری و ئەدەبیی جیهانی و لەو ڕاپەرینە شارستانییەی سەدەی هەژدە و نۆزدەی ئەوروپا). (٤)

بەڵام لەگەڵ ئەو بارە دواکەوتووەشدا، شاعیرانی کلاسیکی کورد، وەکو شاعیرانی

١) سەرفراز عەلی نقشبندی، ڕەخنا دەڤلو، گۆڤاری بەیان، ژ(١٤٩)، ١٩٨٨، ل ٧٠.

٢) أ. سکوت جیمس، صناعة الادب وبعض مبادیء النقد في ضوء النظریات النقد القدیمة والحدیثة، ترجمة هاشم الهنداوي، مراجعة د. عزیز المطلبي، بغداد، ١٩٨٦، ص ١٨.

٣) سەرچاوەی پێشوو، ص٣١٠.

٤) اسماعیل ڕسول، چەند باسێک، ل ٤٢.



PDF4Kurd

گەلانی تر، هەوڵ و کۆششیان داوە، کە بەرهەمەکانیان برازێننەوە بەبیروڕای ڕەخنەیی، چونکە هیچ ساتێک ئەدەب بەبێ ڕەخنەیەکی پڕ سوود نەیتوانیوە هەنگاوی گورجوگۆڵانەی خۆی بهاوێ لە مەیدانی ژیان و ناگرۆزەییەکانی کۆمەڵدا. بەم پێیە ڕەخنە و بەرهەمی ئەدەبی هەریەکەیان لایەکەی تریان تەواو دەکات و بەیەکێتی هەردوو لایان کاریان دەکاتە سەر ئەنجامێکی پوخت.

بەم ڕەنگە ئێمەش هەر لە سەرەتای ئەم کارەمانەوە، بڕوایەکی وا دەچەسپێنین کە ئێمە خاوەن ڕەخنەی ئەدەبین. چونکە خاوەنی ئەدەبێکی دەوڵەمەندین، کە سەر بەکلاسیکییەت و ڕێبازەکانی ترە. چونکە لە ڕاستیدا (ئەگەر ڕەخنە نەبایە ئالای ئەدەب لایان بەرز نەدەبۆوە هیچ مەبەستێکیانیش پێک نەدەهات)،(١) لەگەڵ ئەمەشدا ڕاستە گەلێ جار تاریکایی چۆکی قورسی داوەتە سەرسنگی کۆمەڵی کوردەواری، تەنگی بەهەناسە ڕووناکەکانی هەڵچنیوە هەروەکو لەمەوپێش باسمان کرد، بەڵام هەرگیز ترووسکایی ئەدەب و وشەی کوردی نەکوژاوەتەوە. ئێستاش خۆمان بەرامبەر سامانێکی دەوڵەمەند دەبینین کە پێویستی بەشیکردنەوەیە نرخ و بایەخە سەردەمییەکانی لێ دەربێنێ و بایەخە ئێستاتیکی و ئینسانییە هەرگیز نەمرەکانی بەدەرخەین. ئەم کارەش ئەنجام دەدرێ بەهۆی هەڵێنجانی ئەو سامانە و دیارکردنی ئەو دەقە ئەدەبیانەی کە بیرێکی ڕەخنەیی دەبەخشن، جا بەم پێیە ئێمەش ڕوو لە ئەدەبەکەمان دەکەین بۆ دیاریکردنی ئەو لایەنانە کە ڕاستەوخۆ پێوەندییان بەڕەخنە و ڕەخنەگرییەوە هەیە، هەرچەندە ئەم جۆرە ڕەخنەیەش ڕەخنەیەکی سادە و ساکارە لەسەر چێژ و کارتێکردن و سروشت بنیات نراوە، کە ئەمەشیان بنەمایەکی بنچینەییە و ناکرێ پشتگوێ بخرێ.

هەر ئەوەبوو کە شاعیر بەهۆنراوە چەند بنەڕەتێکی ڕەخنەیی چەسپاندووە بەهۆی شانازی و ستایشکردن، یانیش بەرهەمی شاعیرانی تر بەناپەسند و لەکولار لە قەڵەم داوە، یاخود باسی سەرچاوەی هۆنراوە و داڕشتنی زمانەکەی کردووە. یان بەهۆی بەراورد و بەراوردکارییەوە چەند بیرێکی ڕەخنەیی دەربڕیوە و نرخ و بەهای خۆیان تێیدا دیارکردووە.

کە ئەم جۆرە ڕەخنەیە سەبارەت بەو سەردەمەوە کارێکی ئاسایی بوو. هەروەکو لەمەوپێش تاقیکردنەوەی شاعیرانی عەرەب بەنموونەی جۆر بەجۆر لەم ئاستەوە باسمان کرد. جا بۆ دەستنیشانکردنی سەرەتای ڕەخنەی ئەدەبیمان دەبێ بزانین شاعیرەکانمان چییان وتووە لەم بارەیەوە، ئەم باسەش لەمەودوا بەدرێژایی لێی دەدوێین.

١) د، احمد مطلوب، دراسات بلاغية ونقدية، بغداد، ١٩٨٠،ص ١٢.



## بەشی دووەم

# ڕەخنەی ئەدەبی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا

## لە سەدەی شازدەم-هەژدەم

مەلای جزیری – ئەحمەدی خانی

### ڕەخنەی ئەدەبی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا

لە بەشی یەکەمدا باسی چەند بابەتێکی زانستیمان کرد،کە ڕاستەوخۆ پێوەندییان بەڕەخنە و ڕەخنەگرەوە هەبوو. بۆ ئەوەی هەنگاو بهاوێژین بەرەو چۆنێتی پەیدابوونی ڕەخنەی ئەدەبی لە شیعری کلاسیکی کوردیداو بەدرێژایی لەم بابەتەوە بکۆڵینەوە. جا بۆ دەستنیشانکردنی ئەم سەرەتایە، دەبێت لە دەستپێکردنی ئەدەبەکەدا پێیدابێین و لەلای ئەو شاعیرانە بوەستین کە بیروڕای ڕەخنەییان هەیە. چونکە سامانی نەتەوایەتی دێرینی کلاسیکی کوردی لە هۆنراوەدا، گەر بەههەر پێوانێک هەڵبسەنگێنرێ بێ گومان بەرهەمی وای تێدا بەرچاو دەکەوێت کە شیاوی ڕێز و نرخ پێدانە.

چونکە مێژوونووسی ئەدەب لە دووتوێی ئەو سامانەدا تێبینی دەکات کە هەڵبەست هەیە لە ڕووی بنیاتنان و تەکنیکی داڕشتنەوەدا وەکو چوارینەکانی بابەتاهیر. هەروەها هەڵبەست بەدی دەکرێ کە لە ڕووی ناوەرۆک و پەیامدارییەوە نموونەی بەرزی هۆنراوەی نەتەوایەتین وەکو بەرهەمەکانی مەلای جزیری و نالی و مەولەوی و حاجی و شێخ ڕەزا و......... هتد.

(جگە لە هۆنراوەی درامی کە مەم و زینەکەی ئەحمەدی خانییە کە لە ڕووی ڕەگەزەکانی ئەم هونەرەوە لوتکەی خولقاندن و جوانکارییە).(١)

لەبەر ئەم دیاردەیە لە هۆنراوەی کوردیدا کە بێ گومان ڕەگوڕیشەیەکی ئێجگار کۆنی هەیە، بوون و دەمدانی ڕەخنەیی دەسەڵمێنێ لە ئەدەبی کلاسیکی کوردیدا.

ئەوەی ئاشکرایە ڕەخنەی ئەدەبی ئەرکێکی گەورە و گران و پیرۆزە ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینێت لە گەشەپێدانی ئەدەب و هەوڵدانی خەملاندنی و پێشکەوتنی و تیشک

١) د. کامل بصیر، لاسایی کردنەوە ڕەسەنی لە ڕەخنەسازیی کوردیدا، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق (دەستەی کورد)، بەرگی هەشتەم، بەغدا، ١٩٨١، ل ٨.



PDF4Kurd

خستنە سەر ڕێچکەی ئەو وشە خزمەتگوزارانەی بەرەو ئاسۆ ئایدۆلۆژی و بیرکردنەوە هەمە ڕەنگەکان بۆ مەبەستی تواندنەوە لە خواست و ژانەکانی کۆمەڵدا لە ڕەوتدایە و وەک سایە لە دووی کاروانی نوێخوازی و داهێنان و ڕەسەنایەتی بێ ئاوابوون سنگ ئەنێ بۆ پێشەوە، کە لە ئەنجامدا ڕەنگی شارستانییەکی ئەدەبی بنچینە تۆکمە دەڕێژێ هەر بەو هۆیەش بزووتنەوەی ئەدەبی شەقڵی پێشکەوتنی هەمیشەیی پێوە دیار دەبێت و لە پاشاگەردانیش قوتار دەبێ.

بەم پێیە (ڕەخنە دەورێکی ڕۆشنبیری و هونەری و جڵەوگیری دەگێڕێت و ڕێگا خۆشکەر دەبێت بۆ بزووتنەوەیەکی هونەری چالاک، ڕەخنە خۆی لە خۆیەوە کردەوەیەکی داهێنانەی بەرز و پیرۆزە و سەنگی تایبەتی خۆی هەیە کە هیچ کەمتر نییە لە بزووتنەوەی هونەری ئەگەر پتریش نەبێ).(١)

لە ڕاستیدا (بەهیچ جۆرێک چاوەڕوانی گەشەکردنی ئەدەب ناکەین بەبێ دژوار... و وردتر بڵێین ئەدەب بەبێ بیری ڕەخنەیی و ڕێبازە جۆراوجۆرەکانی ڕەخنە گەشە ناکات).(٢)

جا لەبەر ئەم هۆیانە دەبێت هەر هۆنراوەی کلاسیکی کوردی بکەین بەبنەڕەت و بنچینە بۆ دەست پێکردنی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی. چونکە شتێکی سەیر و نالەبارە ئەگەر هاتوو لە ماوەی پێنج سەدەدا- واتە لە سەدەی شانزدەهەمدا تاکو سەرەتای سەدەی ئێستا، هیچ بیروڕا و تێڕوانینی ڕەخنەیی لەم ئەدەبەدا بەدی نەکەین. لەگەڵ ئەوەشدا کە شاعیرەکان لوتکەی بلیمەتی و شاکاری تیادا نواندووە و ئەدەبێکی ناتەواو و لاواز نییە، بەڵکو ئەدەبێکی ڕەنگین و ناسک و کامڵ و دەوڵەمەندە و لە هەر ڕوویەکەوە ئەگەر تەماشا بکرێ. کەموکوڕی ئەوتۆی تێدا بەدی ناکەین، بەڵکو توانیویە لەگەڵ ڕەوڕەوەی مێژوو هاودەنگ ببێت و گەشە و خەملاندنی خۆی بپارێزێت. هەرچەندە دابڕینێک بەدی دەکرێ، ئەگەر هاتوو بەپێی ناوچەیی لەقەڵەم بدرێ. بەڵام ئەم دابڕینە دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەک لێرەدا دەرفەتی ئەوە نییە باس بکرێ.

ئەوەی ئاشکرا و دیارە کە لەم ماوەیەدا هیچ کتێب و وتار و چەشنەکانی تری دانان بەدەستی ئێمە نەگەیشتووە تاکو بتوانین بیکەین بەچرای دۆزینەوەی سەرەتای مێژووی ڕەخنەی کوردی، هەروەها لەو ماوەیە دوورو درێژەدا، شاعیرەکانمان توانیویانە کەڵک و سوود لە هەموو تاقیکردنەوە و جۆرە تازەکردنەوەیێکی ئەدەبیاتی گەلانی دراوسێدا وەربگرن و پەیڕەوی بکەن لە بەرهەمەکانیاندا، جگە لە شتی خۆماڵی کە ڕاستەوخۆ

١) عەزیز گەردی، ئەدەب و ڕەخنە، چاپی یەکەم، بەغدا، ١٩٧٤، ل ٢٨.

٢) د. احمد كمال زكي، النقد الادبي الحديث، اصولة واتجاهاتة، القاهرة، ١٩٧٢، ص ٩.



پێوەندی بەبارودۆخی ناهەموار و تیژ و دژواری کۆمەڵەکەی پێوە دیارە.

ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ کە شاعیرەکانمان هوشیار و چالاک بوون و ئاگاداری تەواویان هەبوو لە ئەدەبییاتی ڕۆژهەڵات بەگشتی و گەلانی دراوسێ بەتایبەتی، وە شاعیرەکانمان بەپێی کات و شوێن لە بەرهەمەکانیاندا خاوەنی جیهانێکی بەربڵاو و ناسک بوون، زۆربەیان باوەڕیان بەخۆیان هەبوو بێ سڵەمینەوە و ڕاڕایی ڕاکانیان دەرئەبرن. جا کەوابوو چۆن شاعیرەکانمان ئاگاداری تاقیکردنەوەی گەلانی ناوبراو نەبوون لە ڕووی بزووتنەوەکانی ڕەخنەیی لە ئەدەبەکانیاندا!

لەگەڵ ئەوەشدا شتێکی ئاشکرا و دیارە کە ئەدەبی کلاسیکیی ڕۆژهەڵاتی بەگشتی یەک شەقڵ و سیمای پێوە دیارە، ئەمەش بەهۆی کارتێکردنی ئایینی ئیسلام بوو.

لێرەدا بەدڵنیایی و بێ دوودڵی دەڵێین کە شاعیرەکانمان ئاگاداری ئەو جۆرە ڕەخنانە بوون کە لە ئەدەبییاتی ڕۆژهەڵاتدا سەری هەڵداوە و توانیویانە بەهۆنراوە بیروڕای ڕەخنەی خۆیان دەرببڕن بەشێوەیەکی شیاو و گونجاو بۆ ئەوەی بگەنە ئەو پایە و لوتکەیەی کە هەموومان شانازی پێوە دەکەین.

ئینجا بەپێویستی دەزانین گەشتێک بەناو بەرهەمی شیعری کلاسیکی کوردیدا بکەین بۆ دەرهێنان و دەستنیشانکردنی ئەو هۆنراوانە کە یەکسەر پێوەندییان بەڕەخنە و ڕەخنەگرەوە هەیە و جۆرە سەرەتاییێک و دەمدانێکن لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردی و بگەینە بەڵگەیەکی پتەوی بۆچوونەکەمان.

لە بەردەمی ڕووناکی ئەم شتانە کە باسمان کردن. (بەپێی پلە، ئەو پلەیە کە لە بەر دەستمانایە باسی پارچە ئەدەبی کوردی ئەکەین، باسی ئەو سەردەمانەی ئەکەین کە پارچەکە لەو کات و چاخەدا ئەو شتەی هەڵگرتووە کە خاوەنەکەی مەبەستی بووە، ئیتر ناهێنین ئەوە بێژین:

ئەو پارچەیە لەم وەختەدا چ بیروباوەڕێک هەڵئەگرێ ئەوە لە سەردەمی دانانی پارچەکەدا چەشنی بیروباوەڕ و گوزارەی ئێستەی بووە؟

واتە هونەرەکە ئەم گوزارەیەی مەبەست بووە، بۆیە ئەمە نابێژین، چونکە ئەگەر ئەمەی مەبەست بووبێ پلە (تدرج) لە ئەدەبا نابێ).(١)

وە بۆئەوەی ئەنجامی کارەکەمان بەشێوەیەکی پوخت و نایاب لەقەڵەم بدەین، دەبێ پەنا بەرینە بەر شیعری ئەو شاعیرانە کە ئەم جۆرە زانستە لە شیعرەکانیاندا بەدی دەکەین و تیشک دەخەینە سەر شیعری(دە) شاعیری کلاسیکی و بەپێی مێژووی ژیانیان باسیان لێوە دەکەین، واتە دەبێت لە (مەلای جزیری)یەوە دەست پێبکەین کە لە

١) علاءالدین سجادی، ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی، بەغدا، ١٩٦٨، ل ٢١٨.



PDF4Kurd

سەدەی شانزدەهەمدا ژیاوە، ئینجا بەرەو ئەحمەدی خانی و سالم و کوردی و مەولەوی و حاجی قادری کۆیی و شێخ ڕەزا و مەحوی و میسباح- ددیوان (ئەدەب).

هەریەکێکیان بەشێوەیەکی جودا باسی دەکەین لە ئەوی تر تاکو لێکۆڵینەوە کە خەستترو ئەنجامێکی باشتر بدات بەدەستەوە.



## ڕەخنەی ئەدەبی کوردی لەسەدەی شانزدەم- هەژدەم

### مەلای جزیری

بەمەلا ئەحمەد یا شێخ ئەحمەد بەناوبانگە لەساڵی(١٥٦٠)ی ز لەدایکبووە. لە ساڵی (١٦٤٠)ی ز کۆچی دوایی کردووە، لەبەر ئەوەی لە شاری (جزیرە)ی پایتەختی بۆتان ژیاوە، بەجزیری ناوی دەرکردووە. ئەوەی دەربارەی ژیانی مەلای جزیری دەزانرێت کەمە و بەڵگەی تەواو بۆ ڕاستی بەدەستەوە نییە. بەرابەری ئەدەبێکی کوردی دەژمێررێت. چونکە لە سەردەمی خۆیدا شتێکی هێنایە ناوەوە کە تەواو تازە بوو.

### بیروڕای ڕەخنەیی لەلای مەلای جزیری

جزیری نەک تەنیا شاعیرێکی لێهاتوو و زەین تیژ و شاکاربووە، بەڵکو یەکێک بووە لەو کەڵە شاعیرانەی کە توانییە بەهۆی داهێنان و خوڵقاندنی بەرهەمی ئەدەبییەوە زۆر شت ببەخشێت بەنەوەکانی پاش خۆی بەردی بناغەی کاری ئەدەبی کوردی بچەسپێنیت. چونکە لە ڕاستیدا جزیری (جگە لەوەی هۆنەرێک و هونەرمەندێکی بەرزی کوردانە و بولبولی باغچەی ئەدەبی کوردییە. هەتا هەتایە نەوا و سۆز و ئاوازی کپ نابێ، وەکو زەنگوڵە لە شاخە بەرزەکانی بۆتانەوە دەنگ ئەداتەوە، ڕێگا بۆ کاروانی هۆنەرانمان نیشانە ئەکا. بۆ ئەوەی بەخەڵکی بسەلمێنێ کە (جزیری) کێیە و کە هۆنراوەکانی قسەی پەتی نین، بەڵکو دوڕ و گەوهەری، کاشی ئەدەبی کوردستانن).(١)

بەم پێیە مەلا خاوەنی بەهرەیەکی بێ سنوور بووە توانیویە کەرەستەیەکی شیعری چاک بهۆنیتەوە و تێدا بیروڕا و تێڕوانینی ڕەخنەیی بدرکێنێ بەرامبەر ڕەخنە و ڕەخنەگرەوە. لە چەند دێڕێکدا بنەڕەتێکی ڕەخنەیی دەستنیشان دەکا، سەبارەت بەسەرچاوەی هۆنراوە و بۆچوونەکانی بەم شێوەیەی خوارەوە دەنوێنێ.

شیعرا تە(مەلا) سیحری شەکەر ڕیزە بەموعجیز
زانم ژ لەپێ لەعل تە ئەڤ لەفز و ئەدا گرت
د ئیعجازی بەیانێ دا سوخەن گەر بێتە ئینسافێ
دزانت موختەسەر هەرکەس (مەلا) سیحرە عیبارەت کر(٢)

شیعری خۆی بەموعجزات ناودەبا و سیحرێکە شەکری لێ دەبارێ لێرەدا قسە

١) علاءالدین سجادی، دەقەکانی ئەدەبی کوردی، بەغدا، ١٩٧٨، لە ٦١.

٢) دیوانی عارفی ڕبانی شێخ احمدی جزیری، هەژار شەرحی لێ کردووە، تهران، ١٣٦١،ل ١٢٢، ل ٢٢٩.



PDF4Kurd

ئاراستەی خۆی دەکا و دەڵێ – دەزانم شیعری وا، لە وزەی خۆتی تەنیادا نییە. لە خۆشی و یادی لێوی ئاڵی وەک لاڵ ئەو قسانەت بۆ هاتووە. هەروەها ڕوو دەکاتە خەڵک و پێیان دەڵێ ئەگەر ویژدانتان هەبێ، باش دەزانن مەلا لەو شیعرانەی خۆیدا، کارێک دەکا ڕێک دەکا کە بەهیچ کەسێک ناکرێ و هەرچی دەهۆنیتەوە وەک سیحری جادووگەرانە، لە دەمی دێتە دەرەوە).(١)

هەروەها مەلا بیرێکی تری ڕەخنە دەچەسپێنێ ئەویش، بنەڕەتی بەراوود کارییە لە وێژەدا. لەم بیرۆکەدا ڕوو دەکاتە میللەتەکەی پێیان دەڵێ:

گەر لؤلوئی مەنسور ژ نەزمی تۆ دخوازی
وەر شیعری (مەلێ) بێن تە بە شیراز چ حاجەت).(٢)

واتە: ئەگەر تۆ دەتەوێ مرواری هێشتا نەسمراوت لە هۆنراوەدا دەس کەوێ، کە جوان و ڕێک بێت، وەرە بڕوانە شیعری مەلا. ئیتر کارت بەشیراز و شاعیرانییەوە چییە.(لێرەدا مەبەستی لە شیراز حافزی شیرازییە،(٣)

لەمەدا ئەوە دەردەکەوێ کە مەلا باش حافزی ناسیوە، وە بەلایەوە پایەبەرز بووە لە شیعر و هونەردا، هەروەها پیشان دەدا کە مەلا خۆی لە حافزی بەکەمتر نەزانیوە، ئەم بایەخدانە بەشیعری حافزی ئەوپەری (اعجاب) ی مەلا پیشان دەدا بەحافز و دیوانەکەی. هەروەها ئەوەش پیشان دەدا کە حافز و دیوانی حافز لە کوردستاندا ناسراو بوون، چونکە ئەگەر نەناسراو بوونایە، نە مەلا بەراوردی شیعری خۆی لەگەڵ هینی ئەودا دەکرد، وە نە داواشی لە خەڵک دەکرد کە شیعری (ملی) ببینن و پێویستییان بەشیراز نییە).(٤)

هەروەها مەلا بەراوردی خۆی لەگەڵ شاعیرێکی تری ئێرانی دەکا، ئەویش (فەرۆخ)ییە و دەڵێ:

پیری شەعارە د شیعرێ و (مەلێ) شال فروش
تو نیشان من مەدە فەرخی کولنک من بویە فەرخ)(٥)

١) ئەمە ئیشارەتێکە بۆ ئەو ئایەتە تێدا کە فەرموویەتی (فقال الذین کفروا إن هذا الا سحر مبین) سورة البقرة، الایة ١١٠.
٢) دیوانی عارفی ڕبانی شێخ احمدی جزیری، ل ١٢٨.
٣) دوور نییە مەبەستی (مەلا) سەعدی شیرازی بێ، هەر چۆنێک بێ لە چەمکەکە ناگۆڕێ.
٤) د. ئەمین موتابچی، شاعیرانی کورد و ئەدەبیاتی فارس، گۆڤاری کولێجی ئەدەبیات، ژ (١٦)، ١٩٧٣، ل ٢١.
٥) دیوانی عارفی ڕبانی شێخ احمدی جزیری، ل ٢٠٧.



لێرەدا مەلا خۆی بەپێشڕەو دەزانی لە بازاڕی هۆنینەوەی شیعردا و، هۆنراوەکانی بە(شاڵی عەجەم) بەنرختر و جوانتر دەزانی. ئیتر تۆ نابێ (فەڕوخ)یم پیشان بدەی، چونکە لە لای من منداڵێکە و لەسەر دەستی من پەروەردە بووە.

جا لێرەدا دەبێ بپرسین بۆچی مەلا شیعری خۆی بەراورد کردووە بەشاڵی عەجەم، چونکە چنینی تێدایە. شیعریش بریتییە لە هونەری ڕێکخستن و داڕشتن، فەڕوخیش کە خاوەنی ئەو شاڵەیە، مەلا بەڕادەییێکی نزم تەماشای دەکا، چونکە هەرزە وێژێکی هەرجایی حیساب دەکرێ. خۆی بەشاعیرێکی داهێنەر و شاسوار دەزانێ.

لە ڕوویەکی ترەوە مەلا شیعری خۆی بەگیان چوواندووە کە دڵی مردووەکان بەئاگا و زیندوو دەکاتەوە و دەڵێ:

شیعری (مەلێ) کو وەک ژوان دایە تەجانی مەروڤان
پورمە لبەرگێ ئەرغەوان دینە غەزەل لنک شەتەت(١)

زۆر غەزەل و شیعری جوان و پڕمانا هەیە، شاعیرەکان لە پەلکی ئەرخەوان ڕەنگا دەینووسنەوە و بەدیاری دەیدەن بەیەکتر، بەڵام گشتیان بەرامبەر شیعرەکانم پڕ هەڵە و کەموکوڕین و لە ڕێ لادەرن. بێ گومان لێرەدا مەلا پایە و لوتکەی شیعرەکانی و کارتێکردنیان و بەسەر خەڵکدا دەستنیشان دەکا.

هەر لەم بارەیەوە مەلا شیعری خۆی بەراورد دەکا لەگەڵ شتی بەرجەستەیی(مەتریالی) و دەڵێ:

تەبعی لامیع وەش زەمیننەت بو حَسَنْ
من ددەست دا ذوالفەقار و دولدولە
هشکەروی بەد فعیل چی هێن کر عەجەب
بارکَ اللّة خوەش بەزی ئەسپێ قولە(٢)

لێرەدا مەلا سروشتی شیعرەکانی دەردەخا و دەڵێ میجازی من و تەبعی شیعرەکانم، زۆر لە خۆبایی و سەرکێش بوو، وەک بارگیری تۆسن دەچوو. وشکەڕۆش بوو. سوپاسگوزارم بۆ خودا، کە بۆم هاتە سەر ڕەدایە و ئێستا باشە. هەروەک چۆن ئیمامی عەلی، زولفەقاریی دەخستە کار و چۆن دولڵدۆڵی: بۆ سواری خۆی داهێنابوو، تەبعی شیعرم ئێستا لە دەستی مندا ئاوا بڕاو ئاوا ڕامە. کە لە پێشدا وشکەڕۆ و بەد ئاکار بوو، نازانم ئەو هۆیە چی بوو، کەوا بەجوانی ڕاهێنێ و ڕەوتی پێشووی پێ بگۆڕێ و ئەو ڕەوانیەی پێ ڕەوان کا. بەخوا سەیرە! ئەی ئافەریم ئەسپەقولە ئۆباڵ بەئەستۆم

١) سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩٤.
٢) سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٥٧–٤٥٨.



PDF4Kurd

خۆشبەزی. ئا بەم شێوەیە مەلا زاڵە بەسەر هۆنینەوەی شیعردا و چوست و چالاکە. لێرەدا ڕاستگۆ بووە چونکە شیان و توانای لەو وزەیەدا زیاتریش بووە (چونکە جزیری هۆنەرێکی بەسۆز و خاوەن خەیاڵێکی ناسک و قسەڕەوانێکی بەدیمەن بووە. شیعرەکانی دەروونی مرۆڤ ئەجوولێنن و هەژانێک لە هەموو دەمارەکانا پەیدا ئەکەن). (١)

ئەم بۆچوونانەی مەلا بەلای ئێمەوە جۆرێکن لە (سەرەتا و دەمدان لە ڕەخنەی ئەدەبییەوە، چونکە ئەم بەراوردە ئەوە دەردەخا کە مەلا ئاگای لە ڕەخنە و پلەی شاعیران و ڕادەی بەراوورد بووە). (٢)

دیسان توانا و بەرزی جزیری و بڕواکردنی بەخۆی، وە شانازی و ستایشکردنی بەهۆنەرمەندییەکەی، گەلێ شتمان لە بارەی ئەدەبەکەیەوە بۆ ڕوون دەکاتەوە. قەسیدەیێکی مولەممەعی هەیە- کەنیو دێڕی کوردی و نیوەی تری- عەرەبییە- بەتەواوی شانازی و بڕواکردنی بەخۆی لەوێدا دەردەخا.

بۆنموونە:

د ئیقلیمی سوخەن میرم د شیعرێ دە جەهانگیرم
(ویَعلو مَوكِبَ العشاقِ اعلامي وراياتي). (٣)

لێرەدا مەلا خۆی بەمیرێکی قسەزان و پاراوە دەزانێ، بۆیە لە شیعر هۆنینەوەدا، دنیای خستۆتە ژێر ڕکێفی هۆنراوەکانی. ئەم جۆرە شانازیکردنە بەدەگمەن دەبینرێ، بۆیە لای شاعیرە گەورەکان نەبێ بەدی ناکرێ.

لە دێڕێکی تردا ڕوودەکاتە ئەو کەسانەی کە ئاشنایەتی لەگەڵ شیعرەکانیدا دەکەن، لە ئەنجامدا بۆیان دەردەکەوێ کە مەلا چەند شارەزایە لە هۆنینەوەی شیعری جوان و ڕەواندا و دەڵێ:

حوسنی ئەدایاتە (مەلا) هەرکێ دی
(صحَّ لهُ إنكَّ عَيْنُ الفِصاح)(٤)

ئەمەش ئەوە دەگەینێ کە مەلا وەکو سەروەر و سەردارێکی زمان تەڕ و پاراوی دێتە پێش چاو، کەس ناتوانی ململانێ لە شیعر داڕشتندا لەگەڵدا بکرێ.

دیارە ئەم گرنگیدانەی مەلا بەخۆی هەر بەمە ناوەستێت، بەڵکو لە چەند دێڕێکی

١) علاءالدين سجادی، دەقەکانی ئەدەبی کوردی، ل ٦٢.
٢) د. ئەمین موتابچی، کۆڤاری کۆلێجی ئەدەبیات، ل ٢٢.
٣) دیوانی عارفی ڕبانی شێخ احمدی جزیری، ل ٤٨٨.
٤) سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨١.



تردا شانازی و ئافەرینی ئاراستەی خۆی دەکا، کە پەیڤێت سووک و جوان دێنێتە بەرهەم. بەڕوخسارێکی زیبا و قەشەنگ و وێنەی جۆر بەجۆری هونەرەکانی جوانکاریدا. لێرەدا مەلا گرنگی بەڕوالەت و ڕوخساری شیعرەکانی داوە، ئەمە بەڵگەیەکی پتەوی بۆچوونەکانیەتی کە شارەزا بووە لە هونەرەکانی ڕەوانبێژیدا بۆ نموونە:

ئەحسەن ژ ڤێ نەزمێ لەتیف
چەند سەبوک هاتی خەفیف
مەحبوب بدەستێ خۆی شەریف
نەقدی مەموهر و سککەدا
ئەحسەن ژ ڤێ وەسفی ڕەفیع
ئەشکال و ئەوزاعێن بەدیع
تێتن ژ نورێ وەک ڕەقیع
بێ عەیب و نەقس و ڕەخنەدا
ئەحسەن ژ ڤێ وەضعێ (مەلا)
ئەشکال و ئەوسافێن حەلا
لەو دل بوان بو موتبەلا
جەذبە و جەلالە د سینەدا(١)

کەچی لێرەدا ناوەرۆکی فەرامۆش نەکردووە، بەڵکو ئەو پەیڤانە بەجۆرێک بەکار دێنێ کە هەمووی لە نوورێکی پاک و چاک و بێ خەوش و بێ کەمایەسی دێنێتە بەرهەم. کە یەکێتی بابەت لە هۆنینەوەدا ڕەچاو بکرێ و بەشێوازێک داڕشتووە کە لای هەموو کەسێک زۆر پەسند و ڕێک و گونجاو بێ کە پشکۆ دەخەنە ناو هەناو. لە ئەنجامی هەڵێنجانی ئەم بیرۆکەی سەرەوەدا مەلا پەنجە بۆ ڕێبازێکی شیکردنەوەی بنیاتنانی هۆنراوەدا دابین دەکا، ئەویش ڕوو لە زمان دەکات، پشت بەزمانەوانی دەبەستێت کە (پەنجە بۆ وشە و واتاکانی تێکستەکە درێژ دەکا و لە هەڵسەنگاندنیاندا باسی ئەوە دەکا وشەکان ڕوون و ڕەوانن و ئاوازەدارن و لەسەر زماندا سووکن و گوێگر لە بیستنیان لەزەت دەبینێ و، واتاکانیان باشن و کەڵکیان هەیە و ڕابەریی گوێگر و خوێنەران دەکەن). (٢)

لێرەدا تێبینی دەکەین کە ئەم ڕایە یەکدگیر دەبێ لەگەڵ بۆچوونەکانی ڕەخنەگرە

١) سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٢٥-٥٥٧.
٢) د. کامل البصير، ڕەخنە سازی، ل ١٤٤.



PDF4Kurd

کۆنەکانی ئەم ڕێبازە کە ئیبن قوتیبەی دینەوەرییە (٢١٣ک-٢٧٦ک) کە لەم ڕوانگەوە چەند ڕێبازێکی سەرەکی دەربارەی هەمان بابەت دەستنیشان دەکا و (هۆنراوەی وشەی بەرز و واتا بەکەڵک بەباشترین چەشنی هۆنراوە لە قەڵەم دەدرێ). (١)

هەروەها ئەوەی لێرەدا شایانی باسکردنە ئەوەیە کە مەلا یەکەمین شاعیری کوردە کە وشەی (ڕەخنە)ی بەکار هێناوە بەو مەبەستەی کە ئێستا ماناکەی لە ئەدەبدا باوە. ئەم بیرکردنەوەی مەلا نیشانێکی پتەو و نایابی شکۆمەندێتییە (چونکە ئەم بەڵگەیەمان پیشان ئەدا، سەیر ئەکەین هۆنراوەکانی ئەو لە چاو هۆنراوی هۆنەرەکانی ترا ئاوازەیەکیان پەیدا کردووە و چوونەتە گۆشەی هەموو دڵێکەوە! ئەمەش لەبەر ئەوە بوو ئەو توانیویەتی ئەو کە هۆنراو داوای ئەکا لە وشە و لە بیرو لە ئەندێشە و لە ڕێخت هەمووی تیایا بەکاربێنێ و شتێک نەیەڵێتەوە بۆ یەکێ کە ڕەخنەی لێ بگرێ. وەیا بەواتەیەکی تر لەگەڵ چەشەی هەموو کەسێکا گونجاون و کاریگەرییەکیان هەبووە لە دڵی ئەوانەدا بەو بۆنەوە وەریان گرتووە). (٢)

لێرەدا دوو تێبینی دەخەینە ڕوو:

یەکەم: مەلا بەهۆی شانازی(٣) و ستایشکردنەوە بنەڕەتێکی ڕەخنەیی دەستنیشان دەکا لە هۆنینەوەی هەڵبەستدا، کە لەلای زۆربەی شاعیرەکانی کلاسیکی پەیڕەوی کراوە، ئەویش لایەنی گرنگیدانە بەڕوخسار و ڕوالەتی گشتی بەرهەمەکە.

١) سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٨.

٢) علاء الدین سجادی، ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە، ل ٢١٤.

٣) جزیری لەم چەند دێڕەدا وێنەیەکی تری ستایش و شانازیکردن بەهۆنراوەکانیەوە دەخاتە ڕوو:

سککەیی شیعرا مە بەناڤێ تە هات
لەو ب عەیاری دجهان دا ڕەواج
ئابی ڕەوان من دیە شیعرا (مەلا)
(یُنکُر لِلماء لسؤ المِزاج)
چ فەساحەت بمەلاحەت وەددێڕی تۆ (مەلا)
ئەڤ ئەدایا تە د شیعرێ وەشرین و بنەمەک

هەروەها دەڵێ:

سەدچین دەخوەدا گرتی بەزولفا تە بچین
شیعرا مە وەحەق لەوچو حەتا ماجینێ
نەقشێن فەلەکان گوهدە درن ڤێ نەزمێ
تەنها نە بەشەر هەر دکرن تەحسینێ

بڕوانە دیوانی عارفی ڕبانی شێخ احمدی جزیری، ل ١٧٢، ل ٣٣٠،ل٥٠٥.



دووەم: فەرامۆش نەکردنی دیوی تری هۆنراوە، ئەویش گرنگی و بایەخدان بەناوەرۆکی بابەتەکەیە. مەلا لە دوو دێڕی تردا پایە و پلەی بەرزایەتی پیشان دەدا لە هۆنینەوەی شیعردا ڕوو دەکاتە خەڵک و پێیان دەڵێ:

جەوهەری حوسنی ئەدا تەنها دبت مەقبولی تەبع؟
گەرنە سەیقەل دەت بنورێ عیشق وەک حەککاک ڕوح
دی بوێ ئەنداز و تەرزی کی دبێت سیحری حەلال
گەر نەبالا تەبع بت وەک پەهلەوان چالاک ڕوح

واتە شیعر و گفتی من، بۆیە لە چاو قسەی خەڵکی تر زۆر لەبەر دڵانە و خەڵک پێیان خۆشە، چونکە گیانم کە بەتیشکی ئەڤین قاڵە، زمان و دڵ و مێشکمی بەخاوێنی ڕاهێناوە و وەکو ژەنگرن ژەنگاوی مشتومالی دەکا. ئەویش مشتومالی داون.

بۆیە وا خۆش و لەبارن. دەنا کێ دەتوانێ بەم تەرز و ئەندازەیە زۆرە،(سیحری حەلالی) بەدەمدابێ. ئەوە کاری کەسێکە کە گیانی وەک پاڵەوانی زۆر چوست و بەکار مرخی شیعری بەپایە و پلەی بەرزایەتی گەیاندبێ). (١)

مەبەستی مەلا ئەوەیە کە خۆی پێگەیاندووە و پەروەردە کردووە و کەسێ یارمەتی نەداوە، واتە لاسایی کەسی نەکردووە ، چونکە دڵێ گیان و زمان و مێشکم (هۆشمەندی)م بەخاوێنی ڕاهێناوە لەبەر ئەوە توانیوە سیحری حەلالی بهۆنیتەوە، لێرەدا مەبەستی مەلا شیعرەکانێتی و وێنەی ڕاستەقینەی کەسایەتی و پایە و پلەی شاعیریەتی و بلیمەتی پیشان دەدا.

هەروەها لە پارچە قەسیدەیەکدا مەلا بنەڕەتێکی تری ڕەخنە دەخاتەڕوو، ئەویش دزین لە وێژەدایە. بێ گومان ئەم دیاردەیە زۆر بنجوبناوانێکی کۆنی هەیە لە ئەدەبی کلاسیکیدا.

شاعیری سەرنەکەوتوو پەنای دەبردە بەر دزینی دەقی ئەدەبی لە شاعیرێکی شاکار و لێهاتوودا و بەناوی خۆی بلاوی دەکردەوە. ئەم دیاردەیە دەبێتە هۆی لێڵکردن و دواخستنی بەرهەمی هۆنراوە و بەکارێکی ناپەسند و نابەجێ و گومان لێکراو لە هەموو ئەدەبێکدا لەقەڵەم دەدرێ.

ئەوەی شایانی باسەل یرەدا کە ئەم دیاردەیە یەکەم جارە لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا ڕووی داوە. مەلای جزیریش دەرک و هەستی بەمە کردووە و بەهیچ شتێک قایل نەبووە، تاکو وەلامی ئەو کوڵکە مەلا دزە نەداتەوە، چونکە دزە کە ڕەخنەی لە جزیری گرتووە، کە لە شیعر هۆنینەوەدا لاواز و سستە و نایگاتێ. ئیتر بەهۆنراوەیەکی حەوت

١) سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٧-١٨٨.



PDF4Kurd

دێڕی وەڵامی دەداتەوە لەژێر ناوی (شیعردز) و دەڵێ:

قەوی مەشهورە کو ناڤێ تە مەلا خەمسەعەشەر
تو بشیعرا نەتە گۆتی خودەکی قەند و شەکەر
دوری ناسوفتە دهونی! مە نەدی میسلی تە قەت
نە دسەمتێ عەجەمێ دا نە د ئیقلیمی تەتەر
ئەڤ چ شیعر و غەزەلێ مەدح و سەنایاخوە دکی
د جڤاتان وە دبێژی مەبتەعن و بخەبەر
ئەڤ چ تەقلید و شەتاتن چ بە تاتن تودکی؟
سەری ڤیرا دهەژینی، بدوسەد ئاهوکەسەر
تە دزانی فنیکا تە نەمەکان غەزلانە
چ بو هاتێنە مەتاعێ تە، ئەیا بێ سەروبەر!
دەست و پایان ژ بەرێ زیدەکی دێ تە بکم
میسلی حەممادی عەرەب، هەروەکی شێخ ئانی بسەر
ئەحمەدم سینە سوپەرپێژ بەری تیرا فەلەکێ
دەعوەداری تەمە ئیرۆ تو ژ دەحلی وەرە دەر(١)

مەلا بەشێوەیەکی کاریکاتێرانە سەرنج و تێبینییەکانی ئاراستەی شیعر دزەکە دەکا، پێی دەڵێ زۆر مەشهورە کە ناوت مەلا پازدەیە. بەشیعرێک کە هی خۆت نییە، خۆت لای خەڵک شیرین دەکەی بۆ ئەوەی ئاستی خۆت بێنیە ڕادە و ڕێزی من، وا هەست دەکەی کە تۆ مرواری کون نەکراوت هۆندۆتەوە. بەڵام من پیاوی وەکو تۆم نە لە ئێران، نە لە وڵاتی تاتار دیوە. لەگەڵ ئەوەشدا ڕەخنە و تانوپۆ لە شیعرەکانم دەگری و بەخراپە باسم دەکەی! ئەرێ پێم ناڵێی ئەم درۆ و دەلەسە چییە؟ تۆ ناوت لێ ناون شیعر و بەئاخ و غەمبارییەوە دەیان بێژی و سەرت لەگەڵدا ڕادەژێنی؟ خۆت دەزانی (فنیک)(٢)ا تە بەرەگەی کارمامزان نییە و، بەتەڵە و کەڵەک دەڵەک، ناکرێن بەئاسکی چاو بەڵەک.

بەچاوەڕا و گاڵەگاڵ لە تالایی ناکەوێ. هەڵبەستەت کە دەڵەک نامەن، ئەو پڕوپووچە بێ تامەن. کە هیچ کەس بەهیچی ناوێن. دوایی پێی دەڵێ ئەرێ کابرای شیعر دز، ئاگادارت دەکەم ئەگەر هاتوو لەم خووە ناشیرینە واز نەهێنی و لە تەشکەبەرەی خۆت

١) سەرچاوەی پێشوو، ٥٦٠.
٢) (فنیک) ناوی گوندێکە لە ناوچەی جزیرە و بۆتان، مەلا دزەکە خەڵکی ئەو گوندەیە، کە جزیری ناوی بردووە.



ئیتر پێ ڕاکێشی، من کارێکت پێ دەکەم هەروەکو (شێخە) کە بەسەر (حەممادی عەرەب)ی هێنابوو. هەروەها جزیری لەدوا دێڕی هۆنراوەکەدا، بەڕاستی خۆی دەهاوێژێتە مەیدان و ڕق و کینەکەی دەدرکێنێ بەرامبەر بەشیعر دزەکە و پێی دەڵێ سینگم ماتاڵ و قەڵغانە، ئەمەوێ بەگژتا بچم و تۆڵەم بسێنمەوە، چونکە ڕاستییەکەت ئاشکرابووە، ئیتر خۆت لەکەڵەک و دەحلدا مەشارەوە و مەلا مەدە. بۆم وەرە مەیدانەوە، تاکو ڕادەی ئەندازە و نرخ و بەهایەکەت بخەمە ڕوو.

بێ گومان ئەم جۆرە گفتوگۆیە کە بەشیعر کراوە، ئەمانە کەرەستەیەکی بیروباوەڕی ڕەخنانەیە کە لەلایەن شاعیرەکانەوە سەری هەڵداوە و بەو شێوەیە چوونەتە ناو ناوەڕۆک و کرۆکی باسەکەوە. لە وتووێژێکدا کە بەهۆنراوەکراوە لە نێوان مەلا و عیمادەدین دا، کە جۆرێکە لە هەڤرکێ و هەڵێنجانی لایەنی چاکە و خراپە لە هۆنراوەدا. ئەم دەمەقاڵێیە کە بەهۆنراوە پێشکەشی یەکتریان کردووە وەنەبێ جۆرێک بێ لە شەڕە شیعر هەروەکو ڕوویداوە لەلایەن زۆر شاعیری کلاسیکی لە ئەنجامی ناکۆکی و یەک نەگرتن سەبارەت بەهەندێ لایەنی شیعریدا.

ئەمەی مەلاو میر ڕەنگێکی تازەیە لە ئەدەبی کوردیدا کە نرخ و بەهای یەکتریان دیار کردووە. کە تا چ ڕادەیەک شارەزا و بەتوانانە لە هۆنینەوەی شیعردا. ئەم (مناظرە او حواری شیعری)یە (دشێین بێژین ئەڤاهە یەکەم (اول) پیکڤەگوتنا شعریە (محاورە) د ئەدەبا کوردیدا).(١)

هەروەها بۆمان دەردەکەوێ کە لە ئەنجامی هەڤبەریکردنی هەردوو وتووێژەکەدا (میر عیمادەدین یەکە ژ میرێن جزیری و ژ وی شعری تێ تەزانین ئەڤ میرە گەلەک شاعیر و زانا بوویە).(٢) لەبەر ئەوە مەلا قایل بووە کە ئەو (حوارە شعریە)ی لەگەڵدا بکات. چونکە ئەگەر شاعیرێکی چاک و شیاو نەبوایە! مەلا بەهیچ جۆرێک پلەی شاعیریەتی خۆی نەدەهێنا ئاستی ئەو. بەڵگەشمان ئەوەیە کە مەلا ئەم پەسنانە ئاراستەی میر دەکا و دەڵێ:

د ئیقلیمی سوخەن خاقان
ڕەوان بەخش و شەکەر ڕیزی
نەهن وەک تە د ئافاقان
بجان ڕا عەنبەر ئامیزی
ژ سیمین ساعید و ساقان
بسەححاری گوهەر ڕیزی

١) دیوانا کرمانجی، عبدالرقیب یوسف، چاپی یەکەم، نەجەف، ١٩٧١،ل ٣١.
٢) سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٢.



PDF4Kurd

واته لە مەڵبەندی خاقاندا، بوویە قاقان. شەکر لە دەمت دەبارێ، گیان دەبەخشی. لە هەموو دنیا تاکت نییە. گیانمانت بۆن خۆش کردوە. قسەت ئێژی عەنبەری تێکەڵ کراوە. دەربارەی لەکی سپی و باسکی زێوین، جادووگەری لەشیعردا و گەوهەرهەڵدەڕێژی). (١)

لێرەدا مەلا پەنجە بۆ سەرچاوەی شیعری میر درێژ کردووە، کە سەرچاوەکەی جادووگەرییە و خورپەیەکی بێ پایانە.

میر وەڵامی دەداتەوە و ڕادەگەینێ کە هەر مەلا خاوەنی سەرچاوەی جادووگەری و ئەندێشەیە لە شیعر هۆنینەوەدا، چونکە شیعرەکانی نەک تەنیا لە کوردستاندا بڵاون، بەڵکو لەزۆر جێدا. پێی دەڵێ:

بغەواسی بسەحاری
تەدور ئانین ژبەحرەینێ
ژ نەزما تە شەکەر باری
ژ میسرێ تا بغەزنەینێ
بدیقەت بین سەد ئەشعاری
دبێژی تورفەت و لعەینێ(٢)

لە شیعردا جادووگەر هەر تۆی! ئەتۆ مرواری ناوبەحران دەهۆنیەوە لە شیعرەکانت شەکرباری هەتا گەیشتە میسرو وڵاتی غەزنەینیش داگرت. هەروەها پێی دەڵێ لە هۆنینەوەی شیعردا هەر تۆی سەروەری و دەتوانی لە تروکانی چاوێکدا سەدان شیعری پڕ مانا وورد و باریک بهۆنیەوە. لێرەدا بۆ هەموو کەسێک ئاشکرا دەبێ کە مەلا چەند بەتوانا و زیرەک بووە لە هۆنینەوەدا، تاکو گەیشتۆتە ئەو پلە و ڕادەیەی کە هەموو کەسێک شانازی و ستایشی پێ بکات. بەڵگەشمان بۆ چەسپاندنی ئەو ڕاستییە ئەوەیە (تەماشا دەکەین لە سەدەی پازدەمدا لەنێو کوردەواریدا، گەلێ هۆنەر هەبووە کە خاوەنی بەرهەم بوون، لەناو ئەو هەموانەدا یەکێکیان، ناوی دەرکردووە و هۆنراوەکانی لە دڵی مەردوومدا خۆیان چەسپاندووە، وێنەی ئەوانە یەکێکی وەکو شێخ ئەحمەدی جزیری، ئەم بەڵگەیەمان دەدا بەدەستەوە. سەیر ئەکەین بەرهەمەکانی ئەو بەچاو بەرهەمی کەسانی ترەوە ئاوازەیکی پەیدا کردووە و، چۆتە ناخی دڵی هەموو کەسێکەوە). (٣)

١) دیوانی عارفی ڕبانی شێخ احمدی جزیری، ل ٥٧٢.
٢) سەرچاوەی پێشوو.
٣) علاءالدین سجادی، نرخ شناسی، ل ١١.



هەروەکو باسمان کرد لەمەوبەر کە هەردوو شاعیر ڕێک دەکەون بۆ دەستنیشانکردنی سەرچاوەی هۆنراوەی شیعرەکانیان، کە جۆرێکە لە جادووگەری و لە ئەنجام و ئاکامی خورپە و ئەندێشە دێتە کایەوە، نەک بەهۆی فێربوون و زانستەوە. بێ گومان ئەم بۆچوونانە بنجوبنەوانێکی کۆنی هەیە لەڕەخنەی گێتیدا، کە لەلایەن ئەفلاتوون و ئەرستۆدا سنوورەکەی کێشاوە و ئەنجام دراوە. (لەلای ئەفلاتوون سەرچاوەی هۆنراوە خواوەندە کە بەهۆی خورپە و ئیلهامەوە بەشاعیران دەبەخشێ). (١) بەڵام لەم ڕووەوە و بۆچوونی ئەرستۆ جیاوازە لەگەڵ هی ئەفلاتووندا، ئەرستۆ دەڵێ (سەرچاوەی هۆنراوە ئارەزوویەکی زکماکییە لە بوون و قەوارەی ئادەمیزادا ئەم ئارەزوویە زکماکییە هێزێکی بێ سنوور پاڵ بەهەستیاری ئادەمیزادەوە دەنێ بۆ لاساییکردنەوەی سروشت، هەروەها هۆنراوە لەگەڵ چەند چەشنێکی حەزکردنی زکماکی ئادەمیزادا جووتە وەکو حەزکردنی لە زانیاری و خۆش بینین لە ترپە و ئیقاع و ئەنجامدانی ڕێکی). (٢)

هەروەها مەلا و میر زیاتر یەکتریان هەڵدەسەنگێنن، هەروەکو لەم وتووێژەدا دەردەکەوێ:

مەلا:

ژ بەحرا قولزوما میران
بغەوواسی گوهەر چینم
د بەحسا علیم و تەفسیران
تو دەریایان وەنابینم
ژمیر و بەگلەر و چیران
غولامی میر ئەمادینم(٣)

واتە من لە دەریای گەوهەرەکانی مرخی تۆ، هەڵدەهێنجم. تۆ جگە لە شاعیری، لە زانست و شەرح و تەفسیردا، دەریایەکی. وەک تۆ دەریام هەر نەدیوە. لەناو میر و خونکار و دەسەڵاتدارانی وڵات، بچووکی میر ئەمادینم.

تێبینی دەکەین مەلا خۆی بەوپەڕی (تواضع)ەوە پیشان دەدا بەرامبەر بە میر. ئەمەش ئەوە دەگەینێ کە میر شاعیرێکی لێهاتوو کاریگەر و گرانبەها بووە.

میر لە وەڵامدانەوەدا ڕوویەکی تری شاعیریەتی مەلا دەردەخا و دەڵێ:

میر:

١) د. کامل بصیر، ڕەخنە سازی، ل ٢٣.
٢) ارسطوطالیس، فن الشعر، تحقیق د. عبد الرحمن بدەوي، القاهرة، ١٩٥٣، ص ٦٣.
٣) دیوانی عارفی رەبانی شێخ احمدی جزیری، ل ٥٧٢.



PDF4Kurd

دباغێ لەفز و مەعنایێ
سوخەن من سەروی ئازادە
ژ ئیملائو ژ ئینشایێ
مەلەوحێ دل نوما سادە
ژ حوسنێ ڕەونەقەک دایێ
کو شێخ ئەحمەد مە ئوستادە(١)

لە باغچەی واژە و گوزارەدا قسەکانم وەک سەوڵ وایە، لە نووسینەوە و دارشتندا تەتەڵەی دڵم ساکارە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر شیعرەکانم پەرە و برەوێکی هەیە. چونکە خۆم بەشاگردی شێخ ئەحمەد دەزانم، کە مامۆستا و سەروەری منە.

لەم وتووێژەیەدا، کە جۆرێکە لە شانازی و ستایشکردنی یەکتریان، لەگەڵ ئەوەشدا پەنجە بۆ ڕوخسار و ناوەڕۆکی شیعرەکانیان درێژ دەکەن، بەتایبەتی لایەنی داهێنان و خولقاندن لە هۆنینەوەی شیعردا و لاساییکردنی مەلا لە هۆنینەوەدا، چونکە میر خۆی بەشاگرد و، مەلا بە مامۆستا دەزانێ و، ئەو ڕێچکەیەی کە گرتوویەتی لە هۆنینەوەدا بەپەسند لە قەڵەم دەدا).(٢)

سەرەڕای ئەوەش (بنەڕەتی ڕەگەزی وشە و ڕەگەزی واتا) دەستنیشان دەکا، ئەمەش بنەڕەتێکی سەرەکییە لە دارشتنی هۆنراودا و جۆرێکە لە دیارکردنی لایەنی هۆنراوە. بەم پێیە ئەگەر هاتوو بەوشەی بەرز و واتای بەکەڵک و سوودمەند سازدرا ئەوە بەهۆنراوەیەکی چاک و سوودبەخش لە قەڵەم دەدرێ.

هەروەها سەرنجێکی تر دەخەینە ڕوو لە ئەنجامی بەراوردکرنی ئەم وتووێژەیەی کە لە نێوانیاندا کراوە، ئەویش کێشی شیعرییە، تەماشا دەکەین میر پەیڕەوی هەمان کێشی شیعری کردووە کە لەلایەن مەلا بەکار هاتووە، ئەویش کێشی عەرووزی عەرەبییە. ئەمەش مەرجێکی سەرەکییە لە وتووێژی شیعردا. هەروەها ئەوەی شایانی باسە مەلا لە هەموو شیعرەکانیدا پەیڕەوی ئەم کێشەیە دەکا کە (گومان لەوەدا نییە، کە مەلا هەموو شیعرێکی پاشی لێبوونەوە لە ڕێکخستنی بەعەرووز کێشاویەتی).(٣)

لە ئەنجامی ئەم باسەوە، ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێ کە مەلای جزیری بەیەکەم ڕەخنەگر لە ئەدەبی کوردیدا لەقەڵەم بدەین. هەروەکو چۆن لە زۆر مەیداندا بەتازەگەری دەزانین. ئا لەم بوارەشدا درێغی نەکردووە، چونکە بیری ڕەخنەیی بەشێوەیەکی جوان و ڕێک

١) سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٧٣.
٢) د. کامل بصیر، ڕەخنەسازی ، ل ٤٧.
٣) مەعروف خەزنەدار، کێش و قافیە لە شیعری کوردیدا، بەغدا، ١٩٦٢، ل ٤٦.



چەسپاندووە و باسی کردووە، هەروەکو بینیومان کە زۆر لایەن و بنەڕەتی ڕەخنەیی شی کردووە و بیری خۆی بەرامبەری دەربڕیوە.

ئەم هەنگاوە بۆتە هۆی ئەوەکە- ئەحمەدی خانی - قووڵتر و فراوانتر بچێتە ناو ئەو مەیدانەوە، هەروەکو لەمەودوا باسی دەکەین.

## ئەحمەدی خانی

بەناوبانگترین شاعیری کۆنی کوردە، یەکێکە لە لوتکەکانی شیعری کرمانجی ژوورو و لە ساڵی (١٦٥٠)ی زاینی لە دایکبووە. لە ناوچەی جزیر و بۆتاندا ژیاوە. ناوبانگی ئەحمەدی خانی لەگەڵ مەم و زیندا سنووری دووری وڵاتی بڕیوە و بەجیهاندا بڵاو بۆتەوە. هەروەک لە مەم و زیندا بۆمان دەردەکەوێت خانی زانایەکی گەورەبووە و شارەزای هەندێ لایەنی مێژووی فەلسەفە و گەلێک زانستی تر بووە وەکو مەلا و خوێندەوارە گەورەکانی نەتەوە موسڵمانەکان. لە زۆر شوێن خوێندوویەتی و بووە بەمەلایەکی گەورە و لە جزیرە و بایەزیددا دەرسی وتۆتەوە و گەلێک مەلا و زانای تری پێگەیاندووە.

خانی لە ساڵی (١٧٠٦)ی زاینی کۆچی دوایی کردووە.

## خانی و ڕەخنە گرتن

گرنگترین بەرهەمی خانی، داستانی (مەم و زین)ە و بەنایابترین داستان لە قەڵەم دەدرێ لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا، چونکە لەم داستانەدا هەست دەکەین خانی دەنگێکی تازەی تێدا نواندووە، بۆ بەرەو سەرکەوتن و بەرە و پێشچوونی ئامانجی نەتەوایەتی. هەروەها خانی توانیویە نیڤشکی بیروڕاکانی تێدا دەرببڕێت، بەتایبەتی بیروڕای ڕەخنەیی کە لێرەدا مەبەستمانە و لەمەودوا بەدرێژیی باسی دەکەین.

(خانی بەپێی ڕۆژی خۆی بەرنامەیەک بۆ رەخنەگرتن دادەنێت و بەجۆرێک ڕەخنەگران دەکات بەدوو بەشەوە، کە ئەگەر ئەو بیرەی خانی کەمێک فراوانتر بکەینەوە و هەندێک بەرەو قووڵایی بەرین، ئەوا هەرچوارچێوە گشتییە دەگرێتەوە کە ئەمڕۆ ئێمە چەشنی ڕەخنە و ڕەخنەگرانی تێدا جێ دەکەینەوە).(١)

خانی ڕوو دەکاتە ئەو کەسانەی کە دڵ و دەروونیان پاکە و داوای هاندان و دڵخۆشکردن و وتەیەکی باشیان لێ دەکات:

١) دوکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسول، خانی و ڕەخنەی ئەدەبی کوردی، نووسەری کورد، ژ(٥)، بەغدا، ١٩٧٢، ل ٤٦.



PDF4Kurd

خەڵقی کو ژ سینە و ژ دل ساف
پاکیزە سروشت و ئەهلی ئینساف
بیلجوملە بکەن ژ بۆ مە تەحسین
بێژن کو ب قەنجی هاتە تەدوین[1]

ئەوکەسانەی کە لەسنگ و سینە و لە دڵدا سافن و بێ گەردن و سروشت و پاک و خودان ویژدانن، هەموو پێکەوە تەحسین و ئافەرین بۆ ئێمە بکەن و بڵێن بەباش نووسرا، مەبەستی خانی ئەوەیە کە شاعیرێکی داهێنەر دەتوانێ بەجوانی و شیرینی شیعر بهۆنیتەوە، لێرەدا بنەڕەتێکی ڕەخنەیی دەستنیشان دەکات ئەویش بنەڕەتی بەرهەمی داهێنراوە لەگەڵ دیارکردنی لایەنی خوێنەر و گوێگری ئەو بەرهەمە ئەدەبییە و ئاشکراکردنی چاکییەکانێتی.

ئەم بۆچوونەی خانی ئەوە ناگەیەنێت کە تەنیا لەبارەی خۆیەوە دەدوێت و بەدەوری خۆیا دەخۆلێتەوە وفڕی بەسەر کەسانی ترەوە نییە، بەڵکو هەموومان دەزانین کە شاعیر کەسێکە و لەناو کۆمەڵێکدا دەژی و هەست و سۆزی بریتین لە ئینعیکاسی باری گشتی کۆمەڵەکەی و بوونی ئەویش وەکو ئەندامێک تێدایە. چونکە بیری ڕەخنەگریی خانی لەوە چۆتە دەرەوە کە لە هەندێ بەرهەم و داستانی ڕۆژهەڵاتدا دەیبینین، یا هەندێ شاعیر بەگیانێکی پڕ لە تەوازوعکارییەوە ڕوو دەکاتە خوێنەران و داوای ئەوە دەکات کە لەکەموکوڕیی هۆنراوەکانی ببوورن. بەڵکو خانی خۆی بەکەسێک دادەنێت کە هێشتا لە کۆڕی زانست و ئەدەبیاتدا قوتابی بێت و ڕوو دەکاتە ئەوانەی کە بەتوانا و بەهرەن و داوایان لێ دەکات کە ڕەخنەی دڵ ساردکەرەوەی لێ نەگرن و، مەبەستی خانی لێرەدا ئەوە نییە کە (مەم وزین)ە کەی بە بەرهەمێکی تەواو و بێ کەموکوڕی بزانێت، بەڵکو زۆر بەساکارییەوە ڕوودەکاتە کۆڕی ئەدەبیاتناسان و دەنووسێت:

لێ هێڤی دەکەم ژ موستەعیدان
حەرفان نەگرن ل موستەفیدان
ئەڤ نامە ئەگەر خرابە، گەر قنج
کێشایە مە دگەل وی دوو سەد ڕەنج
نەوبارەیی تیفلی نەو ڕەسیدە
هەرچەند نەهن، قەوی گوزیدە

١) احمدی خانی، مم و زین، تیکستا کریتیک و ترجما و پێشخبر، م. ب. ڕۆدێنکۆ، مسکوا، ١٩٦٢، ل ٤١.



لێ من ژ ڕەزان نەکر تەمەتوع
مانەندی دزان بکەن تەتەبوع[1]

من هیوا لە خاوەن بەهران دەکەم، کە حەرف، واتە قسە، لە دەست پێکەران نەگرن. ئەم نامەیە واتە (مەم و زین)ـەنەکەی ئەگەر خراپە یا باش، ئێمە لەگەڵ ئەودا دووسەد ڕەنجمان کێشاوە. نۆبەرەیە منداڵی نەونەمامە (ساڤایە). هەرچەند لە خۆیدا نییە و کزە، بەڵام زۆر جوانە. من لە ڕەزان واتە ڕەزی خەڵکی سوودم وەرنەگرتووە، وەک دزان دوای کەس نەکەوتووم.

لێرەدا مەبەستی خانی لە (حرفان) وشەی ڕەخنەیە کە ڕەخنە لەو کەسانە نەگرن تازە دەستیان داوەتە هۆنینەوەی شیعر، چونکە لەوانەیە بەرهەمەکە بەپوخت و نایاب ساز نەدرێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەهۆی خەریک و ماندووبوونێکی زۆرەوە مەم و زینەکەم هێناوەتە کایەوە، چونکە پەنام نەبردۆتەبەر دزین و لە ئەنجامی هۆشمەندی و زیرەکانم ئەم شاکارەم خوڵقاندووە.

بەم پێیە خانی پەنجە بۆ بنەڕەتێکی ڕەخنەیی درێژکردووە، ئەویش دزین لە وێژەدایە، کە بەخوویەکی ناشیرین و نابەجێ لە قەڵەم دەدا.

هەروەها لە چەند دێڕێکی تردا، خانی بەوپەڕی لە خۆبایی بوونەوە چەند لایەنێکی تری بەرهەمەکەی دەخاتە ڕوو و دەڵێ:

نەوڕەستەی حەدیقەیی فوئادە
مەعسووم، عەفیفە، پاک زادە
نۆبارە ئەگەر شیرینە گەر تاڵ
مەتبووعە ژ ڕەنگی نەوعی ئەتفال
من هێڤی هەیە ژ ئەهلی حالان
تەقبیح نەکەن ئەڤان تیفالان
ئەڤ میوە ئەگەر نەئابدارە
کرمانجییە ئەو قەدر لکارە
ئەڤ تیفلە ئەگەرنە نازەنینە
نۆبارە قەوی بەمن شیرینە
ئەڤ میوە ئەگەر نەپڕ لەزیزە
ئەڤ تیفلە ب من قەوی عەزیزە

١) سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٢.



PDF4Kurd

مەحبوب و لیباس و گۆشوارە
مولکێد منن نەموستەعارە[1]

مەم و زینەکەم نەونەمامی باخچەی دڵە، پاک و خاوێن و بێ گوناهە. نۆبەرەیە، ئەگەر شیرین بێت ئەگەر تاڵ، لە هەموو ڕوویەکەوە لە منداڵ دەچێت- واتە لە دیمەن و لە سروشتدا لە منداڵ دەچێت. من هیوام بەخاوەن دڵانە، کە ئەم منداڵانە ناشیرین نەزانێ. ئەم میوەیە ئەگەر ئاودار نەبێت، ئەوا کوردییە و هەر ئەوەندەی لە باردایە. ئەم منداڵە ئەگەر جوان و نازەنین نەبێت، ئەوا نۆبەرەیە و لای خۆم زۆر شیرینە. ئەم میوەیە ئەگەر تامی خۆش نەبێت، ئەوا ئەم منداڵە لای خۆم زۆر خۆشەویستە. خۆشەویستە خۆی و بەرگ و گوارەی موڵکی خۆمن و نەمخواستوون.

ئەوەی شایانی باس بێ ئەوەیە کە خانی زیاتر لایەنی بیر دەرباری بەرهەمەکەی دەخاتە ڕوو، بەواتایەکی تر زیاتر تیشک دەخاتە سەر ناوەڕۆک و مەم و زینەکەی چوواندووە بەهەندێ شت کە لە ڕاستیدا جێی مشتومڕکردنە وەکو (نەوڕەستەی حەدیقەی فوئادە) و(مەتبووعە ژ ڕەنگی نەوعی ئەتفال) و (میوە)یە، ئەم جۆرە شتانە لایەنی چاکی و خراپی تێدا بەدی دەکرێ، لەبەر ئەوەی مەم و زینەکەی هێناوەتە ئاستی ئەو شتانە لە هەڵسەنگاندندا، ئەمەش بەڵگەیەکی ڕاستەوخۆیە کە خانی دان بەوەدا دەنێ کە بەرهەمەکەی بەپێی بیری خۆی بەکارێکی تەواو و کامڵ لە قەڵەم نادات. دیارە ئەم بایەخدانە بەبەرهەمەکەی دەیەوێ تاقیکردنەوە و معاناتی لە نووسینەوەی شیعردا پیشان بدات.

بێ گومان ئەمەش بنەڕەتێکی ڕەخنەیییە کە شاعیر تووش دەبێت لە سازدانی بەرهەمەکەدا. هەروەها خانی ڕوو دەکاتە خەڵک و پێیان دەڵێ، مەم و زینم هێناوتە بەرهەم بەبێ ئەوەی لاسایی کەسێک بکەمەوە، یاخود پەنا ببەمە بەر کەسانی بیانی، بەڵکو لە سنووری بیری زمانەکەمدا تێپەڕ نەبووم. مەبەستی خانی ئەوەیە کە مەم و زین بەرهەمی بیری خۆیەتی و سەرەتای داستانی نووسراوی کوردییە.

خانی سەرەڕای گەورەیی خۆی و بەرهەمەکەی، داوای ئەوە دەکات کە لە باسی کەموکوڕیدا حسابی ئەوەی بۆ بکرێت کە ئەمە سەرەتای ئەم چەشنە نووسینەیە لە کوردیدا و خۆش بەسەر کەرەسە و تەجروبەی کۆن و ئامادەکراودا نەهاتووە تا سوودی لێ وەرگریت. لێرەدا خانی لە پاڵ ئەم بیرە وردەدا شانازییەکی بەتینی شاعیرانەش بەبەرهەمی خۆیەوە دەردەبڕێت. خانی پاش ئەمە پڕ بەدڵ لە خوای دەوێت کە ئەم بەرهەمە بەنرخەی نەداتە دەست کەسی ئەوتۆ کە تێی نەگات و نەیداتە دەست ڕەخنەگری

١) سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٤.



وا کە هەر لە کەموکوڕی و شکاندنی بگەڕێت:

یا ڕەب مەدە دەست خەلقی ناساز
ڤی شاهدی دلڕو بایی تەنناز)[1]

خوایە ئەم بەرهەمە یا ئەم دولبەرە (مەبەستەکەی داستانی مەم و زینە) دڵ ڕاکێشەرەی وا دەنگ دەداتەوە کە شایەتی دەست ڕەنگینی بێت، نەدەیتە دەست خەڵکی ناساز و ناپەسند. لێرەدا خانی بنەڕەتێکی ڕەخنەیی دەخاتە پێش چاو، ئەوەش بنەڕەتی بەرهەمی داهێنراوە و کە مەم و زینەکەیەتی و بەبەرهەمێکی شاکار و ڕەنگین ناو دەبات، کە لە ئەنجامی داهێنان و خوڵقاندن هاتۆتە کایەوە، لەبەر ئەوە لە خوا دەپارێتەوە کە ئەم بەرهەمە نەخاتە ژێر دەستی خەڵکی نەفام و نەزان، چونکە ئەو جۆرە کەسانە ناتوانن ڕەخنەی شیاو و گونجاو ئاراستەی بەرهەمەکەی بکەن و نرخ و بەهایەکەی هەڵێنجان و سکاڵا بکەن. لەپاش ئەمە زیاتر دەچێتە ناو ناخی ڕەخنە و ڕەخنەگەرییەوە، داوای ئەوە دەکاتەوە کە ساردی نەکەنەوە و وای لێ نەکەن کەسستی بیگرێت و نەتوانێت شتی تازە بنووسێت. لێرەدا ڕەخنەگران دەکات بەدوو بەشەوە.

یەکەم: ئەوانەی ڕق و کینە دڵی پڕکردوون و ڕەخنەیان بۆ ئەوەیە کە نووسەر سارد بکەنەوە و وای لێ بکەن کە ئیتر نەنووسێت. دووەم: ئەوانەی کە ڕەخنەیان دەکەن بەهۆی پێشخستنی ئەدەبیات و، کەموکوڕیی نووسەر بەچەشنێک دەستنیشان دەکەن کە چارەسەریان بکات و بەرهەمی لەمەودوای چاکتر و بەرزتر و پوختەتر بێت و دەڵێ:

ئومێد ئەوە ژ ئەهلی عیرفان
ئەودی نەگرن لە من چوو حەرفان
تەشنیع نەگرن وەکی غەیووران
ئیسلاح بکەن لە من قسووران
ئەسحابی کەمال پەردە پۆشن
ئەربابی غەرەز، دە پڕ خرۆشن
مەئموول ئەوە ژ ئەهلی ڕازان
ئەو دی نەگرن لە من تەنازان[2]

واتە: ئومێد بەخاوەن زانست و زانایان ئەوەیە، کە ئیتر قسە (ڕەخنە) لە من نەگرن. ئەوانیش وەک حەسوودان بەناشیرینی دانەنێن و نەکەونە قسەی ناڕەوا پێ وتنم، کەموکوڕیم چاک بکەن. چونکە خاوەن کەمال و ئەدەب پەردەی کەموکوڕی دەپۆشن، ئەوە

١) سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٣.
٢) سەرچاوەی پێشوو.



PDF4Kurd

هەر خاوەن غەرەز و ڕق لە دڵن کە زۆر لە خرۆشدان. ئومێد ئەوەیە لە خاوەن ڕازان، کە ئیتر بڕوبیانووم پێ نەگرن و قەسەی زل و بەدەنگ و قەڵەو نەهێننە ڕێگام.

هەروەها ئەحمەدی خانی جارێکی تر هەر بەو گیانی تەوازوعەوە بیانوو بۆ کەموکوڕیی خۆی دەدۆزێتەوە بڕیارەکەی بەسەر ڕەخنەگردا دووبارە دەکاتەوە و دەڵێت:

ئەز پیلەوەرم نەگەوهەریمە
خو دڕستەمە ئەز نەپەڕوەریمە
کرمانجم و کۆهیی و کەناری
ڤان چەند خەبەرێد کوردەواری
ئیمزا بکەن ئەو بەحوسنی ئیلتاف
ئیسغا بکەن ئەو ب سەمعی ئینساف
ئەسحابی غەرەز کو گۆهبدێرن
عەیبان ب کەرەم لە من ڤەشێرن
ئاڤاڕووی شاعیری نەڕێژن
گەر مومکینە پێکڤە قەنج ببێژن
سەهوو غەڵەتان نەکەن تەعەجوب
تەئویل بکەن ژ بۆ تەعەسوب(١)

خانی لێرەدا قسە و ئاخافتن ئاراستەی خۆی دەکات. ئەوە دەسەلمێنێت کە عەتارێکی بچووکە و گەوهەرساز نییە، خۆی پێگەیاندووە کەس پەروەردەی نەکردووە.

واتە کەس دەستی یارمەتی بۆ درێژ نەکردووە، بەڵکو بەهۆی ڕەنج و کۆششی خۆی گەیشتۆتە ئەو پلەیەیی کە توانیویە لە ئەنجامدا ئەم شاکارە مەزنەی پێشکەشی نەتەوەکەی بکات.

بەلای ئێمەوەوە ئەم بۆچوونەی خانی جۆرێکە لە دەستنیشانکردنی کەسێتی و خودی شاعیر بەرامبەر هەڵسوکەوتی بەرهەمەکەی و دەرخستنی ئەو ڕاستییەی کە بەهۆی فێربوون و زانست و دەستکارییەوە سازدراوە.

هەر لەم ڕوانگەیەوە خانی بەردەوام دەبێت، بۆ دیارکردنی لایەنی بەرهەمەکەی و دەڵێ: کوردم و کێوی و کەناری، دە ئەم چەند قسە و ئاخفتنەی کوردەواری، بەلوتف و چاکەی خۆتان مۆر بکەن، واتە لێ ڕازی بن بەگوێی ئینسافیش گوێی لێ بگرن، تەنانەت خاوەن غەرەزیش کە گوێیان لێ گرت، یا بە چاکەی خۆیان کەموکوڕی من بشارنەوە. ئاوی ڕووی شاعیر نەڕێژن - واتە- حەیای نەبەن- ئەگەر توانا هەیە با

١) سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٤.



هەموو پێکەوە باش ببێژن.

با لەچەوتی و هەڵە سەریان سوڕ نەمێنێت، بەهەستی نەتەوەییان بیانووم بۆ بدۆزنەوە. هەروەها ئەحمەدی خانی و ڕەخنەی ئەدەبی هەر لێرە ناوەستێت، بەڵکو لە چەند شوێنی (مەم و زین)دا دێڕی وا دەبینین کە خانی بکات بەڕەخنەگر، واتە بەشێوەیەکی سادە بڕیار بەسەر هەندێک دیمەنی بەرهەمی ئەدەبیدا بدات، نموونەی ئەمە دوا بەشی(مەم و زین)ە کە خانی لەگەڵ خامەدا دەکەوێتە قسە، لەوێدا ئەم دوو دێڕە تەواو بڕیاردانە بەسەر بەرهەمی ئەدەبیدا.

ئەی خامە تە ژی گەلەک درێژکر
ئەڤ نامە بەسە، تە پڕ قرێژ کر
هەر چەندە کەلام شوبهی دوڕ بیت
بێ قەدر دبیت دەما کو پڕ بیت(١)

ئەی قەڵەم تۆش گەلێک درێژت کردەوە، ئەم نامەیە- واتە: ئەم(مەم و زین)ە، بەسە تۆ زۆر پیست کرد. هەرچەند قسە وەک دوڕ وابێت، کە زۆر بوو بێ نرخ و بەها دەبێت. بەم پێیە خانی ڕاستەوخۆ سەرنجمان بۆ بیرو هزرێکی ڕەوانبێژی ڕادەکیشێت، ئەویش پێناسەی ڕەوانبێژییە، کە لە پەندێکی عەرەبیدا هاتووە.

(خیر الکلام ما قل ودل و لم یمل)(٢)

هەروەها ئەم بیرە لە سەرچاوە ڕەوانبێژییە عەرەبییەکاندا بەدی دەکەین، هەروەکو لەم دەقەیەدا هاتووە (وقال الفضل: قلت لاعرابي ما البلاغة؟ قال: الایجاز في غیر عجز والاطناب في غیر خطل).(٣)

ئەم باوەڕەی خانی یەکێکە لەو باوەڕانەی کە لە ڕەخنەی ئەم سەردەمیشدا زۆر پەیڕەوی دەکرێت، ئەویش ئەو باوەڕەیە کە دەڵێت (وا چاکە کەمترین وشە بەکار بهێنین وە زۆرترین واتا بدەین بەدەستەوە) واتە درێژ دادڕ نەبین.

هەروەها خانی لە چەند دێڕێکی تردا (باسی جۆرەکانی نووسین دەکات کە لەو سەردەمەدا باو بوون، تا ئێستاش هەر ماون و لە کاردانە و بڕیاردانی خۆی بەسەریاندا بەجوانی و ناشرینی لە قەڵەم دەدا و باسی دەستڕەنگینی و توانا و تازەگەری

١) سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٤.

٢) الامام ابي منصور الثعالبي، الرسالة الاولی، الایجاز والاعجاز، بیروت، ١٣٠١ه، ص ٢٤.

٣) احمد الهاشمي، جواهر البلاغة في المعاني والبیان والبدیع، بیروت، ص٤١٢، هةروةها بڕوانة البیان والبنین، للجاحظ، تحقیق وشرح عبد السلام محمد هارون، الطبعة الخامسة، القاهرة، ١٩٨٥،ص٩٧.



PDF4Kurd

دەکات). (١)

دەڵێت:

هندی وەکو خەت غوبار و هوورە
ئەو خەت ژ لەتافەتێ نەدوورە
گاڤا کو ژ ڕەنگی مەشقی پڕ بوو
یا شوبهەتی نەسخ و سولسێ گربوو
ئەو ناسخێ نوسخەیا جەمالە
بێ ڕەونەق و ڕوهنی و کەمالە
لازم ئەوە دلبەرێد سادە
خەت لێ نەبیتن وەکی قەلادە
خۆش زینەتە خەت ل ماهێ ڕوخسار
هندی ل ڕووان نەبوویە هەفسار(٢)

کاتێ کە نووسین غوباری وردە، ئەوا ئەو نووسینە لە جوانییەوە دوور نییە. بەڵام کاتێ هەروەک ڕەنگی مەشق پڕ بوو یا وەکو نەسخ و سلسێ تیپەکانی گەورەبوو، ئەوا نوسخەی جوانی بەتاڵ دەکاتەوە و ڕەونەق و ڕووناکی و کەمالی تێدا نامێنێت. دەبێت دولبەرەکانی سادە، هەروەک ملوانەکە و گەردانە سادەبێت و خەتی تێدا نەبێت، واتە ئارایشت نەکرابێت و وەک خۆی بێت و لاسایی نەکرابێتەوە. بەڵێ خەت و ئارایشت لە مانگی ڕوو و ڕوخساردا زۆر جوانە ئەگەر لە ڕوودا بە(هەفسار) نەگۆڕێت.)(٣)

کەواتە خانی لێرەدا ستایشی ئەو جۆرە نووسین و بەرهەمە دەکات کە تازە بێت و لاسایی نەبێت، نووسینێکی سادەی تازەی لا لە نووسینێکی جوانی هاووێنە و دووبارەکراوە جوانترە. کەواتە خانی لاساییکردنەوە و محاکات بەکارێکی ناپەسند لە قەڵەم دەدات و شاعیری لاساییکەرەوە وەکو دزێک تەماشای دەکات، لێرەدا بەپێویستی دەزانم ئەو نموونانەیە کە پێوەندییان بە(لاساییکردنەوە) وە هەیە دووپات بکەمەوە، بۆ ئەوەی زیاتر ئەم چەمکە ڕوون بکەمەوە.

لێ من ژ ڕەزان نەکر تەمەتووع
مانەندی دزان بکەن تەتەبووع

١) رشيد فندى، مناقشات حول خاني، دراسة نقدية، بغداد، ١٩٨٦، ص ٧٨.
٢) احمد خاني، مم و زين، رودينكو، ل ١٩٤.
٣) المقود او اللجام، بروانه، رشيد فندى، ملاحظات نقدية، ص٨٠.



لێرەدا دەستنیشانی ئەوە دەکات کە بەرهەمەکەی نەدزیوە و زادەی بیری خۆیەتی و دەڵێ نەک تەنیا نەدزراوە بەڵکو لاساییکردنەوەیش نییە و هیچ تەجروبەیەکی لەو شێوەیە نەکراوە تاکو شوێنی بکەوێت و دەڵێت.

مەحبوب و لیباس و گۆشوارە
مولکێد منن نەموستەعارە
لازم ئەوە دولبەرێد سادە
خەت لێ نەبیتن وەکی قەلادە

ئەم بۆچوونانەی (خانی) دەربارەی ڕوونکردنی چەمکی لاساییکردنەوە ڕێک دەکەوێت لەگەڵ بیروڕای (ئەفلاتوون) کە دەڵێ شاعیری لاساییکەرەوەیە هیچ داهێنانێک ناهێنێتە کایە و درۆ دەکات و بەرهەمەکەی سێ هەنگاو لە ڕاستییەوە دوورە بەرهەمەکانی سێبەری ڕاستییە، چونکە هیچ کات ناتوانێ هونەرمەند ڕاستی بەخەڵک بگەیەنێ، بۆیە بڕیاری ئەفلاتوون ئەوەیە نابێ شاعیر لەناو کۆمارەکەدا بژیت. کەواتە گرنگ داهێنان و خوڵقاندنی بەرهەمی ئەدەبییە، چونکە شاعیری داهێنەر ڕێزی تایبەتی هەیە، ئەم ڕایەی ئەفلاتوون لەگەڵ بۆچوونی ئیسلامیشدا یەک دەگرنەوە. بەڵگەشمان ئەوەیە هەروەکو لە قورئاندا هاتووە کە شاعیران بەسەر دوو تاقمدا دابەش دەکات و دەڵێ، (والشعراء يتبعهم الغاوون الم تر انهم فی كل واد يهيمون، وانهم يقولون ما لايفعلون). (١)

لێرەدا قورئانی پیرۆز بەتوندوتیژییەوە حوکم دەدا بەسەر تاقمی یەکەم، کە ئەم جۆرە شاعیرانە ڕابەری پیاو خراپان دەکەن و بەرهەمەکانیان هەڵپەرست و دووڕوویی دەنوێن. واتە کردەوەیان وەکو گفتاریان نییە، درۆ دەکەن و تاقیکردنەوەیەکی ڕاستەقینەیان لە هۆنینەوەی شیعردا نییە. لەلایەنی ترەوە خانی لە چەند دێڕێکی تردا داوای ئەوە دەکات لە نووسەر کەو وربێت و پێش نووسین لەقسەی خۆی ورد بێتەوە.

سەهوو غەڵەت و خەتاو و نیسیان
مەجموعەی ناپەسندی عیسیان
تەحریرکردن تەبێ تەمول
کێ دێ بکەتن ژنە تەحەممول
کەس نینە بکەت ژبۆتە تەحسین
گوبندەیی ئافەرین و نەفرین(٢)

١) الشعراء الآية(٢٢).
(٢) احمد خاني، مم و زين، ل١٩٤.



PDF4Kurd

لێرەدا خانی لەگەڵ خامەکەی دەدوێت و پێی دەڵێ. لەناتەواوی و هەڵەوچەتی و لەبیرچوون لەکۆمەڵەی ناپەسندی لەڕێ و شوێن یاخیبوون. تۆ بێ وردبوونەوە چیت ویست نووسیت، ئیتر کێ لەتۆیی قبوول دەکات --- کەس نییە بە تۆ بڵێت چاکت کرد. یا ئافەرینێ یا نە فرینێکت لێ بکات و بەیەکێک لەم دووانەت پێ بڵێت.

بەم پێیە خانی دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە بەهۆی بەکارهێنانی قەڵەم لەنووسینەوەدا بەرهەمی ئەدەبی دێتەکایەوە و هەموو کەموکوورییەکیش ڕوودات لەو بەرهەمەدا، دەخاتە پاڵ قەڵەمەکە. لێرەدا پەنجە بۆ بنەڕەتی تاقی کردنەوە و معانات لە نووسینەوەی بەرهەمی ئەدەبی دەستنیشان دەکات.

بەم جۆرە دەتوانین خانی بەڕابەرێکی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی دابنێین و ئەو پەیڕەوانەی سەرەوە لە بیری ڕەخنەگریی خانیدا ببینین. چونکە خانی لەم مەیدانەدا بەقووڵایی و وورددییەوە بەرهەمی ئەدەبی شی دەکاتەوە و سەرنج و تێبینییەکانی بەشێوەیەکی ڕووناکبیری و زانستیانەپیشان دەدا ئاوڕدانێک لە ناوبردن و ستایشکردنی سێ شاعیری پێش خۆی دەداتەوە و ڕێگەی بۆ گەلێک شاعیری تریش کردووتەوە کە بەناوهێنانی شاعیرانی پێش خۆیان چەشنێک لە نرخ بەبەرهەم دانی ئەوانمان بۆ تۆمار بکەن و، بەم جۆرە باسی ئەو سێ شاعیرە دەکات:

کرمانج نەپڕ د بێ کەمالن
ئەما د یەتیم و بێ مەجالن
بالجملە نە جاهل و نەزانن
بەلکی د سەفیل و بێ خودانن
گەر دێ هەبوویا مە ژی خودانەک
عالی کەرەمەک لەتیف دانەک
علم و هنەر و کەمال و ئزعان
شیعر و غەزەل و کتێب و دیوان
ئەڤ جنسە ببا لبال وی مەعمول
ئەڤ نەقدە ببا لنک وی مەقبول
من دی عەلەما (علمێ) کەلامی مەوزوون
عالی بکرا ل بانێ گەردوون
بینا ڤە ڕوحا مەلێ جزیری
پێ حەی بکر عەلی حەریری
کەیفەک وە بدا فەقیهی تەیران



حەتا بئەبەد بمایە حەیران
چ بکم کو قەوی کەسادە بازاڕ
نینە ژ قماشرا خەریدار(١)

ئەوەی سەرنجمان ڕادەکێشێت لەم دێڕانەی سەرەوەدا، ئەوەیە کە خانی ڕاستەوخۆ پێناسەی هۆنراوە دەکات و بەکەلامی مەوزوون ناو دەبات، ئەوەی ئاشکرایە کە ئەم پێناسەیەی هۆنراوە بۆ یەکەم جار لە لای ڕەخنەگری عەرەبی ئیسلامی قدامەی کوڕی جەعفەر بەکار هاتووە، کە لە ساڵی (٣٣٧)کۆچیدا کۆچی کردووە لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا (نقد الشعر) پێناسەی هۆنراوە دەکات و دەڵێ:)

(هۆنراوە ئاخاوتنێکی کێش و سەروادارە و واتایەک دەبەخشێ)(٢)

بێ گومان ئەم بۆچوونەی خانی لەم ڕوویەوە بەڵگەیەکی پتەوە بۆ چەسپاندنی ئەو ڕایەی کە خانی ئاگادار و شارەزایی هەموو جۆرە بیرێکی ڕەخنەیی بووە کە لەو سەردەمەدا باوبووە.

ئەگەر دەوران نەگۆڕایەوە و ئەو تەوژمەی ئەدەبیاتی بۆتان کز نەبوویایە، ئەوا ئەم سەرەتا پتەوەی جزیری و خانی دایمەزراند زوو بەرەو پێشتر دەچوو لە دەمێکەوە زانستی ڕەخنەی ئەدەبیی و ئەدەبیاتناسەی لە ناوکورددا جێگەی خۆی دەبوو. بەڵام کزبوونی ئەو ئەدەبیاتە و چنگی ڕەشی داگیرکەرانی عوسمانی ئەم مەیدانەشی گرتەوە و تا ماوەیەکی زۆر ئەم زانستە لەناو کورددا وەستا یا زۆر هێدی بەرەو پێشەوە ڕۆیشت، بەڵام لەبەر ئەوەی سەرهەڵدانێکی نوێ لە ئەدەبیاتی کوردیدا دەستی پێ کرد و بەرپا بوو لە کوردستانی خواروودا، ئەو کەلێنەیەی کە لەدوایی کزبوونی ئەدەبیاتی ژووروودا پڕی کردەوە و بەردەوامییێک هاتە کایەوە، هەروەکو لەمەودوا باسی دەکەین.

١) سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٥-٣٦.
٢) د. کامل بصیر، ڕەخنەسازی، ل ٤٩.



PDF4Kurd

# بەشی سێیەم

## ڕەخنەی ئەدەبی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا

## لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەم

## نالی – سالم – کوردی – مەولەوی

## ڕەخنەی ئەدەبی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا لە نیوەی یەکەمی

### سەدەی نۆزدەم

لە کۆتایی بەشی دووەمدا وتمان، کە لەدوای کزبوونی ئەدەبیاتی سەروو و سەرهەڵدانێکی نوێ لە ئەدەبیاتی کوردیدا دەستی پێ کرد لە کوردستانی خوارووداا. ئەوەبوو لەساڵی (١٧٨٤)ی ز شاری سلێمانی لەلایەن برایم پاشای بابانەوە بنیات نرا، لەدوایییدا ئەم شارە تازەیە بوو بەپایتەخت و ناوچەیێکی بازرگانی و پیشەسازی نوێ و مەڵبەندی زانست و هونەر و ئەدەب و ڕۆشنبیری تازە.

بێ گومان لەو زەوییە بەپیتەدا و، لەو مەیدانە پێشکەوتووەدا بزووتنەوەیەکی ئەدەبیی تازەش بەرپا دەبێ کە تا ئێستا بەردەوامە و بەشی زۆری کوردستانی گرتۆتەوە. لە سەرەتادا ئەو بزووتنەوەیە، لەسەر دەستی نالی خوڵقاوە و بوو بەقوتابخانەیێکی ئەدەبی کوردی و لەلای هەندێ مێژوونووسانی ئەدەبی کوردی بەقوتابخانەی شیعری بابان ناسرا و، لەلای هەندێکی تر ئەو ئەدەبە بەقوتابخانەی (نالی) درایە قەڵەم. چونکە دەورێکی گرنگ و پێشڕەوانەی تێدا بینیوە.

### نالی

لە ساڵی (١٨٠٠)ی ز لە دێی (خاک و خۆڵ)ی ناوچەی شارەزوور لە دایکبووە و لە پێناوی وەرگرتنی زانستە ئایینییەکاندا، شار و دێهاتی بەشێکی کوردستان گەڕاوە و دوا پلەی ئەو خوێندنەی بڕیوە و ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە. لە ساڵی (١٨٥٠)ی ز دەچێ بۆ حەج و لەوێوە بۆ ئەستەمبول، ئیتر هەر لەو شارە دەمێنێتەوە تاکو ساڵی (١٨٥٦)ی ز کۆچی دوایی دەکات.

ئەوەی لەم ماوەیەدا پێویستمان پێی هەیە، ئەوەیە کە لە ناوەرۆکی شیعری نالی بکۆڵینەوە، تاکو بزانین تا چ ڕادەیەک ڕەخنەی ئەدەبی گەلاڵە و سازدراوە. نالی لە چەند دێڕێکدا بنەڕەتێکی سەرەکی لە ڕەخنەدا دەستنیشان دەکا، ئەویش سەرچاوەی



سروشتی هۆنراوەیە. شاعیرەکەمان لەم ڕووەوە دەڵێ:

لاحَوْلَ ولاطَولَ ولا قُوّةَ إلاَّ
بِاللهِ لَهُ القُدرةُ والكائن ماشا
((نالی) نیەتی سیحری بەیان، حیکمەتی شیعرە
ئەمما هەیەتی قووەتی دڵ قودرەتی ئینشا)(١)

کەوابوو بەلای نالییەوە (هێزی دڵ سەرچاوەی هۆنراوە و قودرەتی ئینشایە. هێزی دڵ و قودرەتی ئینشا و هەموو تواناکانی وەکو ئادەمیزادێک بەدەستی خواوەیە. ئەم بۆچوونەی نالی سەبارەت بەسەرچاوەی هۆنراوە ڕەنگە لە بیروڕاکانی ئەفلاتوونەوە ئەنجام درابێ. کە دووپاتیان کردۆتەوە سەرچاوەی هۆنراوە خواکانە و شاعیر بەخورپە و ئیلهام لە ئاسمانەوە هەڵبەستەکانی وەدەست دەهێنێ).(٢)

بەلام لەگەڵ ئەوەشدا دوور نییە نالی وەکو موسوڵمانێک لە بیرۆکەیەکی ئایینیی گشتییەوە باری خۆی دەربڕیوە. چونکە ئەگەر سەرنج لە دێڕەکان بدەینەوە زیاتر ئەم مەبەستە بۆمان ساغ دەکاتەوە. کە سروشتی هۆنراوە بەلایەوە سیحری بەیان و حیکمەتە، لە فەرموودەیەکی پێغەمبەرەوە دەستنیشان کردووە، کە دەڵێ: (ان من البیان سحراً وان من الشعر حکما).(٣)

ئەم دەستنیشانکردنەش دوو لایەنی گرنگی هۆنراوە دەخاتە ڕوو.

(لایەنی فورم، کە کارتێکردنەکەی وەکو کارتێکردنی جادووگەری و سیحرە و، ولایەنی ناوەرۆک، کە مەبەستی ڕاستەقینەی ئامۆژگاری و ڕابەری هۆشمەندی و ژیرییە)(٤). هەر لەم بارەیەوە نالی، دووپاتی دەکاتەوە کە سەرچاوەی شیعرەکانی (کردارە ئەدەبییەکانی) بەهۆی (خارق العادة) سازدەدرێ.

(نالی) یەک و ئەو کەس کە تەمامی غەزەلی بیست
مەعلوومی بووە زۆر و کەمی خاریقی عادات(٥)

ئیدیەمی (خارق العادة)ش بەم پێیە لە ئەدەبدا بەو (کردارانە دەڵێن کە لە توانای

١) دیوانی نالی و فەرهەنگی نالی، لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوەی د. مارف خەزنەدار، بەغدا، ١٩٧٧، ل٤٨.
٢) د. کامل بصیر، بنەڕەتییەکانی ڕەخنەسازی و هۆنراوەی دێرینی کوردی، کۆڤاری کۆری زانیاری عێراق (دەستەی کورد)، بەرگی حەوتەم، بەغدا، ١٩٨٠، ل ٢٠٣.
٣) محمد عبدالروؤف المناوي، فیض القدیر، مصر ١٩٣٨، ص٥٢٤.
٤) د. کامل بصیر، بنەڕەتییەکانی ڕەخنەسازی، کۆڤاری کۆری زانیاری، ل ٢٠٤.
٥) دیوانی نالی، چاپی خەزنەدار، ل ١٣٦.



PDF4Kurd

هەموو کەسدا نین و خواوەند بەهرەی لێهاتنیان تەنیا بەهەندێ هەڵبژاردەی خۆی ئەدا). (١)

نالیش خۆی بەیەکێ لەو هەڵبژاردانە لە قەڵەم دەدا، کە شیعری خۆی تیا دەخاتە ئاستی موعجیزەی پێغەمبەران و کەرامەتی ئەولیاکاری (خارق العادة).

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نالی لە ئاستی دەستنیشانکردنی سەرچاوەی هۆنراوەدا، بیروڕایەکی یەکدگیری نییە، چونکە دەڵێ:

هەر چاوەیێ کە وشک و عەقیمی بڵندییە
وەک تەبعی من بەنەزمی خۆشی نەغمەزایەوە(٢)

واتە (هەر کانیاو و سەرچاوەیەک بەهۆی بەرزی شوێنەکەیەوە وشکایی هاتبێ و ئاوی لە بەر ئەڕوا، لەم بەهارەدا تەقیوەتەوە، وەک چۆن سروشتی من بەشیعری خۆش ئاوازە تەقیوەتەوە و هەمیشە شیعری جوان و لە سەرچاوە و کانیاوی دەمم لێشاو ئەکا). (٣)

بەلامانەوە ئەم بۆچوونەی نالی، ئەوە دەردەخا، کە باڵی بەسەر هەموو جۆرە شیعر هۆنینەوەدا دەشکێ، لە هەمان کاتیشدا توانا و پلێمەتی خۆی دەنوێنێ کە لەگەڵ هۆنەرەکەیدا زانابووە و ئەتوانێ لە سەرچاوەی جیاوازدا شیعر برازێنێتەوە و بێنێتە بەرهەم. بێ گومان ئەم خەیاڵەی نالی لە ئەنجامی ئەو کێشە و ناکۆکییانە هاتۆتە کایەوە، کە لەو سەردەمەدا باوبووە و پاڵی پێوەناوە کە خۆی بەسەروەر بزانێ لە هۆنینەوەی شیعری جۆر بەجۆر و دەمی خەڵکی ناحەز بگیرێتەوە، تاکو توانج و ڕەخنەیان نەکەن بەبیانوو و ئاراستەی بکەن.

هەروەها نالی ڕەگەزەکانی هۆنراوە دەخاتە بەر لێکوڵینەوە، ئەمەش بنەڕەتێکی ڕەخنەیییە با گوێ لەم دێڕانەی بگرین کە دەڵێ:

شەونم نەزم و نەسرە لە ئەوراقی غونچەدا
گۆیا بووە بەزار و زمان و ددان و پووک
(نالی) عەجەب بەقووەتی حیکمەت ئەدا دەکا
مەعنایی زۆر و گەورە بەلەفزی کەم و بچووک)(٤)

١) دیوانی نالی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم و محمدی مەلا کریم، بەغدا، ١٩٧٦، ل ١٤٤.
٢) دیوانی نالی، چاپی خەزنەدار، ل ١٠٩.
٣) دیوانی نالی، چاپی مودەریس، ل ٥٥٤.
٤) دیوانی نالی، چاپی خەزنەدار، ل ٧٠.



لێرەدا نالی زاراوەی مەعنا و لەفز بەکار دەهێنێ و ڕوونی دەکاتەوە کە هەڵبەست پێکهاتووە لە دوو ڕەگەزی جیاواز، ڕەگەزی واتا و ڕەگەزی وشە. هەروەها سەرنجمان ڕادەکێشێ بۆ پێوانەیەکی ڕەوانبێژی عەرەبی کۆن کە بە(ایجاز) ناو دەبرێ و بەوە پێناسە کراوە کە دەربڕینە لە واتایەکی زۆر بە وشەیەکی کەم، یاخود هەروەکو خۆی دەڵێ بەهێزی وردیی خۆی دەتوانێ (مەعنای زۆر و گەورە بەلەفزی کەم و بچووک) بهێنێتەدی.

ئەم تێڕوانینەی نالی سەبارەت بەدەستنیشانکردنی ڕەگەزەکانی هۆنراوە ڕەنگە هەڵوێستێکی لاساییکردنەوە بێت و، نالی لە نواندنیدا شوێن پێی ڕێبازی ئیبن قوتەیبەی هەڵگرتبێ کە لە سەدەی سێیەمی کۆچیدا هۆنراوەی عەرەبی لەبەر تیشکی پێوانەی وشە و واتادا هەڵسەنگاندوە کە دەڵێ:

(هۆنراوەی وشەبەرز و واتا بەکەڵک باشترین چەشنی هۆنراوەیە). (١)

دیارە نالیش ئەم چەشنە هۆنراوەیەی بەدڵ بووە و بەپەسندی زانیوە. لەبەرئەوە بیروڕاکانی یەکدگیر دەکات لەگەڵ ئیبن قوتەیبەدا لەم ڕووەوە.

هەروەها نالی ڕوویەکی تری هۆنەرمەندێتی باس دەکا، ئەویش لایەنی گرنگیدانە بەزمانەوانی و بایەخدانێکی بێ سنوور دەربارەی زمانی زکماکی دەخاتە ڕوو و دەڵێ: (٢)

تەبعی شەککەرباری من کوردی ئەگەر ئینشا دەکا
ئیمتیحانی خۆیە مەقسوودی لە عەمدا وا دەکا)(٣)

لێرەدا نالی بەرەنگاری ئەو کەسانە بووەتەوە کە ڕەخنەیان لێی گرتووە کەوا بۆچی بەزمانی کوردی شیعری داناوە؟ وە بەلای ڕەخنەگرانەوە گوایە دەبێ لەو سەردەمەدا شیعر هەر بەزمانی عەرەبی، وەیا فارسی بوترێ، نالیش دەرکی بەمە کردووە و هەوڵی ئەوەی داوە کە زمانی کوردیش بێنێتە ڕیز و ئاستی زمانەکانی تر و، بکات بەبەڵگەی هێز و توانا و دەوڵەمەندی، چونکە نالی (باوەڕی بەبلیمەتی و زانایی و لێهاتووی خۆی هەبووە، باوەڕی بەوە هەبووە، کە لە ئاستی ئەو تاقیکردنەوە مێژوویییەدا کەژیان خستبووە ئەستۆی سەرکەوتوو ئەبێ. بۆیە هاواری کرد. ئەمە کارێکی بەئەنقەست و بەهۆشیارییەوە دەیکا.

١) د. کامل بصیر، ڕەخنە سازی، ل ٤٨.
٢) تەبع زاراوەیەکی ڕەخنەیییە، ئەو مەبەستە دەگەینێ کە شاعیر بەبێ زۆر لە خۆکردن ئەوەی بەدڵیا دێ و دەیەوێ بیلێ، تۆماری بکات بەبێ ئەوەی چاوی پێدا بگێڕێتەوە و شتی لێ بگوڕێ).
٣) دیوانی نالی، چاپی خەزنەدار، ل ٥٢.



PDF4Kurd

خەڵکیش با بەپێی دەستووری کۆن و باو بیر نەکەنەوە، با سەیری ناوەڕۆکی شیعرەکانی بکەن و بزانن لە ڕێگای بەکارهێنانی زمانی کوردییەوە چ مانا و مەبەستێکی ورد و مەزن و هونەرمەندانە دەردەبڕێ). [١]

لە دێڕێکی تردا نالی بەردەوام دەبێ لە باسکردنی پێوەندی نێوان زمان و ڕەگەزەکانی هۆنراوە و چۆنێتی ئەنجامدان و ڕێکخستنی و، دەڵێ:

کەس بەئەلفازم نەڵێ خۆ کوردییە خۆکردییە
هەر کەسێ نادان نەبێ خۆی تالیبی مەعنا دەکا[٢]

لێرەشدا وا دەگەیەنێ کەسێکی نەزان نەبێ ڕەخنە لە شیعرەکانی ناگرێ لەبەر ئەوەی کە کوردین، چونکە مەبەستی تەنیا وشە نییە، بەڵکو واتایە با بەشوێنیدا بگەڕێن. ئەم گرنگ و بایەخدانەی نالی بەزمان و واژە و واتای شیعرەکانیەوە، بەلامانەوە لەبەر ئەوە بووە کە لەو سەردەمەدا گەلێ کۆلکە شاعیر هەبوو و توانجیان لە شیعرەکانی گرتووە کە گوایە تەنیا داڕشتنێکی دەسکردە و هیچ مەبەستێک نادەن بەدەستەوە، بۆیە بەرپەرچی ئەو کۆلکە شاعیرانەی داوە و، ڕاستەوخۆ پیشان دەدا کە داڕشتنەکەی بەهرەی خۆماڵێن و ڕەسەنایەتی تێدا بەدی دەکەن.

هەروەها نالی بیرێکی تری ڕەخنەیی دەچەسپێنێ، ئەویش بنەڕەتی سەلیقە و سنعەتکارییە لە وێژەدا، بۆ نموونە دەڵێ:

خەڵقی کە هەموو کوودەکن و بەستەزمانن
بابێن و لە (نالی) ببیەن شیعری سەلیقی[٣]

واتە ( ئەم خەڵقە هەموو مناڵ و نەفامن و زمانیان بەیەکا بێ هیچ لە شیعری ڕاستەقینە تێ ناگەن. بلێن با بێنە لای (نالی). شیعری خۆیییان بۆ بخوێنێتەوە کە وەک ئاوی ڕەوان لە خۆیەوە دێ، بەڵکو زمان و بیریان بکرێتەوە و فێری چەشکردنی شیعر و ئەدەب ببن). [٤]

لێرەدا نالی ئەوە دەچەسپێنێ کە بەهۆی سەلیقەت و بەهرەی زکماکییەوە شیعری خۆی دەست هێناوە، بۆیە بەخەڵک دەڵێ وەرن شیعری خۆڕسک و تەبیعی و بنیاد لە من ببستن. هەروەها دوور نییە مەبەستی نالی لەم دێڕەدا بەرپەرچدانەوەی هەندێ ڕەخنەگر بووبێ کە بەچاوێکی بێ بایەخ و پڕ کەموکوڕیی سەیری شیعرەکانیان کردبێ.

١) دیداری شیعری کلاسیکی کوردی، ل ٧٨.
٢) دیوانی نالی، چاپی خەزنەدار، ل ٥٣.
٣) دیوانی نالی، چاپی خەزنەدار، ل ١٣١.
٤) دیوانی نالی، چاپی مدرس، ل ٦٥٧.



هەروەها زیاتر تایبەتی وردەکاری هەڵبەستەکانی دەخاتە ڕوو، سەرنج بۆ ئەوە ڕادەکێشێ کە بەخەیاڵی هۆنراوەی پڕ لە وردەکاریی خۆی کە ئەڵێی تاڵە مووی باریکە سەد داوی ناوەتەوە بۆ هەر شاعیرێک، داوی وا کە بەهیچ کلۆجێ سەری لێ دەرنەچێ و دەڵێ:

(نالی) بەداوە شیعری دەقیقی خەیاڵی شیعر
بۆ ئەو کەسە کە شاعیرە سەد داوی نایەوە[١]

کەوابوو خەیاڵی دەقیق و ورد بەلای ئەم شاعیرە بڵێمەتەوە (کوڕێکی هۆنەرییە لەبەر تیشکی بنەڕەتەکەیدا شاعیران دان بەپێشکەوتن و سەرکەوتندا دەنێن و توێژەران بەئاشکرایی تێبینی دەکەن کە هەڵبەستەکانی شاعیرە کۆنەکانمان لە بەرهەمی ئەندێشەی بێ سنوور خەیاڵی دەستکرد جمەیان دێت و بەدەگمەن لەناو شەپۆلەکانیدا دێڕیک بەرچاو دەکەوێ کە بەزمانی ئەم هێزە ناهۆشمەندییە نەڕازێنرابێتەوە). [٢]

هەر لەم بارەیەوە بیرێکی تر دەخاتە بەرچاو دەڵێ:

نووکی خامەی من کە بێتە مەعنا ئارایی کەمال
خەت بەخەت ئیزهاری نەقشی سوورەتی مانی دەکا[٣]

لێرەدا باسی نووکی قەڵەمی دەکا کە بێتە مەیدانی (نوکتەبازی و گوزارە ڕازاندنەوە، هەر خەتێ کە دەینووسێ وەکو نەخش و نیگاری مانی چۆن مەردمیان سەرسام دەکرد ئەمانەی نالیش وانە لێرەدا خۆی خستۆتە گۆمی وێنەکانی مانییەوە و ئەیەوێ هۆنراوەکەی خۆ بکا بە(موعجزە)کانی مانییەوە). [٤] چونکە نالی شیعرەکانی (دەگەیێنێتە پلەی وێنەکانی مانی)، وەکو ڕەخنەی تازە بابەت دەڵێ:

مانی بەڕەنگ و سێبەر و هەتاو، نالی بەدەنگ و قافیە و مانا، بەرامبەر بەیەکن[٥]

بەم پێیە دەبینین نالی بەرهەمی ڕازاوە ساز دەکات، چونکە خۆی بەخاوەن دەسەڵاتێکی بالاّ دەزانێ لە وشە داڕشتن و شێوەی دەربڕین و ڕازاندنەوەی مانادا.

نالی لە چەند دێڕێکدا بنەڕەتێکی ڕەخنەیی سازدەکا. ئەویش تاقیکردنەوە و معانات لە نووسینەوەی هەڵبەستدا هەروەکو ئەم نموونانەی خوارەوە:

١) دیوانی نالی، چاپی خەزنەدار، ل ١١٠.
٢) دیداری شیعری کلاسیکی کوردی، وتاری د. کامل بصیر (هۆنراوەی کوردی و زاراوەی کلاسیزم لە ڕەخنەسازی ئەوروپیدا)، ئامادەکردنی حەمە سەعید حەمە کریم، بەغدا ١٩٨٦، ل ٢٨٧.
٣) دیوانی نالی، چاپی خەزنەدار، ل ٥٦.
٤) علاءالدین سجادی، ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە، ل ٤٢.
٥) د. مارف خەزنەدار، نالی لە دەفتەری نەمریدا، بەغدا ١٩٨١، ل ١٢٣.



PDF4Kurd

عـــومـــرێکه بەمـــیـــزانی ئەدەب توحـــفـــە فـــرۆشم
زۆرم گوت و کەس تێ نەگەیی ئێستە خەمۆشم[1]

ئەم شـــیـــعـــرەی نالی هاوارێکی نارەزاییـیــە لە ڕووی کـۆمـــەڵدا دەری دەبڕێ. ئەو کـۆمـەڵەی کـە چینی بنەوەی لەبەر بەدبەختی و کوێرەوەری و دواکـەوتن نەیدەتوانی لە هونەری جوان بگا و نە لە ئاستی ئەوەشدایە قەدری هونەرمەند بگرێ. چینی سەرەوەش ئەگەر جاروبارێکیش لایەک بەلای هونەری جواندا بکاتەوە.

هەر بۆ ڕابواردنی خـۆشی خـۆیەتی. ئەم بارودۆخـەی کـۆمـــەڵەکـەی بوو بەهۆیەکی سەرەکی کە ئیـتر خـۆی کت و بێ دەنگ بکا و معـاناتەکـەی لەناو سینگیدا جـۆش و پەنگ بداتەوە، چونکە هەستی بەوە کردووە کە تاقیکردنەوەکەی لە شیعر هۆنینەوەدا، هێـشـتـا بەئەنجـام نەگـەیشـتـووە لەبەر نزمی ئاسـتـی تێگەیشـتنی زۆربەی خـەڵکی کۆمەڵەکەیدا.

ئینجا لەوانەیە بۆچوونەکەی لەبەر ئەوە بووە کە بەر لەنالی (شیعر بەشێوەی کرمانجی خواروو باو نەبووە، مەگەر لە فۆلکلۆری میللیدا و تێکڕا شیعر لە ڕۆژاوا و باکووردا بەشێـوەی کرمانجی سـەروو، لە ڕۆژهەڵاتیشـدا بەشێوەی گـۆرانی بووە کە هەریەکـەیان زمانی یا چەندێ لە میرنشـینییە دەرەبەگییەکانی ئەو ناوچانەی کوردستـان بوون، هەر لەگـەڵ ئەوەشدا شـیعـری (باڵا) هەر بەفـارسی و عـەرەبی باو بـوو. نالیش یەکـەم کـەس بووە شیعری بەم دیالێکتە وتووە[2]

لەبەر ئەوە هەرچی هۆنییەوە، کەس لێی حاڵی نەبووە و نەچووتە دڵیانەوە.

لەهەمان ڕوویەوە بەشێوەیەکی تر معاناتەکە دەخاتە پێش چاو دەڵێ:

شـــیـــعـــرەکـــانم کـــە جـــیگەرگـــۆشی منن دەربەدەرن
دڵی (نالی) چ ڕەقە قەت غەمی فرزەندی نییە[3]

واتە (شیعـرەکانم کە زادەی بیر و هۆشمن و ژانێکی سەخت گرتوومی پێـیانەوە تا لەدایکبـوون و، وەک پارچەیەک لە جگەرم وان، ئێـســتـا لە کـۆشی خـۆمـا نەمـاون و دەربەدەر کەوتوون و هەریەکێ پارچەیەکیان بەلایەکدا بردووە. ئای لە من باوکێکی دڵ ڕەقم، خەمی مناڵی شیعری خۆمم نییە[4]

لێرەدا پرسیـارێک دێتە کایەوە. ئایا نالی تووشی چ کارەسـات و معـانـاتێ بووە لە

١) دیوانی نالی، چاپی خەزنەدار، ل ٧٧.

٢) محمدی مەلا کریم، نالی لە کلاورۆژنەی شیعرەکانیەوە، بەغدا، ١٩٧٩، ل ٦٨.

٣) دیوانی نالی، چاپی خەزنەدار، ل ١١٨.

٤) دیوانی نالی، چاپی مودەریس، ل ٥٩٦.



هۆنینەوەدا!

تاکو گۆشەگیر بێ و خەم و خەفەت نەخوا بەرامبەر شیعرەکانی و، وەڕەس ببێ لە نووسینەوەی هەڵبەستەکانیدا. لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین نالی بەشێوەیەکی تر ئەم بیرەی سـازداوە و ویسـتـوویەتی ئەم بنەڕەتە ڕەخنەییـیـە زیاتر ڕوون بکاتـەوە، بۆیە لەهەمـان ڕوانگەوە باسی تاقـیکردنەوە و مـعـانـاتی کـردووە و پێـوەندی لەنێـوان خـۆی و بەرهەمەکەیدا دەردەخا و دەڵێ:

لە جـیگـەرگـۆشـەیی شـیـعـرم مـەدە مـەعـنایی خـراپ
بێ خـەتا کـەسی نییـە ڕازی کـە لە ئەولادی درێ[1]

لێرەدا ڕاستەوخۆ قسە ئاراستەی خەڵکی دەکا و پێیان دەڵێ:

باش لە هەڵبەستەکانم حاڵی بن و بەڕاستی مەعنایان لێک بدەنەوە، هەڵبەستەکانم مناڵی جگەرگۆشەمن، بەخراپ لێ حاڵی بوونیان دەیانخەنە بەر فەلاقە و دارکاری.

هیچ باوکـێک ڕازی نیـیـە مناڵێکی خـراپەیەکی نەکردبێ، بەناحەق لێی بدرێ. ئەو وێنەیە هەروەکو دیارە ئەو پەڕی سۆزی ڕاستەقینەی شاعیر بەرامبەر بەزادەی هەست و نەستی دەردەبڕێ و ئەوە دەسەلمێنێ کە هەڵبەستەکانی پارچەیەکن لە دەروونی.

لە تاقە دێڕێکدا نالی دیاردەی لاساییکردنەوە لە هۆنراوەی سەردەمی خۆیدا دەخاتە ڕوو و سـەرنج بۆ ئەوە ڕادەکـێـشێ کـە چەشـە و چێـژی خـەڵکی لەسـەر خـوێندنەوەی هەڵبەستی شێواو ڕاهاتبوو دەڵێ:

(نالی) حـەریفی کەس نییـە ئولف و ئەلیـفی کەس نییـە
بەیتی ڕەدیفی کەس نییە تەفریقە نووسە گەپ دەکا[2]

لێــرەدا نالی نایەوێ لاســایی کــەس بکاتەوە و لە چوارچێــوەی قــوتابخــانەیەکی هۆنراوەییدا هۆنراو بهۆنێتەوە و ببێ بەڕەدیفی شاعیرێکی تر. بەڵام لە ڕاستیدا نالی (لەسـەر ڕێوشـوێنی باوی سـەردەمـەکەی شـیـعـر داناوە بەتایبـەتی شـیـعـری کـلاسیکی عـەرەبی و ئیـسـلامی. بەڵام کـەسێتی خـۆی. سەلماندووە و لە شاعـیـرانی هاوسەردەمی سـەرکـەوتووتر بـووە و، توانیـویـەتی داهێنـانی گـەورە لە بـواری دەربڕینی ورد و، وێنەو

١) دیوانی نالی، چاپی خەزنەدار، ل ١٢٣.

٢) سەرچاوەی پێشـوو، ل ٥٣. لێرەدا نالی کە دەڵێ... هەمـوو کردەوەکانی گەمەو گاڵتـەیە و بایەخ بە نووسینەکانی نادا و بەتەنگیانەوە نییە، بۆیە نووسینەکانی پەرێشانن... لێرەدا گاڵتە دەکا و پێچەوانە مەبەسە، واتە تەنیا هەر خۆی هەیە، ئەوەی گەمە و گاڵتە دەکەن و نووسینەکانیان پەرێشانن خەڵکی ترن، نەوەک نالی. د. مارف خەزنەدار، نالی لە دەفتەری نەمریدا، ل (١٢٦).



PDF4Kurd

تەشبیهاتی شیعری خۆکرد و دوور لە لاساییکردنەوە ئەنجام بدا و، شیعرەکانی بەخەیاڵی بڵندی خۆی ڕەنگین و ئاودار بکات). (١)

ووشەی لاساییکردنەوەش بێ گومان بنجوبناوانێکی کۆنی هەیە لە ڕەخنەدا، لە بیروڕاکانی ئەفلاتوون و ئەرستۆ و هوراسدا بەرپاک بووە. (ئەفلاتوون دەڵێ: (هۆنراوە لاساییکردنەوەی سروشتە) بەڵام ئەم لاساییکردنەوە لەلای ئەرستۆدا دووبارەکردنەوەی سروشت نییە بەڵکو مەبەست خوڵقاندن و داهێنانی بەرهەمێکی تازەیە کە ئاکامی دەنگدانەوەی بوونە لە قەوارەی هەست و نەست و سۆز و ئارەزوو و ئەندێشەی شاعیراندا. واتە بابەتی لاسایی کردنەوە لە هونەری هۆنراوەدا کردەوە و ڕەوشتە). (٢)

بەم پێیە بۆچوونەکانی نالی دەربارەی بابەتی لاساییکردنەوە لە هونەری هۆنراوەدا یەکدیگر دەبێ لەگەڵ لێکدانەوەی ئەرستۆدا بەرامبەر هەمان بابەت.

نالی لە دێڕێکی تردا بنەڕەتی ڕەخنەیی دزین لە وێژەدا دەستنیشان کردووە و دەڵێ:

ئەو گەوهەری نوکتەی کە لە(نالی) دەدزن خەڵق
ئاوی نییە وەک ئاگری بێ شەوقی دزانە(٣)

واتە ئەو قسە و ورد و پڕ مەعنایانەی کە وەک گەوهەر وان و هەندێ کەس لە نالی دەدزن و دەیاندەنە پاڵ خۆیان و خۆیان ئەکەن بەخاوەنیان، گەوهەری ناو دەریا نین و نادرەوشێنەوە، وەک ئەو ئاگرە کز و بێ تیشکە وان کە دژ بەشەو ئەیکەنەوە، چۆن ئەوان ناوێرن گڕی ئاگرەکەیان بەرزکەنەوە وەک خەڵک پێیان بزانن و بیانگرن، ئەمانیش

١) دیداری شیعری کلاسیکی کوردی ، ل ٨٣.

٢) ارسطو طالیس، فن الشعر ص ٤٨

هوراس، دروشمی ئەوەی هەڵگرت، کە شاعیر بۆ ئەوەی بەشاعیر بژمێردرێ، دەبێ (لاسایی وێژەرە یۆنانییەکان بکاتەوە).

٣) دیوانی نالی، چاپی خەزنەدار، ل ١٠٢

ئەم بەیتە جۆرە ئیشارەتێکیش بۆ ئەو پەندە کوردییە تیایە کە ئەڵێ (مووررووی دزیەتی، مەگەر بەشەو بکرێتە مل). هەروەها لەم بەیتەوە دەردەکەوێ کە نالی لە سەردەمی خۆیدا ناسراوییەکی زۆری لەناو خەڵکی بووە و شیعری بەسەر زمانی ڕۆشنبیرانەوە بووە و، خەڵک شانازییان پێوە کردووە، بۆیە هەندێ جار بەناو شاعیری لە ڕاستیدا ناهونەرمەند کە نەیانتوانیوە پیا بگەنەوە، وردەکارییەکانی ئەویان دزیوە و خستوویاننەتە شیعری خۆیانەوە. بەڵام بەهۆی بڵاوبوونەوەی شیعری نالییەوە بەسەرزمانی خەڵکەکەدا، دزییەتییەکەشیان بەباشی پێ نەکراوە و نەیانتوانیوە کەڵکی تەواو لەماڵە دزێتییەکە وەربگرن. ئەتوانین ئەم بەیتە بکەین بەبەڵگە بۆ ئەوە کە هەر وردەکارییەک لە شیعری شاعیرێکی سەردەمی نالیدا هەبێ و لە هەمان کاتا لەشیعری نالی خۆشیدا هەبێ، بەهی نالی دابنێین و شاعیرەکەی تر بەتاوانی دزییەوە بگرین). بڕوانە، دیوانی نالی چاپی مودەریس ل ٤٨٢.



ناوێرن. وردەکارییەکانی نالی بەتەواوی بدزن و بیخەنە ناو شیعری خۆیانەوە، چونکە خوێندەوار و ڕەخنەگر دەسبەجێ ئەیانناسنەوە کە هی نالین. لێرەدا نالی دەیەوێ بەخەڵک ڕابگەینێ کە هۆنراوەکانی هاوتاییان نییە و لە پاڵ ئەوەشدا کەس لە خۆی بەشاعیر نازانرێ.

هەروەها نالی بەهۆی بەراوردکردنی شیعرەکانییەوە چەند لایەنێکی تری شیعر و هۆنەرمەندێتی لە هۆنینەوەی هۆنراوەدا دەستنیشان دەکا، بێ گومان ئەمەش خۆی لە خۆیدا بنەڕەتێکی ڕەخنەیی دەخاتە پێش چاو، کە بەهۆی ئەم بەراوردکردنەوەش شاعیر دەست ڕەنگینی و لێهاتوویی شیعرەکانی لە قەڵەم دەدا و دەڵێ:

شیعری خەڵقی کەی دەگاتە شیعری من بۆ ناسکی
کەی لە دیققەت دا پەتک دەعوا لەگەڵ هەودا دەکا(١)

لێرەدا نالی قسە ئاراستەی خەڵک دەکا و هێڵێکی ڕاست و چەب بەسەر بەرانبەرەکانیا دەنێ و پێیان دەڵێ لەوانەیە ئێوە بتوانن بەکوردی بڵێن، بەڵام چونکە شاعیر و هونەرمەند نین، مەعناتان دەسگیر نابێ بیخەنە شیعرەکانتانەوە، لەبەر ئەوە خۆ بەراوردکردنتان لەگەڵ من وەک بەراوردکردنی پەتک و تاڵی ئاوریشمی باریکە کە هیچ مەیدانێکی بەراوردکردنیان لە نێواندا نییە.

بەلای ئێمەشەوە نالی لەم بەراوردەیدا (زیاد نەڕۆیشتووە و ناحەقی نەبووە، ئەگینا ئێستا ئێمە شیعری ئەمانەمان بەردەستدا ئەبوو، ئەمانە لەچاو نالیدا ئەوەندە هیچ و نابووت بوون تەنانەت گەنجینەی هەژاری ئەدەبی تازە سەر دەرهێناوی قوتابخانەی شیعری کلاسیکی کوردیی بەکرمانجیی خوارووو وتراو کە لە سەردەمی نالییەوە دەست پێ ئەکا، ناو و بەرهەمی کەسیانی بۆ هەڵ نەگرتووین. سەد بریا ئەمانزانی ئەمانە کێ بوون ویستوویانە لە بەرانبەری نالیدا سەر هەڵبڕن و خۆبەشت بزانن و بەچەکی شیعرەوە بچینە مەیدانی). (٢) هەروەها زۆر جار شاعیر بەخۆیا ئەنازێ و جۆرە بەراوردێک دەخاتە ڕوو لە نێوان خۆی و پێشینەکاندا. لەم دێڕەی خوارەوەدا نالی بەراوردێکی ورد دەکات لە نێوان خۆی و شاعیرەکانی ئێرانی و دەڵێ:

(نالی) ئێستا تاجی شاهی و تەختی خاقانی هەیە
شەوکەت ئارا موحتەشەم دیوان و فیکرت سائیبە(٣)

واتە (نالی تاجەکەی شاهی)ی بەسەرەوەیە و، لەسەر تەختەکەی (خاقانی)

١) دیوانی نالی، چاپی خەزنەدار. ل ٥٣.

٢) محمدی مەلا کریم، ئالی لە کلاوڕۆژنەی، ل ٦٦.

٣) د. مارف خەزنەدار، نالی لە دەفتەری نەمریدا، ل ١٢٣.



PDF4Kurd

دانیشتووە، (شەوکەت) بەوەوە شان و شکۆی هەیەو، دیوانی شیعرەکەی گەورە و پایە بلندە و (فیکرت) و (سائیب)ی سەردەمی خۆیەتی[١]

بەم جۆرە نالی بەپشت قایمییەکی تەواوەوە بەخۆیا ئەنازێ و، خۆی لە تای تەرازوویەک و ئەو هەموو کەڵە شاعیرانەی ئێران لە تاکەی تری تەرازووەکەدا دائەنێ و، حەقیشیەتی، چونکە ئەوەی باشتر بێتە ئاراوە، هەر ئەوەندە بەهرەی هەبێ وەک نالی، ئەتوانێ کەڵک و سوود لە هەموو پێشینەکان وەربگرێ و هیی خۆیشی بخاتە سەر.

ئینجا دێتە سەر بەراوردکردنی خۆی لەگەڵ شاعیرێکی تر و جۆرە بەراوردێک دەخاتە ئارا و دەڵێ:

موحەققەق مەشرەبی (نالی) لە شیعرا هەروەکو خاکی
خەیاڵی کوردییە بەیتی سەراپا زولفی دووتایە[٢]

نالی لێرەدا ئەوە دیار دەکا کە ڕێبازی شاعیرانەی (هۆنینەوەی هەڵبەستەکان)ی لە هی خاکی دەچێ و بیرکردنەوەشی کوردیانەیە و شیعرەکانیشی کە تێکرا وەک زولفی یار ئاڵۆز و جوان و درێژن، دوو سەرن مەعنا ئەبەخشن و بەدوو جۆر لێک ئەدرێتەوە.

هەروەها نالی بەبۆنەی چەند بابەتێکەوە شانازی بەوەوە دەکات کە دەتوانێ هۆنراوە بەزمانی کوردی و فارسی و عەرەبی بهۆنێتەوە و جۆرە بەراوردێک لە نێوان ئەم زمانانەدا دەکا و دەڵێ:

ئیستیتاعە و قووەتی تەبعم بەکوردی و فارسی
عارەبی، ئیزهاری چالاکی و چەسپانی دەکا
فارس و کورد و عەرەب هەرسێم بەدەفتەر گرتووە
(نالی) ئەمڕۆ حاکمی سێ موڵکە دیوانی هەیە[٣]

بەم شانازی کردنە نالی مەسەلەی پێوەندی نێوان ئەدەبی عەرەبی و فارسی و کوردی بەرپا دەکات و دوو بابەتی بەراووردکاری خراونەتە بەر لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە.

(یەکەم: کارکردنی ئەوسێ ئەدەبە لە یەکتر و چلۆن ئەنجام دانیان لە لایەن شاعیرەکەوە و ڕادەی ڕۆشنبیریی نەتەوایەتی ئەو شاعیرە و لایەنەکانی توانای هۆنینەوەی هەڵبەست لەم زمانەوە بۆ زمانێکی تر.

دووەم: بابەتی دانانی بەرهەمی شاعیرێک بەئاکامی بیرو هەست و نەست و سۆز و

١) دیوانی نالی، چاپی مودەریس، ل ٤٠.
٢) دیوانی نالی، چاپی خەزنەدار، ل ١١١.
٣) سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٦، ل ١١٥.



ئەندێشەی تایبەتی خۆی ئەگەرهاتو زمانی ئەو بەرهەمە زمانی زکماکی شاعیرەکە نەبوو).[١]

جگە لەو نموونانەی کە باسمان کردن، هەندێ جار شاعیری ڕەخنەگر، دەچێتە مەیدانی شانازی و ستایشکردن بەهۆنراوەکانی و باسی جوانی و ڕێک و ڕەوانییان دەکا و لایەنی داهێنان و جوانکاری و لێهاتووی شاعیریەتی دەردەخا و چەند بنەڕەتێکی ڕەخنەیی دەستنیشان دەکا و هەروەکو ئەم دێڕانەی خوارەوە:

یا لەمەیدانی فەساحەتدا بەمیسلی شەهوار
بێ تەئەمول بۆ هەموو نەوعە زمانێ ڕادەکا[٢]

لێرەدا نالی شانازی بەشیعر و هونەرەکەیەوە دەکات. دیارە نالی لە مەیدانی هەڵسەنگاندنی شیعر و توانای دیاریکردنی خاڵەکانی هێز و بێ هێزیدا گەییوەتە ڕادەیەکی یەجگار بەرز، بۆیە توانیویەتی ئەو هەموو دەستی قەدر و قیمەتی بخاتە سەر شیعری خۆی و ئەوە پیشان بدات کە شیاو و لێهاتووە لە بەکارهێنانی هەموو جۆرە زمانێک و غارغارێن بەهەموویاندا بکات، یان لە هەموویاندا توانای داهێنانی هونەری هەیە.

ئینجا دێتە سەر دیارکردنی شانازی و خۆشەویستی خۆی بەرامبەر شیعرەکانی. گەیشتۆتە ڕادە و پلەیەکی وەها کە بەم جۆرە بڵێ:

بێتە حوجرە پارچە پارچەی موسوەددەم بکرێ بەڕووح
هەرکەسێ کووتاڵ و پارچەی بێ بەدڵ سەودا دەکا[٣]

واتە ئەوەی بەدوای پارچەی گرانبەهادا ئەگەڕێ، با بێتە حوجرەکەی من، پارچە پارچەی ڕەشنووسەکانم بکڕێ و لەبریتیدا گیانی خۆی دانێ، بەمە هێشتا هەر ئەو قازانج دەکا. لێرەدا ئەوە دەردەکەوێ کە نالی نرخ و بەهای شیعرەکانی لە قەڵەم دەدا.

هەروەها لە دێڕێکی تردا بەجۆرێکی تر شانازی بەنەزمی خۆی دەخاتە ڕوو و دەڵێ:

نەزمی (نالی)میسلی ئاوە ئایینەی ڕەنگی نییە
دوو ڕووە بۆ سەیری خاتر یەک خەفی، یەک ئەشکار[٤]

شانازی بەوەوە دەکات کە شیعرەکانی وەک (ئاو و ئاوێنە وایە ڕەنگی نییە، دوو

١) د. کامل بصیر، بنەڕەتیەکانی ڕەخنەسازی، ل ٢١٤.
٢) دیوانی نالی، چاپی خەزنەدار، ل ٥٣.
٣) سەرچاوەی پێشوو.
٤) سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٢.



PDF4Kurd

ڕووە، بەرە و پشتی هەیە. لە ڕوویەکیا بنیادەم، وەک چۆن لە ناو ئاوێنەدا خۆی ئەبینێ، مەعنای ئاشکرای بۆ دەرئەکەوێ و، لە ڕووەکەشیا کە یا وەک بنی جام یا وەک جیوەی ئەو دیوی ئاوێنەی هیچ دەرناکەوێ، کەچی مەعنایەکی تریشی هەیە[١]

نموونەیەکی تری شانازی کردنی نالی بەشیعری خۆیەوە و هەر لەو کاتەشدا پیشاندانی توانایی خۆی، ئەوەیە کە دەڵێ:

(نالی)یا ئەم غەزەلە تازە کە تازەت گوتووە
بەدوو سەد مەسنەوی یولوببی لوبابی نادەم[٢]

واتە (ئەی نالی: تازە ئەم غەزەلە جوانەت وتووە... ئەوەندە ناسک و پڕمانایە بەدوو سەد کتێبی بەناوبانگ وەک (مەسنەوی)(٣) و(لب اللباب).(٤)ی ناگۆڕمەوە).(٥)

لێرەدا (ئەوە ناگەیێنێ کە نالی بەچاوێکی بەرز تەماشای شیعری جەلالەددینی ڕۆمی ناکا، بەپێچەوانە بەلای ئەوەوە مەسنەوی لوتکە و پۆپەی داهێنانە، بەڵام دەیەوێ شیعرەکانی خۆی بهێنێتە ڕیزی مەسنەوی لەمەشدا ڕاستی کردووە بەدەلیلی ئەوەی ئەگەر خۆشی نەیوتبایە ئێمە بۆمان دەوت).(٦)

هەروەها نالی لە دێڕێکی تردا شانازی بەگەورەیی و توانای شاعیریەتی کردووە و دەڵێ:

وەرە سەیری خیابانی بەیازی دەفتەری (نالی)
کە سەف سەف مەسرەعی بەرجەستە ڕیزی سەرووی مەوزوونە[٧]

لێرەدا نالی ستایش ئاراستەی خۆ دەکا و(نەخشەی قەسر و باڵاخانەیێکی هونەری و ڕەنگینی کێشاوە. لەوانەیە وێنەش لەسەر کاغەز چێژی هونەری بەئادەمیزاد ببەخشێ. دێڕە شیعر دەکرێ بەدوو نیو دێڕە شیعر لە دەفتەری بەیاز و دیوانی شیعر، بەرێکوپێکی نیوە دێڕە شیعرەکان بەرامبەر بەیەکتری دەنووسێن. ئەوجا بەرێز بەم جۆرە یەک لەدوای

١) دیوانی نالی، چاپی مودەریس، ل ١٧٤.
٢) دیوانی نالی، چاپی خەزنەدار، ل ٧٣.
٣) مەسنەوی(مثنوی) کتێبێکی بەناوبانگی شیعری سۆفییانەیە، جلال‌الدینی ڕۆمی نووسیویە کە لە(١٢٧٢)ی ز. دا مردووە.
٤) لوببی لوباب (لب لباب) لوببی لوبابی مەسنەوی، هەڵبژاردەی مەسنەوی جەلالەدینی ڕۆمی لەدانانی مەلا حوسێنی کاشیفییە لە ساڵی (٩١٠هـ/١٥٠٤ز) لە هیرات کۆچی دوایی کردووە.
٥) دیوانی نالی، چاپی مودەریس، ل ٣٠٨.
٦) د. مارف خەزنەدار، نالی دەفتەری نەمریدا، ل ١٢٧.
٧) دیوانی نالی، چاپی خەزنەدار، ل ١٠٣.



یەک نەخش دەکرێن لە ناوەڕاستا شەقامێک دروست دەبێ[١]

هەروەها (نالی) هەر بەمەوە ناوەستێت، بەڵکو هەر لەم ڕووەوە بانگەوازێکی تر دەخاتە پێش چاو سەبارەت بەشانازیکردنی بە(نەزم)ی خۆیەوە و دەڵێ:

نەزمی (نالی) ڕەنگە هەرکەس ببیی بێ بیکاتە گۆ
چونکە نەزمی ساف و وردە هەروەکو مروارییە[٢]

واتە (هۆنراوەکانی نالی ئەوەندە بەجێ و دڵگیرن، لەوانەیە هەرکەس بیبینێ، وەک گوارە بکاتە گوێی، لە گوێیان بکرێ و بیبیانگرێتە دڵ و لەبیری نەچنەوە، چونکە لە گوارەیەکی مرواری ئەچن دەنگەکانی ساف و ورد بن و جوان هۆنرابێتەوە).(٣)

دیسان شانازی دەکا، بەهەڵبەستەکانی کە وەکو دەریا قووڵن و دەڵێ:

بەحری غەزەلم پڕ لە دوڕ و گەوهەرە ئەمما
غەوواسی دەوێ یەعنی بەعمیقی بزانە[٤]

هەروەکو دەزانین (دوڕ و گەوهەر لە زەریادا دەبێ، غەزەلیش لە بەحر و کێشی شیعردا دەبێ، چۆن ڕاوکردنی دوڕ و گەوهەر غەوواسی وەستای دەوێ کە لەبن زەریادا دەریان بینێ، هەروەها مانای شیعری نالیش قووڵن و چوونە ناویان و تێگەیشتنیان کارێکی قورسە).(٥) ئەم کارەش بەهەموو کەسێ ناکرێ.

ئینجا دێتە سەر ئەوەی کە نرخ و بەهای هەڵبەستەکانی دەربخا و بەبەرهەمێکی پڕ پیت و بەرەکەت ناو دەبا و دەڵێ:

پڕ دانەیە، ئەمما نەوەکو دانەیی چەڵتووک
بەحرم گوتووە، نەک وەکو گۆڵی مەرەزانە[٦]

واتە (دەریای غەزەلەکانم پڕە لە دانە، دانەی گەوهەری تاقانە و دوڕی نایاب و مرواری گرانبەها، نەک چەڵتووک کە نیوەی پووش و ئەو نیوەکەی برنجە... من باسی دەریام کردووە، باسی گۆڵە مەرەزەم نەکردووە، تا کەسێ وا گومان بەرێ من دەنکە چەڵتوکم لایە، نەک دەنگی گەوهەر و دوڕ و مرواری).(٧)

مەبەستەکەی ئەوەیە بڵێت، کەس خۆیان نەدەن لە قەرەی شیعری من... شیعری من

١) د. مارف خەزنەدار، نالی لە دەفتەری نەمریدا، ل ٤٧.
٢) دیوانی نالی، چاپی خەزنەدار، ل ٦٢.
٣) دیوانی نالی، چاپی مودەریس، ل ٥٨٣.
٤) دیوانی نالی، چاپی خەزنەدار، ل ١٠٠.
٥) سەرچاوەی پێشوو.
٦) سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٢.
٧) دیوانی نالی، چاپی مودەریس، ل ٤٨١.



PDF4Kurd

خۆراکی ئەو جۆرە کەسانە نییە و نایەت بەدەسیانەوە.

هەروەها نالی پەردە لائەدات و لایەنێکی تری هەڵبەستەکانی پیشان دەدا، شانازی بە ڕەواجی شیعرەکانی دەکا و دەڵێ:

لایقی مەخزەنی تەبعە هەموو کەنزی غەزەلم
قابیلی زەربی ڕەواجە زەڕ و زیوی مەسەلم[١]

واتە (هەرچی شیعرم هەیە وەک زەڕ و زیوی ناو گەنجینە وایە و شایانی ئەوەیە لە عاماری تەبیعەت و بەدڵ بووندا دابنرێ، هەرچی قسەی نەستەق و بەتوێکڵم هەیە بۆ ئەوە دەشێ بڵاوبێتەوە بەوڵاتانا و، وەک پارەی ڕەواجی وەخت چۆن لێ ئەدرێ و خەڵک دەستاودەستی پێ ئەکەن، ئەمیش خەڵک دەماودەم بۆ یەکتریی بگێڕنەوە[٢]

لە دێڕێکی تردا، شانازی بەوە دەکا کە تەنیا خۆی خاوەن بیرو خەیاڵ و داهێنەری شیعرە و دەڵێ:

زاهیرو باتین لەسەر لەوحی حەقیقەت یا مەجاز
ئاشنای سرری قەڵەم بێ غەیری (نالی) کەس نەما[٣]

شیعر بەلای نالییەوە (مانای دیار و ئاشکرای هەیە، هەروەها مانای نهێنی و شارراوەشی هەیە، ئەمە کە دەبێ بەخەیاڵی شیعر تۆمار دەکرێ. ئەو خەیاڵە دەبێ مەجازی تێدا بێ، واتە وشەیێک لە جێی ڕاستەقینەی خۆی بەکار نەهێنرێ، بەڵام دەبێ پێوەندیییێک بەمانا بنچینەیییەکە بیانبەستێتەوە. ئەمەیە نهێنیی شیعر،ئەو جەوهەری شیعر لە شتی تر جیا دەکاتەوە).[٤]

کەس لەم نهێنییە نەگەیشتووە نالی نەبێ. ئەگەر کەسیش هەبێ لەم نهێنییە بگا، بێ گومان زۆر کەمن، ئەوا باش دەزانێ سوارچاکی ئەم مەیدانە تەنیا نالییە. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ زانا و ئەدیبانی کورد کە دەربارەی (نالی) دواون و هۆنراوەکانی خستویانە بەرتیشکی لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن لەمانە ئەمین فەیزی لە کتێبی ئەنجوومەنی ئەدیبانی کوردا دەڵێ: (زەکای نالی ئینکار ناکرێ لاکین ئەوەندەی سەنایعی لەفزییەی ئیستعمال کردووە، پیاو ڕەنگە بڵێ شیعری ئەو نەتیجەی علیم و ئیشتیغالە).[٥]

١) دیوانی نالی، چاپی خەزنەدار، ل ٧٨.

٢) دیوانی نالی، چاپی مودەریس، ل ٢٨٩.

٣) د. مارف خەزنەدار، نالی لە دەفتەری نەمریدا، ل ١٢٧.

٤) سەرچاوەی پێشوو.

٥) ئەمین فەیزی بەگ، ئەنجوومەنی ئەدیبان، بەغدا، ١٩٨٣، ل ٢٧.



ئەم بۆچوونە زیرەکانەی ئەمین فەیزی جگە لەوەی کە بەکارهێنانی (صەنایعی لەفظیە) بەهەرە خاسییەتی دیاری شیعری نالی دادەنێ، دوو سەرچاوە بۆ لێکدانەوەی ئەم دیاردەیە دەستنیشان دەکا.

یەکەم: علیم واتە زانیاری نالی کە زانیارییەکی ئایینییە.

دووەم: ئیشتیغال واتە خۆ خەریککردن و ماندووکردن بەشیعرەوە وەک سنعەت.

ئێمەش ئەو ڕاستییەمان دیار کردووە لە باسەکەدا کە نالی زیاتر پەیڕەوی لایەنی فێربوون و خۆ خەریککردنی ڕەچاو کردووە لە شیعر هۆنینەوەیدا. وە دەسەڵاتی زاڵتربووە لەم ڕوویەوە بەسەر سەرچاوەکانی تردا و بەڵگەی جۆربەجۆریش لە نموونەی شیعرەکانی هێناومان بۆ چەسپاندنی ئەو ڕایە. هەروەها پیرەمێردیش، دەربارەی شیعری نالی دەڵێ: (ئەگەر شیعر بە غایە، بە وەسیلە نا، عەد بکرێت و ئەگەر شیعر عیبارەت بێ لە سنعەتێکی بەرزی بەدیعی و، ئەگەر لە شیعردا ئیبداع شەرتێکی ئەعزەم بێت، بێ گومان نالی گەورەترین شاعیری کوردە، بەڵێ موحتەمەلە نەزەر بەزیهنییەتی حاضرە ئەشعاری نالی تینوویەتی حیسییات نەشکێنێ... هتد).[١]

لەم هەڵسەنگاندنەدا چەند شتێکمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، شیعر لەلای نالی ئامانجێکە بۆ خۆی و ئامرازێک نییە بۆ شتێکی تر و سنعەتە و داهێنانە لەبواری شیعر دارِشتندا، کەسێتی خۆی سەلماندووە و گەرچی لەسەر ڕێوشوێنی باوی سەردەمەکەی شیعری داناوە، بەڵام لە شاعیرانی هاوسەردەمی سەرکەوتووتر بووە و، توانیویەتی داهێنانی گەورە لە بواری دەربڕینی وورد و، وێنە و تەشبیهاتی شیعری خۆکرد و دوور لە لاساییکردنەوە ئەنجام بدا و، شیعرەکانی بەخەیاڵ بڵندی خۆی ڕەنگین و ئاودار بکات.

## سالم

ناوی (عبدالرحمن)ە کوڕی محمد بەگی قەرە جەهەنەمی، کوڕی ئەحمەد بەگ و لە بنەماڵەی ساحیبقڕانە و ئامۆزای مستەفا بەگی کوردییە.

لە ساڵی (١٨٠٠) ی ز لە شاری سلێمانی هاتۆتە دنیاوە، زۆر حەزی لە دەنگوباسی ئەدەبیی کردووە، زۆرتر وەختی بەخوێندنەوەی دیوانی شاعیرەکان و سەرگوزەشتییانەوە ڕابوواردووە، بەتایبەتی مەفتوونی شیعری (نالی) و (کەریم)ی هەمەدانی بووە. لە ساڵی (١٨٦٦)ی ز کۆچی دوایی کردووە، لە گردی سەیوان نێژرایەوە.

١) محمدی مەلا کریم، پیرمێرد نالی هەڵدەسەنگێنێ، کۆڤاری بەیان، ژ (٣٥) نیسانیی ساڵی ١٩٧٦، ل ٢.



PDF4Kurd

(لە ڕاستیدا سالم شاعیرێکی گەورە و سەنعەتکار بووە، وە لە هەموو غەزەلێکا چەند بەیتێکی وای هەر تیا ئەبینی کە وێنەیەکی جوانی شێوەی ئەدەبی کوردی بێ). (١)

ئیتر لێرەدا بەولاوە بۆ نموونە لە چەند غەزەلێکی سالم هەندێ بەیت هەڵدەبژێرین و دەخەینە بەرچاو، کە بەلامانەوە جۆرێکن لە سەرەتا و دەمدانی بیری ڕەخنەیی لەلای سالم، چونکە ئەویش وەکو هاوڕێکەی نالی چەند بنەڕەتێکی ڕەخنەیی ئەنجام داوە. لەمانە بنەڕەتی بەرهەمی داهێنراو و تاقیکردنەوەی خۆی لە هۆنینەوەدا، هەروەکو لەم دێڕەدا دەردەکەوێ:

کاتبی فیکرم لە دڵدا دیقەتی ئینشا دەکا
جوست و جۆ پۆسەتر بەندی کاغەزی میرزا دەکا(٢)

سالم لەم تاقە دێڕەدا دەستنیشانی ئەوە دەکات کە دەربڕینی بیرۆکەی شیعر لەلای دەربڕینێکی سادە و ساکارانە نییە، بەڵکو دارشتنێکی وردەکارانەی ئەوتۆیە کە لە ئەنجامی بەدواداگەڕان و دۆزینەوەی دێڕی شیاو و گونجاوە تا بەهۆیەوە بیرۆکەکەی دەربڕێ. بێ گومان سالم بەهۆی ئەم تاقیکردنەوە لە شیعر هۆنینەوەدا، دەیەوێ بەرهەمی ئەدەبی پوخت و نایاب بێنێتە ئارا.

لە چەند دێڕێکیدا بنەڕەتی ڕەوانبێژی تایبەتی بەزمانی کوردی دەستنیشان دەکات و دەڵێ:

لە ڕۆژی ئیمتیحانا دیم بەرابەر تالب و مەعشووق
کەمەر بەستەی هونەر هاتن لە تیپی عیشق بازانا
لەیەک لا نالی و مشوی لە لایێ سالم و کوردی
لە هەنگامەی هونەر گەرمی تکا چۆبوون لە مەولانا
لە مەیدانی بەلاغەتدا بەسوواری مەرکەبی مەزمون
بەکوردی هەر یەکە تازی سوواریێ بوون لە بابانا(٣)

بەم شێوەیە سالم شاعیرە کوردەکان هەڵدەسەنگێنی کە شاسواری کۆڕی ڕەوانبێژین و لە بواری بەکارهێنانی هونەرەکانی ڕەوانبێژیدا و لە دەربڕینی ناوەڕۆکی بەهادا بەزمانی کوردی لەولاتی باباندا ناوبانگیان دەرکردبوو... لێرەدا گرنگیدان بەڕەوانبێژی و گرنگی

١) ڕەفیق حلمی، شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، چاپی دووەم، هەولێر، ١٩٨٨، ل ٧٣.
٢) دیوانی سالم، چاپی دووەم، هەولێر، ١٩٧٢، ل ٢٩.
٣) سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٥.



بەو مانا بەرزانەی کە بەهۆی ڕەوانبێژییەوە دەردەبڕێ بەتایبەتی بەزمانی کوردی بۆ خۆی تێبینییەکی ڕەخنەیی دەچەسپێنێ، ئەویش ئەوەیە کە شاعیرانی کلاسیکی ئەو قۆناغە هەوڵی ئەوەیان داوە کە بنکەی ڕەوانبێژییەکی کوردی دابمەزرێنن.

لەگەڵ ئەوەشدا تەماشا دەکەین سالم دووبارە زاراوەی بەلاغەی دیار کراوە، لەگەڵیشدا وشەی (تعلیم) بەکار دەهێنێ و سەرنج بۆ ئەوە ڕادەکێشێ کە قەڵەم ئەگەربێتو لەم زانستە دوو سێ بکات، بەڵام هەمیشە لە ئاستیدا دەبێت و دەڵێ:

قەڵەم سەرخۆشە (سالم) بۆ تردد
لە تعلیمی بەلاغەت مسلی مەرکەب(١)

لەم بەیتەدا دووبارە گرنگیدان بەڕەوانبێژی دراوە، وەک بنەمایەکی گرنگی هونەری شیعر. هەروەها سالم لەم دێڕەی خوارەوەدا بنەڕەتی سەلیقە و سنعەتکاری لە وێژەدا دەستنیشان دەکات. هەروەکو ئاشکرایەش ئەم دوو لایەنە لە هۆنینەوەی شیعردا دوو بابەتی جیاوازن سەرچاوەکانیان جێگای مشتومڕکردنە.

سالمیش بەم شێوەیە ببری خۆی دەردەبڕێ و دەڵێ:

بەم نەوعە کە وەختی ئەمەلە فکری ڕەقیب
(سالم) ئەمە هەزەیانە نەوەک شیعری سەلیقی(٢)

واتە لە کاتێکدا کە ڕەقیب ئاواتی هەبێ ئەوا سالم ئەوەی تۆ دەیڵێیت هەمووی وڕێنەیە نەک هۆنراوەیێک کە بەسەلیقە و دوور لە خۆکردن هاتبێت... بەگشتی مانای ئەوەیە کە هۆنراوەی چاک لە تێڕوانینی ئەم دێڕەوە ئەو هۆنراوەیە بووە کە لە تەبع و سەلیقەوە سەری هەڵداوە نەک سنعەتکاری بێ.

هەروەها سالمیش وەکو هەموو شاعیرانی کلاسیکی کورد ستایش و شانازی بەبەرهەمەکانی و بەرهەمی شاعیرانی دەوروبەری خۆی دەکات و جۆرە هەڵسەنگاندنێکی ڕەخنەیی پیشان دەدات، کە پێوەندی بەلایەنی بەراورد و جوانکاری و نرخ پێدانی بەرهەمی هۆنراوەیی باس دەکات و دەڵێ:

کەلامت(حافز) دڵسەنجە بۆ (سالم) وەها پاکە
کی بر نەزمی تو افشاند فلک عقد ثریارا(٣)

واتە (هۆنراوەکان)ت ئەی حافز دڵ هەڵسەنگێنەرە بۆ سالم، فەلەک بەسەر هۆنراوەکانتا عەقدی سورەیا (ثریا) شاباش دەکات. لەم دێڕەدا سالم نرخ و بەهای

١)سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٣.
٢)سەرچاوەی پێشوو، ١٤٨.
٣) سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤.



PDF4Kurd

هۆنراوەکانی حافزی شاعیری بەناوبانگ دیار دەکات. ئەم دیاردەیە لە ڕەخنەدا کە بەهۆی شانازی کردنەوە ئەنجام دراوە، پەنجە درێژ دەکات بۆ بەرهەمی داهێنراوی شاعیری ناوبراو.

ئینجا دێتە سەر ئەوەی کە شانازی بەتوانا و لێهاتوویی نالییەوە بکات و دەڵێ:

کە(نالی) تەوسەنی تەبعی بەتەرزی گەرم جەستەن بوو
بەچەوگانی خیرەد گۆی دانشی دەرکرد لە مەیدانا[1]

واتە کە نالی تەبعی جڵەونەگیری هەڵمەت برد، بەگۆچانی عەقڵ تۆپی دانشی لە مەیداندا دەرکرد. ئەم بۆچوونەی سالم ئەوپەڕی ئیعجابەکەی دەردەخا بەرامبەر بەنالی و هۆنراوەکانی، ئەوەش پیشان دەدا کە هۆنراوەکانی نالی کاری تێکردبوو بەدڵیادا چەسپاو بوون.

لەگەڵ ئەوەشدا شانازی بەهۆنراوەکانی دەکا و لایەنی هونەرمەندی قەڵەمی و جوانکاری شێوازی و قووڵی ناوەڕۆکی هەڵبەستەکانی دەخاتە ڕوو و دەڵێ:

ڕەنگینە هەموو شیعرم وەک نەقشی تەکەڵتووی زین
مەزمون کەشە فیکرم وەک قوللاپی دروومانت[2]

هۆنراوەکانم وەک ئەو نەخشە جوان و ڕازاوەن کە لەسەر زینی ئەسپ دەکرێ و هەمووشیان ناوەرۆکێکی ورد و بەرزی تیا دەربڕاوە وەک چۆن دروومانی تۆ ووردە و بەدیقەت کراوە و ڕەنجی لە گەڵا دراوە. سالم لێرەدا (جیاوازی لە نێوان (ڕەنگینی شێوە) و(وردی ناوەرۆک)دا دەکا و شێوەی شیعرەکەی بەنەخشی زین دەچوێنێ و بیرەکەش بەقولاپی زین دروو دادەنێ).[3]

هەروەها شانازی بەنرخی هەڵبەستە کوردییەکانیەوە دەکات و دەڵێ:

زێڕە سەرمایەیە بۆ (سالم) و (کرمان)ی دەبا
شیعری کوردی کەبدا جیلوە لە لای شێخی کبیر[4]

واتە شیعری کوردی لە لای سالم بوو بەسەرمایەی زێڕ و، کاتێ دەبێتە دەستی دیاری، لای(شێخی کەبیر) لە زێڕ جوانتر دەدرەوشێتەوە.

ئینجا دێتە سەر ئەوەی کە شانازی بەوەوە بکات بەدەربڕینی ورد و خەست دەتوانێ هەموو بیرەکەی تەنیا لەیەک بەیتدا کۆبکاتەوە و ئەو دێڕەش نەمری پێوە دیار دەبێت،

١) سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٥.
٢)سەرچاوەی پێشوو، ل ٥١.
٣) دیداری شیعری کلاسیکی کوردی، ل ٨٧.
٤) دیوانی سالم، هەولێر، ١٠٨.



لێرەدا بنەڕەتی خوڵقان و داهێنراو ڕەواجی هۆنراوەکانی خستۆتە بەر لێکۆڵینەوە و دەڵێ:

لە یەک مەسرەع ئەگەر(سالم) بنووسێ شەرحی هیجرانت
بەسەر مەعنا کەلاما تا حەشر دوڕڕی یەمەن دەڕژی[1]

واتە ئەگەر بێت و تەنیا لە تاکە دێڕێکدا باسی دابڕان و هیجرانت بکەم، ئەوا هەتا هەتایە ئەو تاکە دێڕە دەبێتە شادێڕ و لە گەوهەر دەڕێژێ بەسەر هەموو دەربڕینێکدا.

## کوردی

ناوی مستەفا کوڕی مەحموود بەگی ساحێبقرانە، لە ساڵی (١٨٠٩)ی ز لە شاری سلێمانی هاتۆتە دنیاوە. هەر لە سلێمانی دەستی دایە خوێندنی علومی ئیسلامی، شیعرەکانی تێکڕا ڕێک و ڕەوان و جوان و سەرپێیین. هاتوچۆی موکریان و ئەردەڵان و تارانیشی کردووە، زۆر بەناوبانگ بووە. کە دواجار لە تاران دەگەڕێتەوە بۆ سلێمانی، لە ساڵی(١٨٤٩)ی ز کۆچی دوایی کردووە.

ئەوەی شایانی باسە لێرەدا دەربارەی (کوردی) بڵێین. ئەوەیە کوردی وەکو هەردوو هاوڕێکەی واتە، نالی و سالم لەهەمان ڕوانگەی هونەرییەوە لە هۆنراوەکانیدا چەند بنەڕەتییەکی ڕەخنەیی خستۆتە ڕوو.

لەم دێڕەی خوارەوەدا، کوردی بنەڕەتی تاقیکردنەوە و معاناتی تایبەتی لە هۆنینەوەی شیعردا دەخاتە بەرچاو و دەڵێ:

وانیە(کوردی) مائلی ئەو جۆرە ئەتوارانە بێ
لازمە شاعر لە هەر چەشنێ بڵێ بۆ ئیمتیاز[2]

لەبەر تیشکی ئەم دێڕەدا دیارە بۆ ئەوەی شاعیر ئافەرینی لێ بکرێ دەبێ هەڵبەست بهۆنێتەوە لە هەموو چەشنە بابەتەکی هۆنراوەدا وەکو (ستایش و شیوەن و داشۆرین و دڵداری و ئەڤینی و پیاهەڵدان و باسکردنی ڕابواردن و ڕاووشکار و بابەتەکانی تر). چونکە ئەگەر وا نەکات بەشاعیرێکی سەرکەوتوو ناژمێردرێ. ئەم دیاردەیەش ئەوە دەگەینێ کە تاقیکردنەوە و معاناتی خودی شاعیر لەو سەردەمەدا بەتاقە سەرچاوەی هۆنراوەی ڕاستەقینە تەماشا نەدەکرا و بەڵکو پێویست بوو لاسایی شاعیری لێهاتوو بەتوانا پێی ببەخشن.

هەروەها کوردی جگە لەمەش لە دێڕێکی تردا هەڵوێستێکی تری ڕەخنەیی دەخاتە

١) سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٧.
٢) دیوانی کوردی، چاپی سێیەمین، هەولێر، ١٩٧٣، ل ٢٧.



PDF4Kurd

پاڵ بیری خۆی و دەڵێ:

دوڕ و یاقوت دەبارێ لەم کەلامە شیرینەی کوردی
خوا سا کوا لە دونیادا قەدرزانێ، خەریدارێ(١)

سەیر دەکەین (کوردی) بەهۆی شانازی کردنەوە دوو خاڵی گرنگ دەخاتە پێش چاو.

یەکەم: دیارکردنی نرخ و بەهای هۆنراوەکانی، کە هەموویان دوڕ و یاقوت لێیان دەوەشێتەوە. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ (کوردی) خۆی بەشاعیرێکی پایەبەرز و داهێنەر و شاکار دەزانێ.

دووەم: لەگەڵ ئەوەشدا لە هەمان دێڕدا لایەنێکی تری جیاواز باسی دەکات، ئەویش پێوەندی نێوان خۆی و جەماوەر، واتە لایەنی خوێنەر و گوێگری شیعرەکانی.

ئەم بۆچوونەش جۆرێکە لە ناڕەزایی شاعیر بەرامبەر ئاستی ڕۆشنبیری ئەو سەردەمە، کە خوێنەر و گوێگر قەدر شۆناسی هۆنراوەکانی نازانێ لەبەر ئەوەی بازاڕەکەی کز و داماوە و بێ ڕەواجە.

هەر لە هەمان ڕوانگەیەوە بەشێوەیەکی تر شانازی بەهۆنراوەکانی دەکات و دەڵێ:

ئەگەر تالع ببێ (کوردی) سزایە
بەحوققە دوڕ و گەوهەر کەن نیسارم(٢)

لێرەدا کوردی هاوارێکی غەریبانە ئاراستە دەکا، کە ئەگەر هاتوو بەخت یارودۆستی ببێ، هێشتا هۆنراوەکانی لەو پلەیە مەزنتر دەبێ بەوەی کە بەحۆققە دوڕ و گەوهەری بەسەردا بکەن. ئەم نرخ پێدانە بەدەگمەن دەبینرێ لە بازاڕی هۆنراوەدا، مەگەر هەر لە قەڵەمە ڕەنگینەکەی کوردی ئەنجام درابێ.

ئینجا دێتە سەر ئەوەی هۆنراوەکانی دەچوێنێ بەشتی بەرجەستەیی و دەڵێ:

گەوهەرت کوردی وەکو خەر موهرەیە(٣)
چونکە خۆت بەد تالعی بەد ئەختەری(٤)

واتە هۆنراوەکانت (کوردی) وەکو ئاوی ژێر گەردەنی ئەسپ وانە، چونکە بێ بەختی. لێرەدا پرسیارێک بەرپا دەبێ؟ ئایا هۆی ئەمە چی بووە کە کوردی بەم شێوەیە لە هۆنراوەکانی بدوێ و ئەم لێچواندنە سەیرە بخاتە ڕوو. بێ گومان بەلامانەوەش ئەم کارە

١) سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٦.
٢) سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦.
٣) خرمهرە: هەروەها بەمانای جۆرە بووقێکی سپی بچووکە کە لە سەدەف دروست دەکرێت.
٤) دیوانی کوردی، هەولێر، ل ٧٧.



پاڵی پێوە ناوە لە ئەنجامی کەسادی بازاڕی شیعر و نزمی تێگەیشتنی خەڵکەکە بووە، لە دێڕێکی تردا کوردی بنەڕەتی ڕەوانبێژی لە ڕەخنەدا دەستنیشان دەکات و دەڵێ:

(کوردی) دڵێری عەرسەیی نەزم و فەساحەتە
جەولان دەکا هەمیشە وەکو بەرقی تیژڕەو(١)

واتە کوردی پاڵەوانی مەیدانی هەڵبەست و قسەڕەوانییە، بۆیە هەمیشە وەکو برووسک دێت و دەچێت. لێرەدا کوردی زاراوەی (نەزم) و زاراوەی (فەساحەت)ی عەرەبی بەکارهێناوە کە واتاکانیان دەستنیشان کراون بۆ هەڵسەنگاندنی بەرهەمی ئەدەبیی و پێوانە تایبەتییەکانیان چەسپێنراون، کوردیش کە شانازی بەو دوو زاراوەیە دەکات دیارە هەموو پێویستییەکانیانی بەدی هێناوە و ڕەزامەندی چەشە و چێژی مامۆستاکانی سەردەمەکەی وەدەست هێناوە.

## مەولەوی

ناوی عەبدول ڕەحیمە لە نەوەی مەلا ئەبو بەکری موسەنیفە، لە هۆزی تاوەگۆزییە. ساڵی (١٨٠٤)ی ز لە خاکی جوانڕۆ لە دێی تاوەگۆزدا هاتۆتە دنیاوە.

خوێندنی لە مزگەوتەکاندا بووە، مەلایەکی یەکجار شارەزابووە بەتایبەتی لە (عەقیدە)دا دەستێکی باڵای بووە.

مەولەوی شیعری بەکوردی وتووە بەزاراوەی گۆرانی بەشی هەورامی، مەولەوی زۆرتر لە گوندی جورستانە وەختی خۆی بردووتە سەر. لە ساڵی(١٨٨٢)ی ز لە گوندی سەرشانە کۆچی دوایی کردووە.

بێ گومان مەولەوی یەکێکە لە شاعیرە گەورەکانی سەدەی نۆزدەهەم ئەگەر هاتو(بەراوردی خەیاڵی شیعری مەولەوی لەگەڵ شاعیرەکانی سەدەی نۆزدەهەمی غەیری کوردیدا بکرێ هەموو زمان و قەڵەمێک دان بەوە دائەنێ کە فیکری بەرزی مەولەوی لەسەر هەموویانەوەیە. نازکی خەیاڵ، تیژی بیر، وردی مەعنا، جوانی وشە و ڕاکێشانی دڵ بەعیباراتی ڕەنگین و بزواندنەوەی تەلی عاتفە هەر لە دەستی مەولەوی هاتبێ).(٢)

هەروەها مەولەوی (زەڕەنگەری شیعر و پەیکەرتاشی ئاسمانی بەرزی شیعر بووە. مەولەوی خۆی سەرچاوەی ئاوی ڕوونی شیعر بووە و تینوانی بازاڕی شیعر تەنیا بەفێنکی ئاوەکە دڵیان گەشاوەتەوە نەوەک هاتبێ جۆماڵی بۆ جۆگەکەی شیعری

١) سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٥.
٢) علاءالدین سجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپی دووەم بەغدا، ١٩٧١، ل ٢٨٢.



PDF4Kurd

غەیرکردبێ بۆ ئەوە لە بەراویانا باغچەی شیعر بەخێو بکا!!).(١)

مەولەوی لە عەنعەناتی خەیاڵنازکی شیعردا یادی بێسارانی و خاڵۆی کۆماسی کردووە و جار جار قسەکەیانی کردووە بە تانی ئاوریشمی تەونی زەڕکفتی شیعر خۆی، هەروەکو دەڵێت:

بێسارانیەن نەتۆ فەردی من
خەم چەنی خەمان زو مەبۆ ساکن(٢)

وەیا دەڵێت:

فەلەک داد چە دەرد بێ دەواکەی تۆ
مفنی فەریاد ئەواکەی تۆ
بۆڵەندر کەر مەقام (دڵسوز) (٣) وەراسی
تەنزیلەش فەرد گەل(٤) خاڵۆی کۆماسی(٥)

بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە سۆزی بێسارانی، یا تیشکی ڕووناکی شیعری خاڵۆی کۆماسی، مەولەوی، یاسووچی لە دڵی مەولەوییان ڕاکێشابێتە مەیدانی شیعرەوە... مەولەوییەک کە خۆی خاوەنی ئەو فیکرە نازکە و وردە بێت بڵێت:

١) سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨٤.
٢) سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨٥.
پیرەمێرد ئەم بەیتەی مەولەوی بەم شێوەیە، گۆڕیوەتە سەر دیالێکتی کرمانجی خواروو:

بێسارانییە لە تۆی شیعرما
خەم لەگەڵ خەمان زوو ئەدرێ بە با

بڕوانە، دیوانی مەولەوی، گۆڕینی پیرەمێرد، چاپی دووەم، بەغداد، ل ١٠٦.
٣) ئاوازێکی کۆنی کوردییە.
٤) ووشەی دوعاکردنە.
٥) دیوانی مەولەوی کوردی، کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە و لەسەر نووسینی مەلا عبدالکریمی مدرس، بەغدا، ١٩٦١، ل ٤٤٨.
پیرەمێرد ئەم هەردوو بەیتە بەم شێوەیە گۆڕیوەتەوە:

فەلەک داد لەدەست دەردی بێ دەوات
موغەننی هاوار فریاد خە، نەوات
بەرزکە مەقامی دڵسۆزی ڕاسی
بەبەستەی شیعری خاڵۆی کۆماسی

بڕوانە، دیوانی مەولەوی، پیرەمێرد، ل ٥٩.



ڕوخسارش وەختێ مەسقەڵ مەدۆلێش
وەشنۆی پاریز خەیاڵ مەبۆرێش

یاخود بڵێت:

چین کەفتن وەڕوی پێشانی چون سیم
چون زنجیرەی ئاو وە شنۆی نەسیم(١)

پێویستی بەوە نییە کە دەماخی خۆی بەبۆنی باغچەی شیعری مەلای بێسارانی و ئەحمەد بەگی کۆماسی چاخ بکا!

لێرەدا پرسیارێک دێتە کایەوە، دەبێ ئەمانە چەند گەورەبووبن کە مەولەوی بەهەموو خەیاڵ بەرزییەوە شیعرەکانیان هێنابێ و کردبێتی بەپارسەنگی شیعری خۆی و لە کانگای دڵیشیەوە ئیمانی بەشیعرەکانیان هێنابێ و شانازییەکی بەتینی پێوە کردبێ و لایەنی جوان و جوانکاری و داهێنانی شیعرەکانیان خستبێتە ڕوو.

جگە لەمە کاری ڕەخنەگری گەشاوەتر دەبێ لەلای مەولەوی کاتێ ببروڕای ڕەخنەیی بەهۆنراوە بەرامبەر دوو شاعیری کورد دەردەبڕێ و، سەرگوزەشتەی ئەم بۆچوونەش ئەمەی خوارەوەیە:

وەختی خۆی خانای قوبادی کە شاعیرێکی بەناوبانگی کوردە، دوو شیعری وتووە، پاش ئەویش شاعیرێکی تر کە ناوبانگی مەحرووم بووە. هاتووە بەچوار شیعر بەربەرەکانی دوو شیعرەکەی خانای کردووە، وە ئەو چوار شیعرەی خۆی ناردووە بۆ مەولەوی تا بەراووردیان بکا لەگەڵ دوو شیعرەکەی خانا و بڕیار بدا کە کامیان بەرزترن لە شێوە و ناوەرۆکدا:

مەولەویش بەم شەش شیعرە وەڵامی داوەتەوە و شیعرەکانی مەحرووم لە هینەکانی (خانا)(٢) بەبەرزتر داناوە و دەڵێت:

١) علاءالدین سجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، ل ٢٨٥.
٢) ئەمەش دەقی دوو شیعرەکەی(خانای قوبادی)یە و چوار شیعرەکەی (مەحرووم)ییە.

بەرق سەیف ناز ئەبرو خەمینان
عەکس ماوی خال خورشید جەمینان
ئەربگنو و وەکوی قولەی قەزالە
مەکەروش وەبوول سفتەی سەد سالە

واتە:
ئەگەر بێتو تیشکی شیری نازی یارانی برۆ کەوانی و عەکسی خالی ئاویی جوانە ناوچاوە وەک ڕۆژەکان، بدا لە قولەی کێوی قەزالە، ئەیسووتێنی و وەک خولەکەوەی سەد ساڵ لەمەوبەری لێ ئەکا. >>>



PDF4Kurd

نەوبارەی خەیاڵ (مەحرووم) دانا
ڕەدیف لەتیف زەریف (خانا)
یاوا وە دیدەی کەم بینام ساوا
جە نەوبینایی یەی دیدەم یاوا
پەیڕەویی(خانا)ت یاد ئاوەر دە بێ
ئەو ئەسڵ و وێت فەرع حەساوکەردە بێ
لاکین زادەی تەبع بۆ عەنبەرینت
دەس ڕێسەکەی فکر بیکر شیرینت
پەسەندیدەی فام عەقڵ دانابێ
خارستەر جە خەیاڵ خاصەی(خانا) بێ
زیادە پەی فەرع و سەر ئەسڵەدا
خاصەی واتە تۆن جەی سەرفەصلدا[1]

واتە:

ئەو شیعرانەی کە بەرهەمی نوێی خەیاڵی (مەحرووم)ی زانان، کە هاوچەشنێکی

<<< مەحرووم دەڵێت:

بەرق بەرقەی ناز عیشوە فروشان
چەخماخەی لەنجەی تەلانە نەگوشان
بریسکەی نیگای دیدە شابازان
بریقەی غەمزەی شەکەرین ڕازان
ئەگەر بگنووە سەنگ جای تەجەللای نوور
مەکەروش وەگەرد چونسورمەی کوی توور
(مەعدووم)، راس (خانا) سوزان عەشق بی        کەی وێنەی (مەحرووم) هەر عەشقی مەشق بی

واتە:

ئەگەر بێتو شەوقدانەوەی چارشێوەی یارە ئازارە نازفرۆشەکان و چەخماخەی لەنجە و لاری گوارە زێڕینەکان و تیشکی چاوی یارە چاوبازەکان و بریقەی ئیشارەش شیرین گوفتارەکان، لەجیاتیی نووری خوا بدا لە بەرد، وەک بەردە سووتاوەکانی کێوی توور ئەیکا بەخۆڵ. مەعدووم، ڕاستە خانا سووتاوی عەشق بووە، بەڵام کەی هەمیشە وەک من هەر مەشق عەشقی کردووە.

بڕوانە، دیوانی مەولەوی، چاپی مودەریس، ل ٤٦٠.

١) دیوانی مەولەوی، چاپی مودەریس، ل ٤٦٠-٤٦١.



ناسک و جوانی خانای قوبادییە، پێم گەیشتن و سوێمن بەچاوە کز و کوێرەکانما، سەرلەنوێ ڕۆشناییبیان پێگەیشتەوە. شوێنکەوتنی خانای قوبادیت هێنا بووە خەیاڵی خۆت، وە ئەوت کردبوو بەساق و خۆتت کردبوو بە لقی ئەو. بەڵام ئەو شیعرانەی کە لە زەوقی بوون خۆشی تۆ کەوتبوونەوە، وە بەدەستی بیری بەخەیاڵی ساڵەهاتووی تۆڕێسرابوون، لای عەقڵ و فامی ئینسانی زانا پەسند و دڵگیربوون و، لە خەیاڵە تایبەتییەکەی خانا جوانتر بوون. هەروەها سەرکەوتنی لق بەسەر ساقا لەم چەرخەدا بەتەنیا بۆ تۆ هەڵکەوتووە و بۆ کەسی تر نەلواوە.

جا بەپێی بۆچوونی مەولەوی، مەحرووم بەم شاعیرتر دەزانێ لە خانای قوبادی، هەر چەندە ئەوە دەردەخا کە مەحرووم لە داڕشتن و بەکارهێنانی خەیاڵی شیعردا شوێنکەوتن و لاسایی خانای کردووە و خۆی بەلق زانیوە و خانا بەساق. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مەولەوی لایەنگیری مەحرووم دەکات، چونکە توانیویە لایەنی شێوە و بیر و خەیاڵی شیعر بەجوانتر و ناسکتر بهۆنێتەوە و دەرببڕێت.



PDF4Kurd

## بەشی چوارەم

# ڕەخنەی ئەدەبی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەم-سەرەتای سەدەی بیستەم

حاجی قادری کۆیی - شێخ ڕەزا - مەحوی -میسباح الدیوان

## ڕخنەی ئەدەبی لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەم-سەرەتای سەدەی بیستەم

### حاجی قادری کۆیی

ناوی تەواوی شاعیری نەتەوەییمان حاجی قادری کوڕی مەلا ئەحمەدی کوڕی مەلا سالحی کوڕی مەلا ئەحمەدی گەورەیە. لە ساڵی(١٨١٥)ی ز لە دێی (گۆڕقەرەج) هاتۆتە دنیاوە. هەر لە منالییەوە دەستی بەخوێندن کردووە، لە پاشا چووەتە ناو فەقێیان، دەوری سوختایەتی لە کۆیە لە مزگەوتی مفتی ڕابواردووە. ئینجا دەچێت بۆ کوردستانی ئێران لە سەردەشت و سابلاغ و شنۆ، تاکو ساڵی(١٨٦٢) هەر لەوێ دەمێنێ و ئیجازەی مەلایەتی وەردەگرێت و دەگەڕێتەوە بۆ کۆیە. پاش ئەوە دەچێت بۆ ئەستەموڵ و ماوەیێکی دوورودرێژ لەو شارە گەورەیەدا دەژیت و دەکەوێتە پەنای بەدرخانییەکانەوە و دەبێتە مامۆستای تایبەتی کوڕەکانی بەدرخان پاشا.

ئیتر لەگەڵ ڕۆژگاردا لە پەنجەبازیدا بووە تا ساڵی (١٨٩٧)ی ز لە ئەستەموڵ کۆچی دوایی دەکا و لە گۆڕستانی(قەرەج ئەحمەد) دا لە بەری ئوسکودار نێژراوە.

### ببروڕای ڕەخنەیی لە لای حاجی قادری کۆییدا

ئەوەی شایانی باسە لێرەدا دەربارەی حاجی قادر بلێین ئەوەیە کە لە دەوری بووژانەوەی نەتەوەکانی ژێر دەستی عوسمانی بووە و وێنەیەکی پڕ بەسەردەم و لەگەڵ سەردەمدا گونجاو بووە.

بۆ چەسپاندنی ئەم ڕایە دەبێ بەهۆنراوەکانیدا بێینەوە خوارێ و دەستنیشانی ئەو دیڕانە بکەین کە بەچالاکانە چەند بنەڕەتێکی ڕەخنەیی سازداوە و لە ڕوانگەی تایبەتی



خۆیەوە پێوانەکانیانی خستۆتە ڕوو. هەرچەندە ئەم بنەڕەتییانەش لە دێڕە هۆنراوەکانی شاعیرەکانی لەمەوپێشدا ڕەنگیان داوەتەوە، بەڵام لە ئاوێنەی هۆنراوەکانی حاجیدا بەچەشنێکی تازە دێنە بەرچاو.

جا لەبەر زۆری بەرهەمی ڕەخنەیی لە لای حاجیدا. ئێمەش لێرەدا چەند نموونەیێک هەڵدەبژێرین کە بەڕای ئێمە دەچنە ژێر باڵی ڕەخنەی ئەدەبییەوە و جۆرێکن لە دەم دان و دەربڕینی ڕەخنەیی لەلای حاجی قادر. بێ ئەوەی ئەو نموونانە لێک بدەینەوە لەبەر ئاسانی داڕشتنەکانیان و بایەخدانی بەناوەرۆک و خۆ خەریک نەکردن بەڕوخسارەوە. چونکە مەبەستی حاجی فکر داڕشتن بووە.

ئینجا ئێمەش بەو پێیە لەم بوارەدا مامەڵە لەگەڵ هۆنراوەکانیدا دەکەین.

لە چەند دێڕێکدا حاجی بنەڕەتی سەرچاوەی هۆنراوەکانی دەستنیشان دەکات و دەڵێ:

بەبێ تەسوید و تەسحیح و موبالات
وەکوو بەیتی بلە هەر چۆنێ بۆم هات
بەڵام ئەفکاری خۆمە نەزمی کوردی
لە خومخانەی خەیاڵی سافی وردی
عیباراتی (دەری) و (تازی)م نەهێنا
دەزانی ماڵی خۆمە مەردی دانا(١)

ئەوەی سەرنج ڕادەکێشێ ئەوەیە کە حاجی لەم دێڕانەدا بەفکر و ئەندێشەی خۆماڵییەوە سەرچاوەی هۆنراوەکانی ئەنجام دەدا، کە لە سروشت و زادەی کەسێتی خۆیەوە هەڵقوڵاون، نەک بەهۆی پەنابردنی بۆ هیچ سەرچاوەیێکی غەیری کوردی.

لە چەند دێڕێکی تردا ڕاستەوخۆ بنەڕەتێکی تری ڕەخنەیی دەخاتە ڕوو ئەویش تاقیکردنەوە و ئەندێشەیە لە نووسینەوەی شیعردا، لەگەڵ دیارکردنی لایەنی داهێنان و خوڵقاندن لە هۆنراوەدا و دەڵێ:

من لە غەمخواری ئەم قسانە دەکەم
وەرنە پەشمە لەلام هەموو عالەم
ئەم قسەی ئێستە عەیبی لێ دەگرن
ئەو دەمەش دێ کە ئێوە بۆی دەمرن

١) دیوانی حاجی قادری کۆیی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی سەردار حمید میران و کریم شارەزا، بەغدا، ١٩٨٦، ل ٢٤٣.



PDF4Kurd

ئەم بەئەو، ئەو بەئەم دەڵێ! کاکە
سەیری قانوونی حاجی چەند چاکە!
هەرچلۆنێ ئیشارەتی فەرموو،
وەک کەرامەت هەموو وەها دەرچوو[1]

لەگەڵ ئەوەشدا حاجی لە هەمان هەڵبەستدا ئەوە پیشان دەدا کە هۆنراوەکانی بەتاقیکردنەوەی کەسایەتی خۆی هاتۆنەتە کایەوە، بێ ئەوەی لاسایی هیچ کەسێکی کردبێ و دەڵێ:

ئەمانە زادەیی ئەفکار و خۆشەویستی منن
ئەگەر قەبیح و کەریهن، ئەگەر شەل و ئەعما
میسالی فەرخەیی (ژیشک) کەپێی دەڵێ دایکی
ئیلاهی قاقو مەیاخەز، سەمورە یادیبا[2]

هەر بەم ڕەنگە حاجی قووڵتر و فراوانتر دەچێتە ناو باسەکەوەو دەڵێ:

(نالی)یو خاکی بەبە، (حاجی)یو کۆیە بەمەسەل
عەینی حافز و شیرازە کەلیم و هەمەدان[3]

دیارە لێرەدا حاجی بەهیچ جۆرێک ڕای وا نەبووە کە هۆنراوەی کوردی لاساییکەرەوەی هۆنراوەی نەتەوەکانی تر بووە. بۆیە ئەم بەراوردەی کردووە لە نێوان سروشتی خۆی و نالی لەگەڵ شاعیرانی تر. لە پێناوی چەسپاندنی ڕای خۆی و دیارکردنی ڕادە و ئاستی هۆنراوەی کوردی لەگەڵ هی نەتەوەکانی تردا.

لەگەڵ ئەمەشدا لە ڕوویەکی ترەوە دەڵێ:

شیعرەکانم کە غەریبی وەتەن و نەو سەفەرن،
وەرە بیخوونەوە ئەم نوقتە سەوابێکی هەیە
قەدری(حاجی) بگرن مەقسەدی هەر دیدەنییە
وەرنە هەرچی بگری نانەک و ئابێکی هەیە![4]

لێرەدا تەماشا دەکەین حاجی دروشمی هۆنراوەی داهێنراوی کەسایەتی و خۆماڵی بەرز دەکاتەوە لە ئاستی تاقیکردنەوەی هۆنینەوەی هەڵبەستدا.

١ )سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٤.
٢ ) سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٦.
٣ ) سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٤.
٤ ) سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٩.



بەڵام لەگەڵ ئەو ڕاستییەدا لەلایەکی ترەوە حاجی بۆچوونێکی تر دەخاتە ڕوو دەڵێ:

نییە لەو مومکینی ئیمکان خەتاو سەهوی نەبێ
بەغەیری خواجەیی دیوانی ( علَّم الاسما )
ئەوی حەسوود جەهوولن لەئیم و ڕەخنەگرن
لە ئەدیب و ڕەخنەیی عالیم بەری دەبن ئودەبا[1]

لەم دێڕانەدا حاجی بنەڕەتی ڕەخنەی ڕەسەن لەگەڵ ڕەخنەی نابەجێ جیا دەکاتەوە و ڕاستەوخۆ پەردە لادەدات کە کەس نییە گوناه و سەهووی نەبێ جگە لە خودای مەزن. مەبەست لە (علم الاسماء) خودایە کە دەفەرموی (وَعَلَّم ادَمَ الاسْمَاءَ كُلّها ثُمّ عَرضهُم على الملائكةِ فقال انبوءُني بِاسمَاء هؤُلاءِ ان كنتم صادقينَ).[2]

لەگەڵ ئەوەشدا حەسوود و نەزانەکانیش ڕەخنە لە ئەدیب و زاناکان دەگرن، لێرەدا مەبەست لە ڕەخنە تەنیا لایەنی (سلب)ییە (نابەجێ) بەڵام ئەم ڕەخنەیە ئیشی ئودەبا نییە، جا بەم پێیە دیارە لە سەردەمی حاجیدا کۆمەڵێک لە ڕەخنەگری حەسوود و نەزان و لەئیم هەبوون جگە لە عەیب دۆزینەوە و توانج گرتن هیچ کارێکی تریان نەبووە، بۆیە حاجی لە دەستی ئەم کۆمەڵەدا دەیەوێ خۆ ڕزگار بکات و پەنادەباتە بەرخوا و لێی دەپاڕێتەوە و دەڵێ:

ئیلاهی نەیخەیە بەر چەنگی مەندەبووری لەئیم
نقودی حاجی کە نەیدیوە خوسرەو و دارا[3]

هەروەها لە هەمان ڕوانگەوە دەڵێ:

یەعنی تا ماوە شاعیری غەڕڕا
عالیم و عامی داخی بۆ ناخوا
لاکین ئەو ساعەتی بەڕەحمەت چوو
قوڕ دەپێون دەڵێن! چ حیکمت بوو!
پەشمە (حاجی) وەرە وەکو جاران
بێرەوە سەر حیکایەتی کوردان[4]

هەروەها لەچەند دێڕێکی تردا لایەنێکی تری ڕەخنەی ئەدەبی ڕوون دەکاتەوە و دەری

١ ) سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٦.
٢ ) سورة البقرة، الاية ٣٧.
٣ ) دیوانی حاجی قادری کۆیی، چاپی سەردار و کریم، ل ٣٧.
٤ ) سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٧.



PDF4Kurd

دەخا کەتاقمێکی دز هەبووە لەبەر خۆپەرستی دژ بەبەرهەمی شاعیران دەجوولانەوە و دەجەنگان و پەنایان دەبردە بەر هۆنراوەی شاعیرانی تر تاکو گەوهەرەکانیان لێ بدزن و بەناوی خۆیان بڵاوی بکەنەوە.

حاجیش لە ئاستی ئەم دیاردە سەیرەدا چالاکانە ڕێگای لە دزەکان بەستووە و بەشێوەیێک کەس نەتوانێ تەماعیان تێ بکات و ڕەخنەیان لێ بگرێت و دەڵێ:

خەزنەییێکە بەیتی من دوو میسرەعم داخستووە
کەس تەماعی تێ نەکا ڕێگای دزم لێ بەستووە
بیکە بەر دیبایی نەزمم تا قیامەت نادڕێ
چونکە ئەبکاری مەعانی تار و پۆیی ڕستووە
زاهیرەن بەیتم لە نالی و کوردی زۆر کەمتر نییە
تالعم بەرگەشتەیە، بەدبەختە بەختم نوستووە(١)

لەم دێڕانەی سەرەوەدا تێبینی دەکەین حاجی لایەنێکی تری ڕەخنەی بەرپاک دەکات ئەویش پێوانەی کەم و زۆری ئەنجامدانەوەی بەرهەمی ئەدەبییە.

دیارە زۆری ژمارەی هەڵبەست و پارچەی هۆنراوەی شاعیرەکان پێوانەیێک بووە لەو سەردەمەدا بۆ دابەشکردنی شاعیرەکان بەسەر چین و پلەی جیاوازدا.

بۆیە حاجیش هاوار دەکات کە بەرهەمەکەی بەهیچ کلۆجێک لە (نالی) و (کوردی) کەمتر نییە و لایەنی چاکەی هەڵبەستەکانی دەستنیشان دەکات و هەرچی توانج و کەموکوڕی هەبێت دەیانخاتە ڕوو. ئەم بۆچوونەی حاجیش لەوانەیە ڕەنگدانەوەی بیروڕای ڕەخنەگری ئیسلامی عەرەبی ئیبن سەلامی جومەحی بێت کە لە ساڵی(٢٣٢)کۆچیداماڵئاوایی کردووە، لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا (طبقات الشعراء) ئەنجام دراوە. کە بەهۆی (زۆری ژمارەی شیعری شاعیرەکان نرخ و بەهاکانیانی دیارکردووە بەسەر چین و تاقمی جۆربەجۆردا دابەش کراون).(٢)

حاجی هەر بەمەوە ناوەستێت بەڵکو بەردەوام دەبێت لە باسکردنی بنەڕەتی دزین لە وێژەدا و تێڕوانینێکی فراوانتر دەخاتە پێش چاو و دەڵێ:

کوردی ئاخر بڵێ چییە عەیبی
هەر کەلامی حەقە نییە عەیبی
لەفزی کوردی بڵاو نەبوو گردبوو
وا لە مابەینی ئێمەدا تێ چوو

١) سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٠.
٢) د. کامل بصیر، ڕەخنەسازی، ل ٤٤.



یا لەگەڵ فارسی چ فەرقی هەیە
بۆچی ئەو ڕاستە، بۆچی ئەم کەچەیە
باوجوودی ئەگەر بکەی دیقەت
تێدەگەی کام لە کامییە سیرقەت
چونکە ئێمە قەدیمترین لە ئەوان
بەتەواریخی جوملەیی ئەدیان(١)

لەچەند دێڕێکدا حاجی دێتە سەر بەراوردکردن و چەند لایەنێکی تری ڕەخنەیی ساز دەکات و پەنجە بۆ چەسپاندنی ڕەوانبێژی تایبەتی بەزمانی کوردی درێژ دەکات و دەڵێ:

شەبیهی جۆڵە کە ڕازی نەبێ بەسەر دری خۆی
مەڵێن فەساحەتی کوردی بەفارسی ناگا
بەلاغەتێکی هەیە، هیچ زوبانێ نایگاتێ
لە بێ تەعەسسوبی کوردا نەبێ ڕەواج و بەها
کە خۆتی تێ نەگەییێنی، لە نیکتەکانی نەگەی
دەڵێن هەمووی هەزەیانە خودا بەڵای لێ دا
بەڵام ئەوانی کە سەڕڕافی زێڕ و زیوی قسەن
بە شەهرەوایی دەزانن، چ سککەیێکە ڕەوا
چ حیکمەتێکە کە ئاساری کوردە نامووسی
نە کیمیایە نە عەنقا، لە بەینی ئێمە نەما(٢)

لەم دێڕانەدا دوو تێبینی دەخەینە ڕوو:

یەکەم: حاجی بەهۆی ئەم بەراووردەوە ڕادەگەینێ کە هیچ هۆنراوەیەک ناگاتە ڕادەی هۆنراوەی کوردی.

دووەم: دەستنیشانکردنی لایەنی بەرزی هونەری لە هۆنراوەی کوردیدا لە ڕوانگەی بەکارهێنانی بەلاغە و فەساحەت و نوکتە و حیکمەتدا.

هەروەها لە چەند دێڕێکدا بەراوردی خۆی لەگەڵ شاعیری پایەبەرزی کورد دەکا و ڕادەی داڕشتن و دەربڕینی خۆی دەباتە ئاستی شاعیریەتی نالی و دەڵێ:

سولەیمانێکە (نالی) خاوەنی دیوانی و فەرمانە
نییە کەس بێتە مەیدانی مەگەر (حاجی) خود ئاسایە(٣)

١) دیوانی حاجی ، ل ٢٤٠.
٢) سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٧.
٣) سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٤.



PDF4Kurd

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەڵێ:

سـەد قـوبـەیی خـەورنەق و سـەددی سکەندەری
ناگـاتە بەیتـە کـاولی (نالی) و مـەتانەتی[١]

ئینجا دێتە سەر ئەوەی بڵێت:

بەیتی(نالی) و بەیتی من گـەر تیکەڵی یەکـتـر دەکـەن
ئەحـمـەقی سـوورەت پەرست و جـاهیلی مـەعنا نەزان[٢]

لە دێڕێکی تردا شیعری نالی کردۆتە خەزەف و هی خۆشی بەگەوهەر داناوە و دەڵێ:

بەتەزمین فـەردەکی (نالی) دەهێنم تا ڕەفـیـقـانم
بزانن فـەرقـمان زۆرە خـەزەف قـەت وەک گـوهەر نابێ[٣]

لە چەند دێڕێکدا حاجی بنەڕەتی نەمری هۆنراوە و شاعیر دەستنیشان دەکا و ناوی خۆی و خانی دەبات و ئەوە پیشان دەدا کە تەنیا ئەوان بناغە و بنەواشەی هۆنینەوەی هۆنراوەی کوردییان دامەزراندووە و پەنجە بۆ کتێبی مەم و زینیش درێژ دەکات کە بەهۆی ئەم کتێبە پڕ بایەخەوە ناوبانگی کورد بڵاو بووە و دەڵێ:

زمـانی ڕەسـمی جـارانی نەمـاوە
چراغی نـازم و مـونشی کـوژاوە
لە دەوری ئێـمـە ڕۆمـان و جـەریدە
ئەگـەر چی مـەقـسـەدە، زانینی باوە
ئەمـانە قـەدری بزانن ئەم کـتـێـبـە
لە دنیـا ئێـسـتەکی هەمـتـای نەماوە
لە ئەییـامی حـەیاتی شـێـخی خـانی،
لەسـەر نوسـخـەی خـەتی ئەو نووسـراوە
لەلای ئەربابی خـۆی بۆ قـەدر و قـیـمـەت
خـەزینەی گـەوهەرە و کـیـسـەی دراوە
لە مـەجـمـوعی دووەل سـۆران و بۆتان
لە سـایەی ئەم کـتـێـبـە ناسـراوە
لە کوردان غەیری (حاجی)و(شێخی خانی)
ئەسـاسی نەزمی کـوردیی دانەناوە[٤]

١) سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٨.
٢) سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦٨.
٣) سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٥.
٤) سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٦.



ئینجا حاجی دێتە سەر باسی ستایش و شانازیکردن، ئەویش وەکو هەموو شاعیرانی کلاسیکی شانازی بەهۆنینەوەی شیعرەکانی و بەرهەمی شاعیرانی تر دەکات.

ئێـمـەش لێـرەدا چەند نموونەییێک دەخـەینە پێش چاو، لە چەند دێڕێکدا لە بارەی خۆیەوە دەدوێ و نرخ و بەهای شیعرەکانی دیار دەکات و دەڵێ:

(حاجی) کەسێکە بێ کەس بۆ ئێوە قوڕ دەپێوێ
گوێی لێ دەگرن زەریفە، ناگرن بەڵا لە خۆتان[١]

هەروەها دەڵێ:

(حـاجی)یە شـیـعـرەکـانی وەک(کـاوە)
ڕۆژێ دەبیـێـن درەفـشی هەڵداوە[٢]

لێرەدا هۆنراوەکانی چواندووە بەکاوەی ئاسنگەر لە شۆڕشگێڕیدا.

لە دێڕێکی تردا شانازی بەخـۆیەوە دەکات و ئەوە دەردەخا کە کاتی حاجی سواری ئەسپی شیعری بوو، (نالی) دواکەوت وەکو(نالی) ئەسپەکەی کە لە پێی بوویەوە کەوتە: زەوی، کوردیش دواکەوت وەکو تۆزی ئەسپی حاجی کە لەدوای خۆیەوە دەڕوا و دەڵێ:

بەجێ ما(نالی) وەک نالی، بەپاش کەوت کوردی وەک گەردی
کـە (حاجی) غـاری دا ئەسـپی لە مـەیدانی سـوخـەندانی[٣]

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە شوێنێکی تردا شانازی بەبەرهەمی نالی و کوردی دەکات و دەڵێ:

هەتا لە خـیـتـتـەی بێگانە فـەخـری پێـوە بکەم
لە بەینی زومـرەیی ئەحـیـاو مـەجـمـەعی مـەوتا
ونی مـەکـەن وەکـو ئاسـاری (نالی) و(کـوردی)
لە سەهوی دیدە بپۆشن، گوزەر بکەن لە خەتا[٤]

ئینجا حاجی قـادری کـۆیی لە قـەسـیـدەیەکدا لەژێر ناوی (شـەهسـواری بەلاغـەتی کوردان) دەکەوێتە باسی شاعیرانی پێش خۆی و هەر بەناو ناوی (٣٢) شاعیری کۆن دەبات و لە گـەلێک شـوێندا ناوبردنەکە هەر ئەوە نییـە کـە سـتـایش بێت، بەڵکو نرخ

١) سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٩.
٢) سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٤.
٣) سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٣.
٤) سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٦.



PDF4Kurd

پێدانی شاعیریشی تێدایە، چونکە پەنجە بۆ گەلێک هێمای ڕەخنەیی درێژ دەکات و ڕاستەوخۆ بۆچوونەکانی دەخاتە ڕوو دەڵێت:

شەهسواری بەلاغەتی کوردان
یەککەتازی فەساحەتی (بابان)
مستەفایە تەخەللوسی (کوردی)
غەزەلی کردە بەر بوتی کوردی
ناوی ساحێبقرانی خاسی ئەوە
چونکە لەم عەرسە ئەسپی ئەو بەدەوە(١)

کە دێتە سەر باسی نالی دەڵێت:

نالی ئوستادێکی گەلێ چابوو
خدری ئابی حەیاتی مەعنابوو(٢)

دەربارەی سالم و مەشوی و ڕەزا و خەستە و وەفاییش دەڵێت:

(سالیم)و (مەشوی)، (شێخ ڕەزا) و (خەستە)
شاعیرن هەر چواری بەرجەستە
وەک (وەفایی) کەمە لە شوعەرایی
خەتی وەک بەیتی چاک و ئەسپایی(٣)

هەروەها باسی(ئەمین بەگی دزەیی) دەکات و دەڵێت شاعیرێکی دز نییە بەڵکو زۆر ئازا و چاپووکە لە شیعردا:

یەکی تریان (ئەمین بەگی) دزەیی
دز نییە شاعیرێکی جەربەزەیی(٤)

تێبینی دەکەین حاجی لەم قەسیدەیەدا نەک تەنیا باسی شاعیرانی دەوروبەری خۆی دەکات، بەڵکو سنوورێکی گشتی دادەنێ بۆ باسکردنی زۆربەی شاعیرانی کورد کە سەر بەدیالێکتی ترن. ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ کە مەودای بیر و تێڕوانینی حاجی زۆر فراوان بووە و توانیویە گەلێک شتمان بۆ ڕوون و ساغ بکاتەوە و لە کون و قوژبندا بێنیتە دەرەوە و تیشک بخاتە سەری، هەروەکو لە باسکردنی شێخ ئەحمەدی جزیری و

١) سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٩.
٢)سەرچاوەی پێشوو.
٣) سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٠.
٤) سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٩.



ئەحمەدی خانیدا دەردەکەوێت:

لە جزیرە یەکێکە (شێخ ئەحمەد)
ساحیبی ناو و مورشیدی ئەرشەد
ئەوی جامی گوتوویەتی ئەمەیە
لەو قسە و مەدحە مەقسەدی ئەمەیە
(پیرە مردی بدیدەام ز جزیر
نیک مردی بدەیدەام ز حریر)
(ئەحمەدی خانی) ساحیبی مەم و زین
شاهبازی فەزایی عیللیین
خەلەفی ئەو دەبن لەو(گۆدینگان)
لە جزیر پێی دەڵێن (فەقێ تەیران)(١)

ئینجا دێتە سەر شاعیرانی ناوچەی گۆران و پایە و بەهایان لە هۆنینەوە و داڕشتندا دەخاتە ڕوو و دەڵێت:

شاعیری جاف و نەزمی ئەترافی
مەولەوی و خانە کافییە و شافی
ئەوی سەر خێڵی عێلی ئەوزانە
لە عەشایر مەلا وەلەد خانە
خۆ (مەلا مستەفای بێساران)
بێ نەزیرە لە نەزمی کوردستان
(مەلکە) مان مەلەکەمووتی مەعنایە
یەعنی هەر چۆنێ حەز بکا وایە
وەک (مەلاخدری ڕوودباری)نییە
شیعری ئابی حەیاتە تاریی نییە
حیکمەت و نەزمی (میرزا یەعقووب)
وەک فەلاتوونە لەفزەکان وەک کووب
یەعنی فیکری لە ئاسمان بەدەرە
باعیسی عەیشە، دافیعی کەدەرە(٢)

١) سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢١.
٢) سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٢.



PDF4Kurd

هەروەها ئەوەی لێرەدا حاجی قادر لە شاعیرانی کلاسیکی تر جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە حاجی تەنیا باسی ئەدەبیاتی کلاسیکی و شاعیرانی کلاسیکی ناکات، بەڵکو بایەخیشی داوە بەفۆلکلۆر و شیعری میللی و ناوی شاعیرانی میللیش لەپاڵ شاعیرە کلاسیکییەکاندا بردووە. ئەم چەشنە نرخ پێدانە لەناو کوردیش و لەناو گەلێک میللەتی تریشدا بۆ ئەو کاتە تازە بوو، چونکە تا ئەوکاتە پشت کرابووە خەڵک و بەوپێیە بەرهەمی خەڵکیش کە فۆلکلۆرە بەسووک و بێ بایەخ دەزانرا، بەڵام حاجی ڕوودەکاتە خەڵک کە نرخی بەرهەمی خۆیان بزانن و بینووسنەوە:

بەسییە بێ عاری ئەی گەلی خزمان
لەم هەموو بەیتی میللەتی خۆمان
ئەگەر ئێمە و سنە و سولەیمانین
ناوی یەکیان بەچاکی نازانین
وەک موحەممەد حەنیفە بەیتی مەتین
نییە ئیللا حەساری قوستەنتین
بەیتی دمدم کە قەدری نازانن
پاکی سیحری حەڵاڵی کوردانن
وەکو شانامە گەر بنووسرایە
لێت موعەییەن دەبوو چ وەستایە
ئەسپی ڕەش بەیتی تابڵێی چاکە
نەزمی یەکجار سوار و چالاکە(۱)

پاش ئەوەی دێت و باسی هەندێک بەیتی تری کوردی دەکات و لەگەڵ بەیتی فارسیدا بەراوردیان دەکات و پارسەنگی بەیتە کوردییەکان دەداتەوە، دێتە سەر باسی دوو شاعیری میللی لەگەڵ پیرۆزترین شاعیری ئیسلامیدا بەراوردیان دەکات و دەڵێت:

دوو عەلین شاعیرن وەکو حەسسان
بەردەشان و حەریرە مەسکەنیان
یەکێ هەمنامی خۆم بەخۆم دیبووم
شێخ وەسانی بوو مەردەکی مەعلوم
وەکو من بوو بەزاهیری جاهیل
باتینەن شاعیرێکی زۆر کامیل(۲)

۱) سەرچاوەی پێشوو، ل ۲۲٤.

۲) سەرچاوەی پێشوو، ل ۲۲٥.



ئینجا دێتە سەر شاعیرێکی تر کە لە بەرهەمی ئەویشدا هەندێک دیمەنی میللی دیارە و دەڵێت:

ئەحمەدی کۆر لەشاری سابڵاغە
بەیتێکی داغە، بەیتێکی باغە
ئەمە مەجمووعی شاعیری غەڕڕان
هەروەکو مەسنەوین لە نێو کوردان(۱)

بەم شێوەیە ئەوەمان چەسپاند کە حاجی قادر یەکێکە لەو شاعیرانەی کورد، کە خاوەن بیر و هەڵوێستێکی ڕەخنەیی بوو، توانیویە بەرهەمی جۆر بەجۆر لەم مەیدانەدا بەچەشنێکی سادە و ساکار ئەنجام بدات.

## شێخ ڕەزای تاڵەبانی

شێخ ڕەزا کوڕی شێخ عەبدولڕەحمانی تاڵەبانییە، لە ساڵی (۱۸۳۲)ی ز لە گوندی قرح هاتۆتە دنیاوە. خوێندن و نووسینی سەرەتایی لای باوکی بووە.

لە کەرکووک و کۆیە و سلێمانی خوێندوویەتی. لە ئەدەبیاتی نەتەوە دراوسێکان دەستێکی باڵای بووە. شارەزاییشی لە ئەدەبی عەرەبیدا بووە. کە لە سەفەرێکی ئەستەموولْ دەگەڕێتەوە باوکی کۆچی دوایی دەکات. دوایی ئەوە چۆتە لای مامە شێخ غەفووری لە کۆیە. بەعاجزی و دڵشکاوی گەڕاوەتەوە کەرکووک.

شیعرەکانی لە مەیدانی هونەری شیعردا یەکجار سوار و سفت و ڕێکوپێکن. بەڕاستی شێخ ڕەزا بەیەکێک لە شاعیرە گەورەکانی میللەتی کورد دەژمێررێت.

شیعرەکانی پێش ئەوەی کۆ بکرێتەوە لەناو خەڵکی بەگشتی و خوێندەواراندا بەتایبەتی بڵاو بووە. لە ساڵی (۱۹۰۹)ی ز لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی شێخ عەبدولقادری گەیلانی نێژراوە.

بێ گومان شێخ ڕەزا لە ئەدەبی کوردیدا لە زۆرکەس زیاتر خاوەنی کەسیەتی و هەڵوێستی خۆیەتی و ئەم کەسیەتی و هەڵوێستە تایبەتییەی لە هەموویان بەئاشکراتر پێوە دیارە. چونکە هەرچی لە دڵیدا بووە یا بەکردار یا بەنووسین خستوویەتییە ناو چوارچێوەی شیعرەکانیەوە هەروەکو لەمەودوا دەردەکەوێت:

لە چەند دێڕێکدا ڕاستەوخۆ پەنجە بۆ سەرچاوەی هۆنراوەکانی درێژدەکات و ئەوە پیشان دەدا، بۆیە هۆنراوەکانی ڕوون و ڕەوانن و پڕن لە هونەری ڕەوانبێژی چونکە سەرچاوەکانیان پێکهاتووە لە سەلیقە و بەهرەی زکماکی کە بەزاراوەی (وەهبیە) ناوی

۱) سەرچاوەی پێشوو، ل ۲۲٦.



PDF4Kurd

دەبات و دەڵێت:

شێخ ڕەزام و بەفەساحەت لە جیهاندا مەشهور
(پسری پیر نظرکەردەی قطبی لاهور)
شیعری من وەهبیە، کەسبی نییە هوشیارەوەیە
خۆت لە من لادە لەسوراخی قنگت بەم مەخموور(١)

بەگوێرەی ئەم بۆچوونەی شێخ ڕەزا، ئەوە دەسەلمێنێ کە هۆنراوەکانی لە ئەنجامی زانست و فێربوونەوە نەهاتوونەتە کایەوە، چونکە وشەی (کەسبی) لێرەدا ئەو مانەیە دەدات بەدەستەوە.

بۆ چەسپاندنی ئەم بیرۆکەی سەرەوە، شێخ ڕەزا لە دێڕێکی تردا ئەوە دەردەخا کە هۆنراوەکانی جۆرێکن لە(وەحیی موسەددەق) و دەڵێت:

سمێڵی شێخ ستار(حەبلولمەتینە)
کەلامی (شێخ ڕەزا) وەحیی موسەددەق(٢)

جا کەوابوو دەبێت هۆنراوەکانی لوتکەی خوڵقاندن و داهێنان بێت و کەس نەیگاتێ، چونکە سەرچاوەکەیان بەگەورەترین هێزی توانای دەربڕین سازدەدرێ.

هەروەها لە دێڕێکی تردا ئەوە دەردەخا کە هۆنراوەکانی پڕن لە پەند و قسەی نەستەق و دەڵێت:

کەلامی حیکمەت ئامێز لە جەنابی(شێخ ڕەزا)وە
بەعەجایبی مەزانن (کلکی) تیا ڕزاوە(٣)

لەگەڵ ئەوەشدا تێبینی دەکەین شیخ ڕەزا لەم دێڕەدا بنەڕەتی تاقیکردنەوە و ئەندێشە لە نووسینەوەی هەڵبەستدا دەستنیشان دەکات، چونکە دیارە ئەوەندە دانیشتووە و ئەوەندە وەستایەتی کردووە و خەریکی نووسین بووە پەنجەی لە داهێنانی ئەو جۆرە پەندە جوانانەدا ڕزاوە. بەواتای ئەوەی زۆری لەگەڵدا ماندووبووە و وەختی لەگەڵدا بەسەربردووە تا توانیویەتی ئەو جۆرە قسە و پەندە خۆشانە دابڕێژێت.

ئەوەی ئاشکرایە لە دەوری شێخ ڕەزادا بابەتی شیعری زۆر لە باودا بووە، ئەویش زۆربەیان نەچووتە دڵەوە، وە بەشاعیریان نەزانیون لەبەر خراپی و سستی داڕشتنەکانیان، بۆیە وتوویەتی:

١) دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، عەلی تاڵەبانی، بەغا، چاپخانەی مەعاریف، ١٩٤٦، ل ٦٥.
٢) سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨.
٣) سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٨.



چونکە شاعیر زۆر بووە لەم عەسرەدا
بۆتە حەشری نێرەکەر لەم حوجرەدا(١)

لێرەدا جیاوازی دەخاتە نێوان شاعیری داهێنەر و بەرهەمی داهێنراو لەگەڵ تاقمەکەی تر و هێڵێکی ڕاست و چەپ بەسەر ئەو کەسانەدا دەنێ کە بەناو شاعیرن و هیچ توانای داهێنان و خوڵقاندنیان لە هۆنینەوەدا نەبووە، دیارە ئەو جۆرە کەسانە ئەوەندە بێ هێزبوون نەیان توانیوە لایەنی ناوەڕۆک و ڕوخسار لە هۆنراوەکانیاندا بگونجێنن و شەقڵی سەرنەکەوتنیان پێوە دیاربووە. هەر لەو ڕوانگەوە داخ و ژاری (شوکری فەزلی) و هەڤرکێ و ململانێکردنەکەی لەگەڵ شێخ ڕەزادا کارێکی وای کردووە کە شێخ پەلاماری بدات و ڕەخنەییێکی ڕاستەقینەی ئاراستە بکات و هەڵوێستی خۆی پیشان بدات بەرامبەر هۆنراوەکانی و بڵێت:

شیعری کە تۆ بەچاکی دەزانی شیاکەیە
نەزمی کە تو بەیانی دەفەرمووی گەنوگووە
هەروەک تسی کە جەوهەری خۆی دەربخا بەبا
نامووسی خۆت بەشیعری سەفیهانە بردووە
بەم شیعرە بێ فەڕانەوە نابی بەشێخ (ڕەزا)
زەحمەت مەکێشە ئاینەکاری (ئەوستوورە)(٢)

تێبینی دەکەین شێخ ڕەزا بەهۆی ئەم هەجووکردنە ڕاستەوخۆ لایەنی هۆنراوەکانی شوکری فەزلی شی دەکاتەوە و دەیخاتە بەر نەشتەری لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن و هەرچی وشە و مەعنای خوسن و زمان پیسییە بەکار دەهێنێ و پێی دەڵێت.

ئەو شیعرانەی کە بەلای تۆوە شیعری چاکن ئەوەندە بێ نرخن هەروەک پیسایی گا و مانگان، ئەو شیعرانەی کە بەلای تۆوە بەنرخە و باس لە هونەرە ڕوونبێژییەکەی دەکەی ئەوەندە هیچوپووچە هەروەکو گەن و گوو وایە لەبەر ئەوە تۆ هەر لە شیعر ناگەیت و چێژ لە شیعری چاک وەرناگری و توانای جیاکردنەوەی شیعری بەرز و شیعری نزمت نییە، هەروەها بەشیعری خراپ و بێ فەڕ و هیچوپووچ حەیای خۆت بردوو، هەروەکو چۆن (تس) بەهۆی(با)وە بۆنە پیسەکەی بڵاو دەبێتەوە و حەیای خاوەنەکەی دەبات.

لە شیعری ستایش و شانازی و پیاهەڵدانیشدا وەنەبێ لە شاعیرەکانی تر کەمتر بووبێ، بەڵکو لەگەڵێ شوێندا پێشکەوتووتر بووە، خەیاڵێکی ناسک و تەبیعەتێکی

١) سەرچاوەی پێشوو.
٢) سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٠.



PDF4Kurd

ئاوێنەیی بووە، بەتایبەتی ئەگەر هەستی خێرێکی لە یەکێ کردبێ بەتەواوی لغاوی شیعری کراوەتەوە و، هەتا بڵێیت وەسفێکی بەرزی بۆ هاتووە. لە چەند دێڕێکدا شانازی بەزمان و ئەدەبی کوردی دەکات و دەڵێیت:

زوبدەی مەتاعی حیکمەتە ئەم شیعری کوردییە
هەرزانە بێ موبالەغە حەرفێ بەگەوهەرێ
جامەی حەیاتی عارییەت کورتە زینهار
ئالوودە دامەنی مەکە بۆ پێچی مێزەرێ(١)

لێرەدا بەشێوەیێکی گشتی نرخ و بەهای بەرهەمی ئەدەبی کوردی پیشان دەدا، کە ئەگەر (هاتو پارچەی ڕەنگاو ڕەنگ و بەنرخی حیکمەت هێنراوەتە مەیدانەوە، شیعری زمانی کوردی خاوێنتر و پاکژتری ئەو پارچە و کوتاڵەیە، ئەگەر بێتو تاقە حەرفێکیش بفرۆشێ -تەنانەت بەئاڵتونێکیش- لەبەر ئەوە ئەم بەنرخترە هەرئەخەڵەتێت، دیارە ئەم شیعرەی منیش دای ئەنێم یەکێکە لەو شیعرە بەنرخەی کوردیانە).(٢)

ئینجا دێت و شانازی بەزمانەکەیەوە کردووە کە شیرێکی تیژی کاریگەرە و ڕاستیشی کردووە وەکو خۆی دەڵێ:

تۆ هەتە تێغی دەبان و من هەمە تێغی زبان
فەرقی ئەم دوو تێغە هەروەک ئاسمان و ڕێسمان(٣)

هەروەها شێخ ڕەزا بەخۆی ئەنازێ و نرخ و پایەی شیعرەکانی ئاشکرا کردووە، لە دەورێکدا کە نرخی شیعر و پایەی شاعیر جێگەی نەمابوو، بۆیە وتوویەتی:

نەماوە ڕەونەقی بازاڕی عەقڵ و دانش و وردی
بەپوولێ نایکڕن لەم عەسرەدا عیلمی ئەباوەردی
لە ئەشعاری (ڕەزا) پەیدایە ئاساری جوانمەردی
دوڕ و یاقووت دەبارێ لەم کەلامە شیرنەی کوردی
خوا سا کوا لە دونیادا قەدر زانێ، خریدارێ(٤)

لە چەند دێڕێکی تردا هەر بەردەوام دەبێ لەسەر شانازیکردن بەشیعرەکانی و هەندێ لایەنی تری داهێنان و لێهاتوویی دەردەخا و دەڵێ:

١) سەرچاوەی پێشوو، ل، ٥٦.
٢) علاءالدین سجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، ل ٣٩٣.
٣) دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، عەلی تاڵەبانی، ل ٧٦.
٤) سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٨.



وەک (لامیع)ی شاعیر نییە ئێستا لە جیهاندا
شیرین سوخەن و قابیل و خۆش تەبع و (ڕەزا) سووک(١)

هەروەها شێخ ڕەزا بەلای خۆیەوە ئەو بلبلەیە کە هەموو کەس ناچارە گوێ لە دەنگی شیعرەکانی بگرێت و دەڵێت:

لامیعی شاعیر بەهەر مەجلیس بچێ، خەڵکی دەڵێن
بولبولی داستان سەرا، مورغی غەزەلخوان هاتەوە(٢)

هەروەها دەڵێت:

بەم حاڵە پەریشانەوە باز ئەشهەدوبیلا
شیعرت تەرەب ئەنگیزە (ڕەزا) شاعیری چاکی(٣)

تەماشا دەکەین بەو حاڵە پەرێشانەیشەوە بادەداتەوە سەرخۆی و بەخۆیدا هەڵدەڵێت و دەڵێت شێخ ڕەزا تۆش شاعیرێکی چاکیت، چونکە شیعرەکانت مرۆڤ دەهێننە سەما و حاڵ لە مرۆڤ دەهێنن!!.

بەم پێیە شێخ ڕەزا جێگایەکی تایبەتی بۆ خۆی کردۆتەوە لە بواری ڕەخنە و ڕەخنەگریدا، چونکە ئەو نموونانەی کە باسمان لێوە کرد گشتیان دەربڕینێکن لە وێنەی هونەری و ورد و تیژی زمان و ڕەخنەگرتندا.

## مەحوی

ناوی مەلا محەمەدی کوڕی مەلا عوسمانی باڵخییە. لە ساڵی(١٨٣٠)ی ز لە شاری سلێمانی هاتۆتە دنیاوە. لە تەمەنی حەوت ساڵیدا خراوەتە بەر خوێندن و ماوەیەک لەلای باوکی خوێندوویەتی. بۆ خوێندن چووەتە سنە و سابلاغیش، هەروەها چووە بەغدا و بووە بەفەقێی زانای بەناوبانگی کورد مفتی زەهاوی. ئیجازەی مەلایەتی لای ئەو وەرگرتووە. لە ساڵی ١٨٥٩ی زدا بووە بەمەلای مزگەوتی ئیمام ئەعزەم لە بەغدا. لە ساڵی ١٨٦٢دا بەغدای بەجێ هێشتووە و گەڕاوەتەوە سلێمانی و بووە بەئەندامی دادگا. لە ساڵی ١٨٦٨دا بەهۆی مردنی باوکییەوە دەستی لەکاری میری کێشاوەتەوە و بووە بەمەلا و دەستی کردووە بەدەرز وتنەوە بەفەقێیان. لە ساڵی ١٨٨٣دا چووە بۆ حەج و لەوێوە بۆ ئەستەموول، ئینجا گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی لە ساڵی ١٩٠٦ کۆچی دوایی کردووە.

١) سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩.
٢) سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٥.
٣) سەرچاوەی پێشوو، ل ٥١.



PDF4Kurd

بیروڕا و تێڕوانینی ڕەخنەیی لەلای ئەم شاعیرەمان، بەشێوەیێکی سادە و ساکار دەربڕراوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەویش وەکو شاعیرەکانی تری کلاسیکیمان چەند بنەڕەتێکی ڕەخنەیی چەسپاندووە و هەڵوێستی خۆی پیشان داوە بەرامبەر بە بەرهەمی ئەدەبی. ئێمەش لێرەدا دەقی ئەو نموونانەی کە پێوەندییان لەگەڵ بابەتەکەمانەوە هەیە لە قەڵەم دەدەین و شەرحەکانیشیان دەخەینە پاڵی بۆ ئەوەی زیاتر چەمک و مەبەستی هۆنراوەکانی ڕوون و ئاشکرا بکەین.

لە تاقە دێڕێکدا بنەڕەتی تاقیکردنەوە و ئەندێشە لە نووسینەوەی شیعردا دەستنیشان دەکا و دەڵێت:

کێ قەدری شیعری ئێمە دەزانێ، بەری دەکا
هەر ساحیبە لەبەر کەری کاڵایی بێ ڕەواج(١)

واتە: کەس قەدری شیعری ئێمە نازانێ، ئەگەر قەدریان بزانیایە لەبەریان دەکرد و دەماودەم دەیانگێڕایەوە. بۆیە هەر لە دڵی خۆماندا دەمێنێتەوە، چونکە کاڵای بێ ڕەواج کەس نایکڕێ و دەبێ هەر خاوەنەکەی خۆی بیپۆشێ و لەبەری بکا.

لەم دێڕەدا ئاشکرایە کە خەڵک لەسەردەمەکەیدا قەدری هۆنراوە و هونەریان نەدەزانی و بەشداریی ئاکامی ئەو هۆنینەوەیان نەدەکرد. بێ گومان ئەمەش لە ئەنجامی نزمی ڕادەی ڕۆشنبییری کۆمەڵەکەی بووە. بۆیە بەم شێوە هەڵچووە و گۆشەگیر بووە. ئەم هەڵوێستەی مەحوی هێما بۆ بابەتێکی ڕەخنەیی گرنگ دەکا کە پێوەندی بەتاقیکردنەوە و ئەندیشە و سروشتی هۆنراوەوە هەیە.

چونکە ئەگەر هاتوو پێوەندی لە نێوانی شاعیر و کۆمەڵەکەیدا بەو چەشنە پچڕابێ، دەبێ لە چ سەرچاوەیەکەوە هۆنراوەکانی هەڵدەهەنجێنێ و سروشتی ئەم هۆنراوانە چۆن بێت:

لە چەند دێڕێکدا بنەڕەتی هۆنینەوەی هۆنراوە بەزمانی کوردی و بیانیدا دەستنیشان دەکا و دەڵێت:

کوردی زوبانی ئەسڵمە گەر تەرکی کەم بەکول
بۆ فارسی، بەکوللی ئەمن دەبمە بێ وەفا
دووری مەبینە تۆ لە کەریمی بەهانە جۆ
هەرچی کە کوردە پاکی ببەخشێ بە(بوالوفا)(٢)

مەحوی بەم بەیتە بەڵگە بۆ بەردەوام نەبوون لەسەر بەفارسی وتنی ئەم پارچە

١) دیوانی مەحوی، (مەلا محەمەدی کوڕی مەلا عوثمانی باڵخی)، لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی مەلا عبدالکریمی مدرس و محمدی مەلا کریم، چاپی دووەم، بەغدا، ١٩٨٤، ل ٥٥٠.
٢)سەرچاوەی پێشوو، ل ١١.



شیعرەی دێنێتەوە. لەهەمان کاتیشدا بەیتەکە نیشانەیەکی هەست و شانازی کردنیە بەزمان و کەلەپووری میللی نەتەوەکەی. ئینجا دەڵێ پێویستە هۆنراوە بەکوردیش بڵێم و کوردی شوورەیی نییە و کورد ئەگەر گوناهباریش بن دوور نییە خوای بێ بریتی- بەخشندە هەموویان ببەخشێ بەپێغەمبەر؛ چونکە ئوممەتی ئەون، بابە شێخ (ابو الوفا) لەبەر ئەوە کە کوردە و یەکێکە لە ئەولیا.

هەروەها لە دێڕێکی تردا سەرنجێکی تر دەخاتە ڕوو دەربارەی هەمان بابەت، ئەوە ئاشکرا دەکات کە بۆیە قەسیدەیەکی داناوە بەزمانی کوردی لەژێر ناوی (کودییە) تاکو بچیتە ڕیزی قەسیدەی(هَمزیّە) و (بُردیە)ی عەرەبی. بۆ ئەوەی زیاتر سوود ببەخشێ وە خەڵک بۆ بەرەکەت بیخوێننەوە و دەڵێت:

لە(هَمزیّە)و لە(بُردە)م چونکە کەم دی ئیستیفادەی کورد
منیش ئەم کوردییەم دانا لە ڕیزی ئەو قەسیدانە.(١)

هەروەها تێبینی دەکەین مەحوی جۆرە بەراوردێکیش بەرپا کردووە لە نێوان ئەو دوو قەسیدانەی کە بەزمانی عەرەبی هۆنراونەتەوە لەگەڵ هی خۆی. نرخ و بەهای قەسیدە کوردییەکەش دەستنیشان دەکات و دەڵێت:

بدە ئیزن ئەم قەسیدەی کوردییەش بێتە مەقامی عەرز
ئەگەرچی وەک شوعوورم شیعرەکانم پەرێشانە.(٢)

هەر لەگەڵ ئەوەشدا دەڵێت:

ئەگەر بوردە، ئەگەر کوردە، ئەگەر سافە، ئەگەر دوردە
قوبوولی تۆ کە بوو لەبرێزی نەشئەی ڕەوح و ڕەیحانە.(٣)

لە چەند دێڕێکی تردا لەگەڵ دیارکردنی لایەنی شانازیکردن بەهۆنراوەکانی هەندێ جار هەوڵی ئەوەی داوە، هۆنراوەکانی چواندووە بەشتی کاریگەر و سەرسوڕهێنەر لە پێناوی دەرخستنی پاراویی و نرخ و بەهاداری هۆنراوەکانی، بۆیە دەڵێت:

وتی: میوەی بەهەشتە شیعری (مەحوی)
خودا نەبڕی لە باغم داری بەردار.(٤)

واتە: یەکێک وتی شیعری مەحوی ئەوەندە جوان و خۆشە وەک میوەی بەهشت وایە. سا خوایە داری بەبەری توانای شیعر وتن لە باغی ژینی من نەبڕی، بۆ ئەوەی هەمیشە

١) سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٥٢.
٢) سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٥٤.
٣) سەرچاوەی پێشوو.
٤) سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٠.



PDF4Kurd

شیعری جوانی وەک میوەی بەهەشتی خۆش بلێم.
هەر لەم بارەیەوە لەدێڕێکی تردا دەڵێت:

کە شیرین و تەڕی دیی شیعرەکانم
وتی(مەحوی) کە میراوی فوراتی.(١)

واتە: کە یار هۆنراوەکانمی دی چەند تەڕ و شیرینن، وتی:
بەڕاستی مەحوی میراوی ئاوی فوراتە. مەبەستی ئەوەیە هۆنراوەکانی مەحوی لە پاراوی و خۆشیدا لە ئاوی فورات دەچن کە (فورات) واتە سازگاروشیرین، خۆشی بەو پێیە کە خاوەنی ئەو هۆنراوانەیە لە میراو دەچێ.

ئینجا دێتە سەر بابەتی شانازی و ستایشکردن. مەحویش هەروەک هەموو شاعیرانی کۆنمان شانازی بەخۆیەوە دەکات. باسی دەستڕەنگینی و لێهاتوویی دەکات لە هۆنینەوەی هەڵبەستدا. هەروەکو لەم نموونانەوە دەردەکەوێت:

بنووسە، پیری دڵم ئەمری کرد، ئیتاعەم کرد
لە ئیبتیداوە کە بەیتێ موناسبی دیوان
گەدایەکی وەکو (مەحوی) قەڵەندەرێکی کورد
میسالی پادشاهی فورسە، ساحێبی دیوان.(٢)

واتە دڵم کە پیر و مورشیدمە فەرمانی دامێ کەوا لە سەرەتای دیوانەکەمەوە شیعرێکی وا بنووسم بۆ شوێنەکە دەست بدا. منیش بەگوێم کرد و وتم... تاد.

کوردێکی قەڵەندەری هەژاری وەک مەحوی بەم دیوانە شیعرەیەوە وەک شاهەنشای خاوەن دیوەخانی ئێران وایە، چۆن خەڵک لە نان و خوانی شای ئێران دەیخۆن، ئەدیبانیش خۆراکی شیعر و ئەدەب لەم دیوانە شیعرە کوردییەی مەحوی وەردەگرن.

لێرەدا تێبینی دەکەین، مەحوی شیعری خۆی دەکاتە مایە و سەرچاوەی باوەڕ بەخۆبوون و خولقاندن و بەرهەمی جوان. بۆیە شاعیرانی تر پەنادەبەنە بەر بیر و ئەندێشەی مەحوی کە(دیوانە شیعرە)کەیەتی، تاکو کەڵک و سوودی لێ وەربگرن لە کاتی دەستکردنیان بەهۆنینەوەی هۆنراوەدا. هەروەها دەڵێت:

لە هەر شیعرێ لە دیوانت دەجۆشێ نەشئەیێ (مەحوی)
سەداییێکی لەیەکتر جوێ دەدا هەر تاری قانوونت.(٣)

واتە: شیعری مەحوی ئەوەندە، بەتام و خوێیە، نەک هەر پارچەیەکی، بەڵکو هەر

١) سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩٨.
٢) سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٤٩.
٣) سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٥.



PDF4Kurd

تاقە بەیتێکی تامێکی تایبەتی هەیە و لە خۆشیدا لە ئاوازی مۆسیقا دەچێ لە گوێدای کە هەر ژێیەکی دەنگێکی جیا لە دەنگی ژێکانی تری بدا.

لە دێڕێکی تردا جۆرە هەڵسەنگاندنێک دەخاتە ڕوو و شانازییەکی بەتین بەشیعرەکانیەوە دەکات و دەڵێت:

چاوی کەوێ کە بەم غەزەلەم دورشناسی شیعر
کێ بێ دەڵێ ئەمەندە گوهەر وەرگرێ لە هیچ.(١)

واتە: من لە تاو دەردی عیشق وەک هیچم لێ هاتووە، کەچی شیعری وا ورد و ناسک و جوانیش دەڵێم. دورناسی شیعر کە چاوی بەم شیعرانەم بکەوێ سەری سوڕدەمێنێ و دەڵێ: کێ بێ ئەمەندە گەوهەر لە هیچ وەربگرێ.

لە چەند دێڕێکی تردا بەهۆنراوەکانی ئەنازێ و بەم چەشنە باسیان دەکات:

نەزمێکی جان فزاو و سەفابەخشی دین و دڵ
نەزمێکی تەرزی حەیاتە ڕەوان و ڕوون
لەم ئاوە هەر بخۆنەوە تا خوشک لەب نەبن
ڕۆژێ بووە زوبانەکەشی (العطش) دەروون
لەم عەینی نەزمە هەڵدەقوڵێ سەلسەبیلی دین
وەک ئاگری حەسەد لە دەروونی حەسوودی دوون(٢)

واتە: ئەم شیعرانە وەک ئاوی حەیات وان، لێی بخۆنەوە تا لەو ڕۆژەدا کە دەروون لە تینوویەتیدا زوبان دەردەکێشێ و هاوار دەکا، لێوتان وشک نەبێتەوە.

جۆگای ئاوی سازگاری بەهەشت لەم شیعرانەوە هەڵدەقوڵێ وەک چۆن ئاگری کینە لە دڵی کینەکارانی نامەردەوە زوبانە دەکێشێ.

لە دێڕێکی تردا شانازییەکی قووڵ و فراوان دەخاتە پێش چاو دەڵێت:

ئەگەر بێ موعجیزاتی سەد یەکێکی بێنمە تەحریر
دەبێ هەر تاقە بەیتێکم بێتە سەد کوتوبخانە.(٣)

واتە: ئەگەر بموێ سەد یەکێکی موعجیزەکانی باس بکەم، دەبێ لە جیاتی هەر بەیتێکی ئێستام ئەوەندە بنووسم سەد کتێبخانە پڕ بکا.

بەم ڕەنگە مەحوی گەلێک لایەنی ڕەخنەی ئەدەبی لەناو هۆنراوەکانیدا ئاشکرای

١) سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٣.
٢)سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٠٢.
٣)سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٥١.

کردووە، هەروەکو باسمان لێوە کرد، ئەوەی شایانی باسە مەحوی زیاتر لە هەموو شاعیرەکان تیشک دەخاتە سەر لایەنی زمانی زکماکی و بەرهەمی کوردی و گرنگ و بایەخدانێکی بێ سنوور پیشان دەدات بەرامبەریان.

### ئەدەب (میسباح ددیوان)

ناوی عەبدوڵڵا بەگە کوڕی ئەحمەد بەگی کوڕی ڕۆستەمی کوڕی بابا عومەری کوڕی سەیفەددینی و لە بنەماڵەی بابامیرییە کە لە میران و بەگزادەکانی موکریانین.

عەبدوڵڵا بەگ لە هەرێمی موکریانی لە دێی (ئەرمەنی بلاغ) لە ساڵی (١٨٦٢)ی زدا هاتۆتە دنیاوە. لە تەمەنی هەشت ساڵیدا ئەچێتە لای مەلا فەیزوڵڵا ناوێک، بۆ فێربوونی قورئان و هەندێ کتێبی تر، لەپاشا دەست دەکات بەخوێندنی خەت نووسین و تۆمار، ئینجا لە تەمەنی (٢٠) ساڵیدا باوکی دەینێرێ بۆ تاران بۆ خوێندن. هەروەها هاتوچووی تەورێز و سابلاغی کردووە، لە ساڵی ١٩١٧ی زدا بەنەخۆشی لەرزۆکە کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی ئەرمەنی بلاغیدا دەنێژرێ.

هەر چەندە زۆربەی هۆنراوەکانی ئەڤینی و دڵدارین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تێبینی دەکەین لەچەند دێڕێکدا سەرنج و بیروڕای خۆی دەربڕیوە دەربارەی هەندێ لایەنی وردی ڕەخنەیی و هەڵوێستێکی ڕەخنەگری تێدا بەدی دەکەین و پایە و پلەی شاعیرەکە لە مەیدانی ئەدەبیات و ڕەوانبێژی کوردیدا دەردەخا. هەروەکو لەم نموونانە دەردەکەوێت:

ئەی ئەدەب هەر چەند شیعرت کوردییە ئەمما بەمن
شیعری تۆ سبکی کەلامی شێخی شیرازی هەیە.(١)

لێرەدا بەراووردی خۆی لەگەڵ شیرازیدا کردووە و ئەوەی پیشان داوە کە ڕێژەی دارشتنی هۆنراوەکانی هەندێ شیعرەکانی سەعدی بەهێزن.

لە دێڕێکی تردا بنەڕەتی سەرچاوەی هۆنراوەکانی دەستنیشان دەکات. ئەویش وەکو زۆربەی شاعیرانی کلاسیکی سەرچاوەکانیان بەکارێکی جادووگەری لە قەڵەم دەدات و لەم بوارەدا دەڵێت:

پێم دەڵێن سیحرە شەعاری جادووە شیعری (ئەدەب)
باخەبەرنین زکری سحری چاوی سەحاری دەکا.(٢)

لە دێڕێکی تردا هۆنراوەکانی لەڕووی شیرینیدا چوواندووە بەلێوی یار و، لە ڕێکوپێکیشدا بەبالاکەی، بۆیە دەڵێت:

١) دیوانی ئەدەب، عبدالله بەگی میسباح ددیوان، چاپی سێیەمین، چاپخانەی هەولێر، ١٩٦٦، ل١.
٢) سەرچاوەی پێشوو، ل ٩.



شیرینە ئەگەر گوفتەی من وەک لەبی قەندت
مەوزوونە وەکو شیعری (ئەدەب) قامەت و بالات.(١)

کەوا بوو لەم دێڕەدا چەند تێبینییەک بەدی دەکەین:

١- ئەدەب بەهۆی ئەم لێکچواندنەوە بایەخی داوە بەناوەرۆکی هۆنراوەکانی.

٢- پەنجەی درێژ کردووە بۆ دیوی دەرەوەی هۆنراوەکانی، ئەویش ڕوخسارەکەیەتی، ئەوە دەچەسپێنێ کە لە ڕووی وەزنداریییەوە بەشێوەیەکی ڕێکوپێک ئەنجام دەدرێ، بێ ئەوەی هیچ کەموکوڕی و لەکییەکی تێدا بەدی بکرێ.

واتە لێرەدا باسی بابەتی ڕەگەزەکانی هۆنراوە دەکات و بەیەکگرتنی هەردوو ڕەگەز (ناوەرۆک و ڕوخسار) هۆنراوەی پوخت و نایاب دێنێتە بەرهەمهێنان.

٣- لەدەریای ڕوون و ڕەوانبێژیدا، ئەدەب دەسەڵاتێکی زۆر بەرزوگرنگی هەبووە و شاسوارێکی سەرکەوتوو و بێ هاوتا بووە. بۆیە ئەم جۆرە لێچوواندنەی دەستنیشان کردووە. هەروەها لە چەند دێڕێکی تردا شانازی بەلێهاتوویی و ڕەوانی هۆنراوەکانی دەکات و دەڵێت:

ئەشعاری ئەدەب بو عرفا قووتی ڕەوانن
خاسە بەسەدای لالەعوزارێکی خۆش ئاواز.(٢)

تەماشا دەکەین ئەدەب هۆنراوەکانی بەخۆراکی خواناسەکان دەزانی، چونکە سەرچاوەکانیان لە ئەنجامی زایەڵەی بلبلێکی دەنگ خۆشەوە سازدراوە.

لە دێڕێکی تردا نرخ و بەهای هۆنراوەکانی پیشان دەدا و دەڵێت:

تاکو (ئەدەب) هاتە بیساتی سوخەن
ڕەونەقی بازاڕی سوخەنوەر شکا.(٣)

لەم دێڕەدا ئەوپەڕی شانازیکردن بەخۆی و هۆنراوەکانی پیشان دەدات.

ئەوە دیار دەکات کە لەسەردەمەکەیدا کۆڕی ئەدەبیانی دەبەست، شاعیرە بەشدارەکان دەکەوتنە شەڕە شیعر و ململانێکردن لەگەڵ یەکتری. بەڵام کاتێ خۆی ئامادە دەبوو شاعیرانی تر نەیانتوانیوە هاوشانێی لەگەڵدا بکەن لەبەر سستی و لاوازی بەرهەمەکانیان، بۆیە بازاڕەکانیان بەشکاوی و بێ نرخی ناودەبات.

لە چەند دێڕێکی تردا لەگەڵ دیارکردنی ئاستی هونەر و بەرهەمی ئەدەبی لە سەردەمەکەیدا، ئەوە دەسەڵمێنێ کە هەمیشە هۆنراوەکانی نرخی تایبەتییان هەیە و

١) سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٧.
٢) سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٠.
٣) سەرچاوەی پێشوو، ل ١١.



PDF4Kurd

خەڵک لێیان ناسڵەمێنەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە کڕیار و ڕەواجی زۆر هەیە و دەڵێت:

مەوددەعی فەخری بەگەنج و گەوهەرە من گەنجی تەبع
پیاوی زانا تێ دەگا کێ گەنجی زەحاوی هەیە
دەفتەری فەزل و هونەر باوی نەما لەم عەهدەدا
فازل ئەو نادانەیە ئەمڕۆ دوو دیناری هەیە
با نەکا قیمەت (ئەدەب) لەم عەسرەدا با لای هونەر
هەرچێ لونی بێت مەتاعی تۆ خەریداری هەیە.(١)

لە دوو دێڕی تردا (ئەدەب) بنەڕەتی تاقیکردنەوە و مەعانات لە نووسینەوەی هەڵبەستدا دەستنیشان دەکات و دەڵێت:

شیعری من سوودی چییە بۆ ئەو کەسەی زەوقی نەبێ
نەغمەیی بولبول چ تەفریحێکە بۆ مەغزی عەقاب
سەد هەزار ئەفسوس بۆ ئەهلی بلادی مە ئەدەب
قەد نەبوو فەرقی بکەن کێ زەرکەرە و کێ کەوڕەباب.(٢)

لێرەدا ڕوو دەکاتە ئەو کەسەی کە چەشە و چێژی شیعری نییە، ناتوانێ سوود لە شیعرەکەی وەربگرێ و بۆی دەست نادا، هەر وەکو چۆن خوێندنی بلبل سوودی نییە بۆ مێشکی قەلەڕەشکە. لەگەڵ ئەوەشدا دەڵێ هەزار موخابن بۆ خەڵکی وڵاتی ئێمە کە جیاوازی لە نێوان بەرهەمی چاک و خراپ ناکەن.

هەروەها ئەدەب لە تاقە دێڕێکی تردا ڕاستەوخۆ بنەڕەتی دزین و لاسایی نەکردنەوە لە وێژەدا بەرپا دەکات و دەڵێت:

با مەوددەعی لە نەزمی (ئەدەب) دا نیشان بدات
کامی وەدیعەیە لە کەس و، کامی موستەعار!.(٣)

لێرەدا قسە ئاراستەی موددەعی دەکات و با بێ بزانێ شیعرەکانی ئەدەب، کامەی ئەمانەتی خەڵکە و دزبوێتی، کامەشی واتای لە شیعری تر وەرگیراوە؟

واتا: لێرەدا ئەدەب لە موددەعی بێ منەتە و شانازی بەشیعرەکانی دەکات کە هەموو زادەی بیری خۆیەتی و ڕەسەنایەتی پێوە دیارە و لە ئاکامی تاقیکردنەوە و سروشتەکەی هەڵقوڵاوە و دوورن لە لاساییکردنەوە و چاولێکردن.

١) سەرچاوەی پێشوو، ٣٨.
٢) سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠.
٣) محەمەد عەلی قەرەداغی (هەواری ئەمجارەمان بەرینە بەر ئەدەب)، کۆڤاری نووسەری کورد، ژ (١)، ئەیاریساڵی ١٩٧٩، ل ٥٩.



# ئەنجام

دوای ئەم هەموو گەڕان و سووڕانە لە گوڵزارە نایابەکانی مێژووی ڕەخنەی کوردیدا، ئومێدەوارین مەبەستمان پێکابێ لە گەڕان بەشوێن بیری ڕەخنەیی لەلای میللەتی کورد. بێ گومان لەم بوارەدا هەوڵێکی زۆرمان داوە و لە هەموو ڕوویەکەوە لە ڕەخنەمان کۆڵیوەتەوە، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە قەڵەمەکەمان خۆی بەهەموو کون و قوژبنێکدا کردبێ و هەرچی هەبێ لە دونیای فراوانی ڕەخنەدا خستبێتیەسەر کاغەز.

لە هیچ قۆناغێکی لێکۆڵینەوەکەماندا هەستمان بەدڵتەنگی و کۆت و زنجیرەی گەڕان بەشوێن زانیاریدا نەکردووە و، نائومێدیش نەیتوانیوە تارمایی ناڵەباری خۆی بەسەرماندا بکێشێ و، بیروباوەڕە نەگونجاوەکانیش ڕێگای ئەم کارەیان قونجرکە ڕێژ نەکردووە، چونکە ئێمە خۆمان کردە پێشڕەوی ئەم هەوڵە و لە ناخەوە ئەڤینداری بووین و تروسکاییەکانی تەمومژی لێکۆڵینەوەکەیان ڕەواندەوە.

ئێمەش لەم باوەڕەداین کە ئەم کارە ڕێگای زۆر لێکۆڵینەوە بۆ پسپۆڕانی هونەرەکانی ڕەخنەی ئەدەبی جۆراوجۆر دەکاتەوە. چونکە هەر بەشێک لەم کارە شایانی ئەوەی هەیە ببێتە لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆی بەپێز.

شاعیرەکانمان ئەسپی خۆیان لە هەموو مەیدانێکەوە تاوداوە و سەرکەوتوو و لێهاتوو بوونە، چونکە تەماشا دەکەین لە یەک قەسیدەدا یاخود لە پارچەیەکدا چەند مەبەستێکیان کۆکردۆتەوە وەک شانازی و قارەمانی و دڵداری و ئەڤینی و وەسف و، لەگەڵ دیارکردنی چەند بۆچوونێکی ڕەخنەیی. هەروەکو بەدرێژایی ئەو گەشتەمان لەگەڵ هۆنراوەی (١٠) شاعیری شاسواری کوردا کە نزیکەی چوار سەدەی خایاندووە ئاشکرا بووە کە ئەم ئەنجامانە ڕەچاو بکەین و لە کۆڕی ڕەخنەی کوردیدا بیان چەسپێنین.

لە هۆنراوەی کلاسیکی کوردیدا گەلێک دێڕ بەرچاو دەکەون کە بۆن و دەم دانێکی ڕەخنەیی پێوە دیارە.

هەروەکو بەبەڵگەی پتەو ئەوەمان داین کرد بەهۆی دەستنیشانکردنی ئەو چەشنە نموونانە کە ئاوێنەیەکن بۆ ڕەنگدانەوەی چەشە و چێژی هونەری و پێوانەی دەستنیشانکردنی پلەی شاعیر و چۆنیەتی وەدەستهێنانی ڕەوانبێژیی پەسند کراوە و دەیان مەسەلەی هۆنراوەیی لەم بابەتە.

ئینجا گرنگترین بنەڕەتی ڕەخنەیی لەبەر تیشکی ئەو دێڕە هۆنراوانەدا کە لەنامەکەدا بەکارمان هێناوە. سیانزدە بنەڕەتن کە ئەمانەن:

١- بنەڕەتی دەستنیشانکردنی سەرچاوەی هۆنراوە.



PDF4Kurd

٢- بنەڕەتی مەبەست لە هۆنینەوەی هۆنراوەدا.
٣- = ڕەگەزەکانی هۆنراوە.
٤- = سەلیقە و سەنعەتکاری لە ئەدەبدا.
٥- = تاقیکردنەوە و معانات لە نووسینەوەی هۆنراوەدا.
٦- = لایەنەکانی هۆنراوە.
٧- = هۆنینەوەی هۆنراوە بەزمانی بێگانە و بەزمانی کوردی.
٨- = بەراوردکاری لە ئەدەبدا.
٩- = داهێنان و خوڵقاندن و لاسایی نەکردنەوە.
١٠- = دەستنیشانکردنی ڕەوانبێژی تایبەتی بەزمانی کوردی.
١١- = دزین لە وێژە (ئەدەب) دا.
١٢- = ڕەخنەی ڕەسەن و ڕەخنەی نابەجێ.
١٣- = نەمری هۆنراوە و شاعیر.

ئەم بنەڕەتانە کە لە هۆنراوەی کوردیدا هێمایان بۆ کراوە لەلایەن شاعیرە کلاسیکییەکانماندا، واتە مەلای جزیری و ئەحمەدی خانی و نالی و سالم و کوردی و مەولەوی و حاجی قادری کۆیی و مەحوی و شێخ ڕەزا و ئەدەب (میسباح ددیوان)دا، وەنەبێت هەموویان ئەم بنەڕەتییانەیان بەکارهێنابێ، بەڵکو هەر یەکێکیان چەند بنەڕەتێکیان سازداوە. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی توانیمان ئەم ڕەگەزانە بدۆزینەوە و لەم نامەیەدا بیان چەسپێنین.

بێ گومان ئەم کارەمان بۆ دەستنیشانکردنی سەرەتاکانی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی بەهەنگاوێک دائەنێین. هەرچەندە سادە و ساکاریی پێوە دیارە و زیاتر لایەنی فیکری پیشان دەدا. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نابێت بەهیچ کلۆجێک فەرامۆش بکرێ و پشتگوێ بخرێ. چونکە ئەم بنەڕەتییانە نیشانێکی پتەو دەدەن بەدەستەوە بۆ چەسپاندنی ئەو بیرەی کە هۆنراوەی کلاسیکیمان ڕێچکەیەکی ڕاست و ڕاستەقینەی گرتۆتە بەر. چونکە لە ڕاستیدا پرسیارێک هەمیشە دێتە کایەوە. ئایا ئەم ئەدەبە کلاسیکییەمان چۆن پێگەیشتووە؟ ئایا بەرهەمەکەی هاتۆتە کایەوە؟ یاخود لە هەموو ڕوویەکەوە ئەگەر تەماشا بکرێ کەموکوڕی ئەوتۆی تێدا بەدی ناکرێ کە شایانی باس بێت!. ئینجا لێرەدا دەبێ ئەوە بزانین کە لە ئەنجامی شارەزابوونی شاعیرەکانمان لە هەموو دیاردە و گۆڕینێکی ئەدەبی کە ڕووی داوە لە ئەدەبیاتی دراوسێدا، ئەدەبەکە هاتۆتە کایەوە. لەبەرئەوە ئەوانیش بیروڕای خۆیان دەربڕیوە بەرامبەر بەرهەمی خۆیان و شاعیرانی لەمەوبەریان و توانیویانە ئەو بنەڕەتییانە بسەلمێنەوە.



# سەرچاوەکان

## سەرچاوەی کوردی


١- علاءالدین سجادی، نرخ شناسی، بەغدا، ١٩٧٠.
٢- محەمەدی خال، فەرهەنگی خال، جزمی دووەم، سلێمانی، ١٩٦٤.
٣- فاضل نظام‌الدین، ئەستێرە گەشە، فەرهەنگێکی کوردی- عەرەبییە، بەغدا، ١٩٧٦.
٤- د. کامل حسن البصیر، ڕەخنەسازی مێژوو و پەیڕەوی کردن، بەغداد، ١٩٨٣.
٥- اسماعیل رسول، چەند باسێک دەربارەی ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی، بەغدا، ١٩٨١.
٦- علاءالدین سجادی، دەقەکانی ئەدەبی کوردی، بەغدا، ١٩٧٨.
٧- علاءالدین سجادی، ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی، بەغدا، ١٩٦٨.
٨- حسین علی شانوف، شیعری شاعیری کوردی هاوچەرخ عبدالله گۆران، وەرگێڕانی شکور مصطفی، بەغداد، ١٩٧٥.
٩- عەزیز گەردی، ئەدەب و ڕەخنە، چاپی یەکەم، بەغدا، ١٩٧٤.
١٠- دیوانی عارفی ڕەبانی شێخ ئەحمدی جزیری، هەژار شەرحی لێ کردووە، تهران، ١٩٦١.
١١- دیوانا کرمانجی، عبدالرقیب یوسف، چاپی یەکەم، نەجەف، ١٩٧١.
١٢- مەعروف خەزنەدار، کێش و قافیە لە شیعری کوردیدا، بەغدا، ١٩٦٢.
١٣- احمد خانی، مم و زین، تیکستا کریتیک و ترجما و پیشخبر م. ب. ڕۆدێنکو، مسکوا، ١٩٦٢.
١٤- دیوانی نالی و فەرهەنگی نالی، لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوەی. د. مارف خەزنەدار، بەغدا، ١٩٧٧.
١٥- دیوانی نالی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم و محەمەدی مەلا کەریم، بەغدا، ١٩٧٦.
١٦- دیداری شیعری کلاسیکی کوردی، وتاری د. کامل بصیر (هۆنراوەی کوردی و زاراوەی کلاسیزم لە ڕەخنەسازی ئەورووپیدا) ئامادەکردنی حەمە سەعید حەمە کەریم، بەغداد، ١٩٨٦.
١٧- د. مارف خەزنەدار، نالی لە دەفتەری نەمریدا، بەغدا، ١٩٨١.
١٨- محەمەی مەلا کەریم، نالی لە کلاوڕۆژنەی شیعرەکانیەوە، بەغدا، ١٩٧٩.
١٩- ئەمین فەیزی بەگ، ئەنجوومەنی ئەدیبان، بەغداد، ١٩٨٣.
٢٠- ڕەفیق حلمی، شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، چاپی دووەم، هەولێر، ١٩٨٨.
٢١- دیوانی سالم، چاپی دووەم، هەولێر ١٩٧٢.
٢٢- دیوانی کوردی، چاپی سێیەمین، هەولێر، ١٩٧٣.
٢٣- علاءالدین سجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپی دووەم، بەغدا، ١٩٧١.
٢٤- دیوانی مەولەوی، گۆڕینی پیرەمێرد، چاپی دووەم، بەغدا.
٢٥- دیوانی مەولەوی کوردی، کۆکردنەوە و، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە و لەسەر نووسینی، مەلا




PDF4Kurd

عبدالكريمی مدرس، بەغدا، ١٩٦١.
٢٦- دیوانی حاجی قادری كۆیی، لێكۆڵینەوەی سەردار حەمید میران و كەریم شارەزا، بەغدا، ١٩٨٦.
٢٧- دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، عەلی تاڵەبانی، بەغدا، ١٩٤٦.
٢٨- دیوانی مەحوی، (مەلا محەمەدی كوڕی مەلا عوثمانی باڵخی) لێكدانەوە و لێكۆڵینەوەی مەلا عبدالكريمی مدرس و محەمەدی مەلا كەریم، چاپی دووەم، بەغدا، ١٩٨٤.
٢٩- دیوانی ئەدەب، عبدالله بەگی میسباح الدیوان، چاپی سێیەمین، هەولێر، ١٩٦٦.



## گۆڤارەكان

١- سەرفراز علی نقشبندی، ڕەخنا دەڤلو، كۆڤاری بەیان، ژ (١٤٩)، بەغدا، ١٩٨٨.
٢- د. كامل بصیر، لاساییكردنەوە و ڕەسەنی لە ڕەخنەسازیی كوردیدا، گۆڤاری كۆڕی زانیاری عێراق (دەستەی كورد) بەرگی هەشتەم، بەغدا، ١٩٨١.
٣- د. ئەمین موتابچی، شاعیرانی كورد و ئەدەبیاتی فارس، گۆڤاری كۆلێجی ئەدەبیات، ژ(١٦)، بەغدا، ١٩٧٣.
٤- دوكتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، خانی و ڕەخنەی ئەدەبی كوردی، نووسەری كورد، ژ(٥)، بەغدا، ١٩٧٢.
٥- د. كامل بصیر، بنەڕەتییەكانی ڕەخنەسازی و هۆنراوەی دێرینی كوردی، گۆڤاری كۆڕی زانیاری عیراق (دەستەی كورد) بەرگی حەوتەم، بەغدا، ١٩٨٠.
٦- محەمەدی مەلا كەریم، پیرەمێرد نالی هەڵدەسەنگێنێ، گۆڤاری بەیان، ژ(٣٥)، نیسان ساڵی ١٩٧٦.
٧- محەمەد عەلی قەرەداغی (هەواری ئەمجارەمان بەرینە بەر ئەدەب)، گۆڤاری نووسەری كورد، ژ(١)، ئەیاری ساڵی ١٩٧٩.



PDF4Kurd

## أسماء المصادر العربية

١- د. سهير القلماوي، محاضرات في النقد الادبي، القاهرة، ١٩٥٩.
٢- الدكتورة هند حسين طه، النظرية النقدية عند العرب، عمان، ١٩٨١.
٣- تزفيتان تودوروف، نقد النقد، ترجمة د. سامي سويدان، مراجعة د. دليليان سويدان، بغداد، ١٩٨٦.
٤- الدكتور علي جواد الطاهر، مقدمة في النقد الادبي، الطبعة الثانية، بغداد، ١٩٨٣.
٥- د. شوقي ضيف، النقد، الطبعة الثانية، القاهرة، ١٩٥٤.
٦- د. محمد مندور، الادب وفنونه، الطبعة الثانية، القاهرة، ١٩٧٤.
٧- حنا الفاخوري، تاريخ الادب العربي، بيروت، ١٩٦٠.
٨- د. محمد مندور، الادب والنقد القاهرة، ١٩٤٨.
٩- د. محمد النويهي، النقد الادبي الحديث.
١٠- كارلوني وفيلوو، النقد الادبي، ترجمة كيتي سالم، بيروت، ١٩٧٤.
١١- د. عبد الجبار المطلبي، الشعراء نقاداً، دراسات في الادب الاسلامي والاموي، بغداد ١٩٨٦.
١٢- د. عبدالجبار المطلبي، مواقف في الادب والنقد، بغداد، ١٩٨٠.
١٣- د. احمد بدوى، أسس النقد الادبي عند العرب، الطبعة الاولى، القاهرة، ١٩٥٨.
١٤- امين سلامة، ترجمة كوميديات، اريستوفانيس، المجلد الاول، وزارة الثقافة والفنون، بغداد، ١٩٧٨.
١٥- د. احمد امين، النقد الادبي، الطبعة الرابعة، بيروت، ١٩٦٧.
١٦- ديوان بن مقبل، تحقيق د. عزة حسن، دمشق، ١٩٦٢.
١٧- ديوان كعب بن زهير، شرح السكري، ابو سعيد الحسن بن الحسين، القاهرة، ١٩٥٠.
١٨- ديوان النابغة الذبياني، مصطفى صادق الرافعي، بيروت، ١٩٦٠.
١٩- جمهرة اشعار العرب، لابي زيد محمد بن الخطاب القرشي، تحقيق علي محمد البجاوي، القاهرة، ١٩٢٦.
٢٠- د. احسان النص، حسان بن ثابت، مصر، ٩٧٤.
٢١-أسكوت جيمس، صناعة الادب وبعض مبادىء النقد في ضوء النظريات النقد القديمة والحديثة، ترجمة هاشم الهنداوى، مراجعة د. عزيز المطلبي، بغداد ١٩٨٦.
٢٢- د. احمد مطلوب، دراسات بلاغية ونقدية، بغداد، ١٩٨٠.
٢٣- الامام ابي منصور الثعالبي، الرسالة الاولى، الايجاز والاعجاز، بيروت، ١٣٠١هـ.
٢٤- احمد الهاشمي، جواهر البلاغة في المعاني والبيان والبديع، بيروت.
٢٥- البيان والتبين، للجاحظ، تحقيق وشرح عبدالسلام محمد هارون، الطبعة الخامسة، القاهرة، ١٩٨٥.



٢٦- رشيد فندي، مناقشات حول خاني، دراسة نقدية، بغداد، ١٩٨٦.
٢٧- القرآن الكريم، سورة الشعراء، الآية (٢٢).
٢٨- د. احمد كمال زكي، النقد الادبي الحديث اصوله واتجاهاته، القاهرة، ١٩٧٢.
٢٩- محمد عبد الرؤوف المناوي، فيض القدير، مصر ١٩٣٨.
٣٠- ارسطو طاليس، فن الشعر، ترجمه عن اليونانية وشرحه وحقق نصوصه د. عبدالرحمن بدوي، الطبعة الثانية، بيروت، ١٩٧٣.
٣١- القرآن الكريم، سورة البقرة.

## سەرچاوەی ئینگلیزی

(1) Ed. Doniach, w. s. The concise oxford English- Arabic Dictionry oxford universtiy press, 1982.
(2) Ed. Hornby, A. s. oxford Advanced learner s Dic- tionary of current English, oxford universtiy pr-ess, 1974.
(3) coles Editorial Boord, Dictionary of litrary, perms.
(4) Ed. The National lexicographic Boord, Albert, H. more head, The new American Rogets, college, The esaurus, U. S A. January,



PDF4Kurd

## چاپکراوەکانی دەزگای ئاراس لە ساڵی ٢٠٠٣

١٧٧:١ – بیرەوەرییەکانی سەعید ناکام
١٧٨:٢ – البارزاني. مسرحية للأطفال. تأليف: أحمد إسماعيل إسماعيل
١٧٩:٣ – بارزانی. شانۆگەری بۆ منداڵان. نووسینی: ئەحمەد ئیسماعیل ئیسماعیل. وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: مەهدی خۆشناو.
١٨٠:٤ – کابینەی چوارەم: تەمەنێکی کەم و بەرهەمێکی زۆر. چالاکییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٢دا.
١٨١:٥ – من مهاباد الى اراس. ترجمه من الفارسية الى الكردية: شوكت شيخ يزدين. نقله الى العربية: شاخوان كركوكي.
١٨٢:٦ – تەمی سەر خەرەند. ڕۆمان. شێرزاد حەسەن.
١٨٣:٧ – بارگەی یاران. سەرجەمی شیعری هێمن.
١٨٤:٨ – هەواری خاڵی. سەرجەمی نووسینی هێمن.
١٨٥:٩ – زیندەخەو – ڕۆمان. نووسینی: فەتاح ئەمیری.
١٨٦:١٠ – پیاوێکی شەپقە ڕەشی پاڵتۆ ڕەشی پێڵاو شین. ڕۆمان: د. فەرهاد پیربال.
١٨٧:١١ – هەیئە. ڕۆمانی: سەلام عەبدوڵڵا.
١٨٨:١٢ – ئاڤێستا – لەمێژینەترین سروودی کورد. کۆکردنەوە و وەرگێڕان و لێکۆڵینەوە: جەلیل عەباسی – ج. قەقنەس.
١٨٩:١٣ – خەنجەرە زێڕینەکەی عومەر قادر. نووسینی: جۆن هنری میولر. وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: ناصح ئیبراهیم عەبدوڕەحمان دزەیی. بژارکردن و داڕشتنەوەی: غەریب پشدەری.
١٩٠:١٤ – الجَيْش الأيوُبي في عَهْد صَلاح الدّين (تركيبه. تنظيمه. أسلحَته. بحريَّته. وَ أبَرز المعارك التي خَاضهَا). تأليف: الأستاذ الدكتور مُحسنِ محَّمد حُسَين.
١٩١:١٥ – کورد و کوردستان– لێکۆڵینەوەیەکە سەبارەت بەباری ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و جوگرافی کوردستان، ساڵی ١٩٢٣ لە فەلەستین بەئینگلیزی چاپ کراوە. نووسینی: کۆمەڵێک لە پسپۆڕان و ئەفسەرانی سیاسیی ئینگلیز. وەرگێڕانی: حسێن عوسمان نێرگسەجاڕی و حسێن ئەحمەد جاف.
١٩٢:١٦ – ئەنفال و ئافرەتی کورد. دانانی: عەدالەت عومەر ساڵح.



١٩٣:١٧ – کوردستان نیشتمانی یەکەمینی سۆمەرییەکانە. نووسینی: هاوڕێ باخەوان.
١٩٤:١٨ – الإنتفاضات البارزانية. تأليف: كاوس قفطان.
١٩٥:١٩ – گۆرانیبێژە نەمرەکان – بەشی دووەم. دانانی: باکوری.
١٩٦:٢٠ – ظهور الكورد في التأريخ. ج ١ . د. جمال رشيد أحمد.
١٩٧:٢١ – ظهور الكورد في التأريخ. ج ٢ . د. جمال رشيد أحمد.
١٩٨:٢٢ – کۆچڕەو... کۆچڕەو. عەبدوڵڵا سەڕاج.
١٩٩:٢٣ – بەهاری ڕەش. ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل.
٢٠٠:٢٤ – بەفر یا ئەشکەوتی مراز. ڕەزا سەیید گوڵ بەرزنجی.
٢٠١:٢٥ – خاتوون T. ڕۆمان: میلان کوندێرا. وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە. د. ئەحمەدی مەلا.
٢٠٢:٢٦ – پەیام بۆ گریکستان. نیکۆس کازانتزاکیس. یادەوەری. وەرگێڕانی لە فارسییەوە: دلاوەر قەرەداغی.
٢٠٣:٢٧ – فرانسیسکۆس قەدیسی من. ڕۆمان. نیکۆس کازانتزاکیس. وەرگێڕانی لە سوێدییەوە: دلاوەر قەرەداغی.
٢٠٤:٢٨ – ناوی کتێب: ژیان و بەرهەمەکانی ئیسماعیل حەقی شاوەیس. کۆکردنەوە و پێشەکی: ئومێد ئاشنا
٢٠٥:٢٩ – پەیدابوونی ڕەخنەی ئەدەبی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا. عەبدوڵڵا یاسین ئامێدی.



PDF4Kurd